# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٣٨
چوارشەممە
٢٠١٠/٦/٣٠
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net




بەرهەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی دادەنێتو حیزب دەریدەکات

ل٣

# ٣٩ حیزب هەیەو ٢١ی تریش داوای مۆڵەت دەکەن

## مانگانە ٨٥ ملیۆن دۆلار بۆ حیزب خەرجدەکرێت

تایبەت بەدەستوور

٢١ حیزبی سیاسی نوێ لەهەرێمی کوردستاندا داوای مۆڵەتی یاساییان لەوەزارەتی ناوخۆ کردووە، بەپێی ئامارێکی ورديش کەدەست دەستوور کەوتووە، نزیکەی ٣٩ حیزبی سیاسی لەکوردستاندا هەیە، کەمانگانە ٨٥ ملیۆن دۆلاریان پێدەدرێت.

بەپێی ئەو ئامارە رەسمییەی کە لەوەزارەتی ناوخۆوە دەست دەستوور کەوتووە، تەنها لەدهۆکو هەولێر ٢٩ حیزبی سیاسی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە مۆڵەتیان وەرگرتووە، ٢١ حیزبی تریش داوایان بۆ پێدانی مۆڵەت پێشکەشکردووەو تائێستا وەڵامنەدراونەتەوە. هەروەها لەسنووری پارێزگای سلێمانیش بەپێی ئامارێکی نارەسمی زیاتر لە ١٠ حیزبی سیاسی مۆڵەتیان وەرگرتووە. لەکاتێکدا لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، تەنها ٩ حیزب توانیان نوێنەرەکانیان بگەیەننە پەرلەمان، جگە لەکورسی کەمینەکان، لەپەرلەمانی عێراقیش تەنها ٥ حیزب توانیان کورسی لەپەرلەمانی عێراق بەدەستبهێنن.

رەفیق سابیر ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت لەهەر وڵاتێکدا حوکمی دیموکراسی هەبوو، دروستبوونی حیزبو رێکخراوی سیاسی مافێکی سەرەتایی هەموو کۆمەڵە کەسێکە، وتی "بەڵام لەهەرێم دروستکردنی حیزب جۆرە کاسبییەکە کۆمەڵێک کەس فێری بوون".

پێشتر تەنها یەکێتیو پارتی مانگانە بڕی ٧٠,٠٠٠,٠٠٠ حەفتا ملیۆن دۆلاریان لەبودجەی حکومەت وەردەگرت، حیزبەکانی تریش نزیکەی ١٥,٠٠٠,٠٠٠ پازدە ملیۆن دۆلار، بەڵام دەوترێت ئێستا لەو بڕە کەمتر وەردەگرن، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکی ئاشکرا لەوبارەیەوە نەخراوەتەروو.

ئیسماعیل گەڵاڵی ئەندام پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی گۆڕان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند لەپرۆژە یاساکەیشدا کەئێستا لەبەردەم لیژنەکانی پەرلەمانە، بڕی (٩٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) نەوەد ملیار دینار بۆ هەموو حیزبو رێکخراوەکانی کوردستان دانراوە.

راپۆرتێک لەلاپەڕە (١٥) دەخوێنیتەوە

# حاکم قادرو مەلا بەختیار پۆستەکانیان لێوەردەگیرێتەوە

## دەستوور گۆڕانکارییەکانی یەکێتی لەپۆستە حیزبیو ئەمنییەکان بڵاودەکاتەوە

دەستوور

بڕیارە یەکێتیی نیشتمانی بەرپرسی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانو بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندنو بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی "سلێمانی" بگۆڕێت، بڕیاریشە مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان بکرێت بەسێ بەشەوەو مەکتەبی راگەیاندنیش ببێتە دووبەش.

سەرچاوەیەکی نزیک لەمەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت "مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان دەکرێت بەسێ بەشەوەو سێ ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەبنە بەرپرسی ئەو سێ بەشەو مەکتەبەکەش لەلایەن ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییەوە سەرپەرشتیدەکرێت، کەڕەنگە ئازاد جوندیانی بێت".

ئەو سەرچاوەیە ناوی هەریەکە لەبەشەکانو بەرپرسی بەشەکانی ئاشکراکردو وتی "شاڵاو کۆسرەت رەسوڵ دەبێت بە بەرپرسی بەشی خوێندکارانو لاوان، بێگەرد تاڵەبانی دەبێت بە بەرپرسی بەشی رێکخراوە ناحکومییەکانو نەرمین عوسمانیش دەکرێتە بەرپرسی بەشی کاروباری سەندیکاکان".

لەبارەی گۆڕانکارییەکانی مەکتەبی راگەیاندنەوە ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەدا "مەکتەبی راگەیاندن دەبێت بەدوو بەشەوە، بەشی بینراو و بیستراو، بەشی چاپەمەنییەکان، بەڵام هێشتا دیار نییە کێ دەکرێتە بەرپرسی ئەو دوو بەشە، بەڵام مەکتەبی راگەیاندن راستەوخۆ لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە سەرپەرشتیدەکرێت".

بەپێی ئەو زانیاریانەی کەدەست دەستوور کەوتوون، جەلال کەریم بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، دەبێت بە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی سلێمانی و قادر حەمەجان پۆستەکەی لێدەسەنرێتەوە.

# "سەرۆکایەتی هەرێم لەفەراغی یاساییدایە"

فەرمان رەشاد لەهەولێر

کەریم بەحری ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستانو ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، دەڵێت لەئێستادا سەرۆکایەتی هەرێم لەفەراغی یاساییدایە، رایگەیاند بەپێی یاسا دەبێت سەرۆکی هەرێم جێگری هەبێت بۆ راپەڕاندنی کارەکانی.

کەریم بەحری لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "بەگوێرەی یاساکە هەبوونی جێگری سەرۆکی هەرێم شتێکی ئیجبارییەو ئیختیاری نییە، لەحاڵی ئێستا ئەو پۆستە بەتاڵە فەراغێکی یاساییە، ئەمەو لەیاسای ژمارە یەکی سەرۆکایەتی هەرێمو ٦٢ی پرۆژەی دەستوور، هاتووە کەسەرۆکی هەرێم جێگرێک بۆخۆی هەڵبژێرێت، کەهاوکاری دەکات لەکارەکانیو جێگری هێزی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەیە".

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی یانزە مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمان تائێستا پۆستی جێگری سەرۆکایەتی هەرێم بەچۆڵی ماوەتەوە.

کەریم بەحری پێیوایە بەگوێرەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم جگە لەجێگر، هیچ کەسێکیتر دیارینەکراوە بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانیو بۆیە لەفەراغی ئامادەنەبوونی سەرۆکی هەرێم لەحاڵی ئێستا، هیچ کەسێک ناتوانێت لەڕووی یاساییەوە ئەرکەکان راپەڕێنێت، بەڵکو کارەکانی سەرۆکایەتی هەرێم دەوەستێ تاگەڕانەوەی سەرۆکی هەرێم.

لای خۆیەوە دکتۆر نوری تاڵەبانی پسپۆڕی یاسایی رایگەیاند کەهەبوونی جێگری سەرۆکی هەرێم شتێکی ئیجباری نییە، وتی بەگوێرەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دەتوانرێت ئەو پۆستە پڕنەکرێتەوە.

بەگوێرەی رێککەوتنی پارتیو یەکێتی ئەو پۆستە مافی یەکێتییەو لەخولی یەکەمی سەرۆکایەتی هەرێمیشدا کۆسرەت رەسوڵ، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی، ئەو پۆستەی وەرگرتبوو، بەڵام تائێستا مەسعود بارزانی ئەو پۆستەی نەداوەتەوە بەیەکێتی.

# مەترسی قۆرخکردنی ئابووری هەرێم لەلایەن تورکیاوە دەکرێت

دەستوور

لەکۆی ١٢٠٠ کۆمپانیاو بەڵێندەری بیانی لەهەرێمی کوردستاندا، ٦٠٠ کۆمپانیاو بەڵێندەری بەر پشکی تورکیا کەوتووەو شارەزایانی ئابووریو سیاسیش ئەوە بەمەترسی بۆ سەر قۆرخکردنی ئابووری هەرێم دەزانن.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەوەزارەتی بازرگانی، نزیکەی ١٢٠٠ کۆمپانیای بیانی لەهەرێمی کوردستاندا کاری وەبەرهێنان دەکەن، لەو رێژەیەشدا ٦٠٠ کۆمپانیاو بەڵێندەریان پشکی کۆمپانیا تورکییەکانن.

شارەزایانی سیاسیو ئابووریش ئەوە بەمەترسی بۆ سەر قۆرخکردنو دواتر ئاڕاستەکردنی سیاسی.

رۆژنامەی حورییەتی تورکی لەدوایین راپۆرتیدا کەڕۆژی ٢٦ی ئەم مانگە لەزاری لێپرسراوێکی ئابووری هەرێمەوە ئاشکرایکردووە، حکومەتی هەرێم دەرگای بەڕووی هەر کۆمپانیایەکی تورکیدا ئاواڵایە، کەنیازی هەبێت وەبەرهێنان لەهەرێمدا ئەنجامبدات.

ئەو بەرپرسەی هەرێم کەبەرۆژنامەی حوریەتی راگەیاندووە، کەسەردانەکانی ئەمدواییەی بۆ هەردوو وڵات سازدەکرێن، کاریگەریی زۆریان دەبێتو لەقۆناغی داهاتوودا وەبەرهێنانی زیاتریان بەدوادا دێت.

بابان قەرەداغی پسپۆڕی ئابووری پێیوایە ئەو کۆمپانیایانەی تورکیا، کوردستانیان تووشی نەزیفی ئابووری کردووەو وتی "هەموو مینحەی هەرێم کە لەبەغدادەوە دێت، هەرێم دەیخاتە چنگی تورکیاو ئێرانەوە".

ئەو پسپۆرە ئابوورییە وتی "چەند ساڵێکی دیکە تورکیا ئابووری کوردستان داگیردەکاتو دەتوانێت وەک کارتێکی فشار بەکاریبهێنێت ئەگەر هەرکاتێک هەرێم هەڵوێستێکی سیاسییانە بەرامبەر تورکیا بنوێنێت".

لەلایەکی دیکەوە کامەران موفتی بەڕێوەبەری گشتی لەدەزگای وەبەرهێنان بەئاژانسی رۆیتەرزی راگەیاندووە کەکۆمپانیا بیانییەکان لەماوەی نێوان مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٦ تا شوباتی ٢٠١٠ بایی بڕی (٣,١) ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لەهەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام ئەو ژمارەیە ئەو وەبەرهێنانانە ناگرێتەوە، کە لەسێکتەری نەوتدا ئەنجامدراون.

د. کەنعان حەمەغەریب مامۆستای کۆلێژی زانستەسیاسییەکان لەزانکۆی سلێمانی پێیوایە لەڕووی سیاسییەوە بەهۆی ئەوەی لەنێوان تورکیاو هەرێمدا کۆمەڵێک مەلەفاتی گرنگ هەیە، بۆیە مەترسی خۆی لەئاراستەکردنی سیاسەتو ئابووری هەرێم لەلایەن تورکیاوە نیشاندا.

راپۆرتێکی ورد لەلاپەڕە (٥) بخوێنەرەوە


فەرمانگەکانی گەرمیان گوێیان لەقەرزەکانی حکومەت خەواندووە ل٦

کوڕانو کچان حەزدەکەن پێکەوە سەیری مۆندیال بکەن ل١٢

رانانێک بۆ کتێبی سێوی سێهەم ل١٧

# مەلا بەختیار رۆژنامەی چاودێر تەسلیمی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان ناکات



فەرمان خێڵانی

بەپێی ئەو زانیاریانەی کەدەست دەستوور کەوتووە، پێشئەوەی پۆستی بەرپرسی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی تەسلیمبکاتەوە، مەلا بەختیار هەریەک لەبنکەی ئەدەبیو رووناکبیری گەلاوێژو گۆڤاری مەدەنیەتو رۆژنامەی چاودێر، دەکات بەدەزگایەکی سەربەخۆو ئامادەنییە تەسلیمی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی بکات.

سەرچاوەیەک لەرۆژنامەی چاودێرەوە بەدەستووری راگەیاند کەدەمێکە دەنگۆی ئەوە هەیە، کەمەلا بەختیار بەرپرسی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی، لەگەڵ تەسلیمکردنەوەی پۆستەکەی هەریەکە لەبنکەی ئەدەبیو رووناکبیری گەلاوێژو گۆڤاری مەدەنیەتو رۆژنامەی چاودێر بکات بەدەزگایەکی سەربەخۆ.

سەرچاوەکە وتی "بەڵام تائێستا بەفیعلی ئەوە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە".

لای خۆیەوە یاسین فەقێ سەعید بەرپرسی بنکەی ئەدەبیو رووناکبیریی گەلاوێژ لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "راستە قسەیەکی لەو شێوەیە هەیەو باسکراوە، بەڵام تائێستا هیچ شتێکی کۆنکرێتی لەسەر ئەو مەسەلەیە نییەو هێشتا نەبووە بەبڕیار".

پەیامنێری دەستوور پەیوەندیکرد بەمەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان، بەڵام ناوبراو ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک لەو بارەیەوە بدات.

# بەرهەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی دادەنێتو حیزب دەریدەکات



زریان جەوهەر

دوو مانگە رانییە سەرۆکی شارەوانی نییەو ئەو کەسەشی کە لەلایەن بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتەوە وەکو سەرۆکی شارەوانی دیاریکرا، لەلایەن حیزبەوە بەبڕیارێک لابرا.

بەپێی وتەی سەرچاوەیەک ئەحمەد عالی حیدەر کەچەند مانگێک لەمەوبەر لەلایەن بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتەوە کرا بەسەرۆکی شارەوانی رانییە، بەڵام بەبڕیارێکی حیزبی پۆستەکەی لێسەندراوەتەوەو نێردراوەتە ماڵەوە. بەو هۆیەشەوە ماوەی دوومانگە رانییە سەرۆکی شارەوانی نییە.

عەلی حەمدبەگ وسو قایمقامی قەزای رانیە لەلێدوانێکیدا بۆدەستوور رایگەیاند بەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان نەکراوە، هەرکەسێک کەدەکرێتە سەرۆکی شارەوانیو دەستبەکاردەبێت بەوەکالەت دەبێت، وتی "ئەو کەسەشی کەبەرهەم ساڵح وەکو سەرۆکی شارەوانی پێشنیاریکرد، قبوڵنەکراو نێردرایە ماڵەوە".

ئەحمەد عالی حیدەر لەبارەی لابردنی لەپۆستەکەی، بەدەستووری وت "من کاتی خۆی لەلایەن سەرۆکی حکومەت خودی کاک دکتۆر بەرهەم پێشنیارکرام بۆ سەرۆکی شارەوانی، دواتریش بەهۆی چەند کێشەیەکی حیزبی لەناوخۆی رانیە کەنامەوێت باسیبکەم، رێگەینەدا من دەستبەکاربم".

ئەحمەد وتیشی "دەستبەکاربوون لای من گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە من لەهەرکوێیەک بم سەربازی ئەو حیزبەمو خۆمان بەهی ئەو دەزانین".

# ئیدارەی پارێزگای کەرکوك بودجەی قەزای دوبزو ناحیەی سەرگەڕان کەمدەکاتەوە

زانیار داقوقی

ئیدارەی پارێزگای کەرکوک بودجەی هەریەکە لەقەزای دوبزو ناحیەی سەرگەڕان کەمدەکاتەوە. بەرپرسانی ئەو دوو شارۆچکەیەش دەڵێن ئەو بڕە پارەیە بەشی خزمەتگوزاری تەواو ناکات.

هادی حەمە مستەفا قایمقامی قەزای دوبز لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند بودجەی دوبز کەمکراوەتەوە بۆ ٣ ملیارو ٢٠٠ ملیۆن دینار بۆ ساڵی ٢٠١٠، وتی "ئەو بڕە پارەیە بەهیچ جۆرێک بەشی خزمەتگوزاری ناکات".

هادی حەمە رایگەیاند ٦٤ گوند سەر بەدوبزو ٤٢ گوند سەر بەسەرگەڕان پێویستیان بەپرۆژەی تەندروستی هەیە. هادی ئاماژەی بەوەشدا بودجەی ناوچەکەیان بەپێی ئاماری دانیشتووانی ساڵی ١٩٥٧ دیاریکراوە.

لای خۆیەوە ئەحمەد عەسکەری ئەندامی لیژنەی پرۆژەکان لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەدەستووری وت "بودجەی ئەمساڵی کەرکوک کە ١١٥ ملیار دینارە کەمەو بەشی زۆر لەپرۆژە خزمەتگوزارییەکان ناکات، بۆیە کەمیانکردووەتەوە".

عەسکەری پێشیوابوو ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی کێشەکانی بودجەی ساڵانە چارەسەردەکات.

# پەکەکە داوادەکات هەرێم ئیدانەی تورکیا بکات

کاروخ نامیق

سەرچاوەیەک لەپارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)وە داوادەکات سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ جارێکیش ئیدانەی تۆپبارانەکانی تورکیاو سنووربەزاندنەکانی بکات، دەڵێت تەنها پەکەکە هێرشی نەکردووە، بەڵکو تورکیاش هێرشی کردووە.

بەرپرسێکی باڵای پەکەکە لەلێدوانێکدا بەدەستووری راگەیاند لەیەکی حوزەیرانی ئەمساڵدا ئاگربەستمان لەگەڵ تورکیادا کۆتاییهات، لەکاتی ئاگربەستیشدا، تورکیا هێرشەکانی بەردەوامبوو، بۆیە ئەوانیش چالاکییەکانیان دەستپێکردووەتەوە، وتی "چالاکییەکانمان بەردەوامدەبێت تادەوڵەتی تورکیا مافەکانی گەلی کورد بەڕەسمی دەناسێنێت".

ئەو بەرپرسە کەنەیووست ناوی بڵاوبکرێتەوە، وتی "کاتێک دەوڵەتی تورکیا، هێرشیدەکردە سەر ئێمە، سەرۆکایەتیی هەرێم بێدەنگبوو و هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو، لەبەرئەوە دەبێت سەرۆکایەتیی هەرێم توندوتیژییەکانی تورکیاش ئیدانە بکات".

# کوردو عەرەب لەفیرقەی ١٢ دەبێتە شەڕیان

زانیار داقوقی

لەفەرماندەی فیرقەی ١٢ی کەرکوک، عەمیدێکی عەرەبو عەقیدێکی کورد، دەبێتە شەڕیانو شەڕە تەقە لەنێوانیاندا روودەدات، ئەمە دوای ئەوە دێت عەمیدە عەرەبەکە دەیەوێت تاکڕەوی بڕیاربداتو فەرمانەکان بۆ خۆی بقۆزێتەوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەسەرچاوەیەکی نێو فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقەوە دەست دەستوور کەوتووە، لەفەرماندی فیرقەی ١٢ی سوپای عێراق لەکەرکوک، عەمیدێکی عەرەب بەناوی عەمید روکن عەبدول ئەمیر فینجان فەرماندەی لیوای ١٥ەو جێگرەکەی کەعەقید سەفین عەبدل مەجیدەو کوردە، دەبێتە شەڕیانو عەمیدە عەرەبەکە تەقە لەعەقیدە کوردەکە دەکاتو بەو هۆیەشەوە ناکۆکی لەنێوانیان دروستدەبێت.

سەرچاوەکە وتی «ناکۆکی نێوانیان بەهۆی ئەوەوە بووە کەعەمیدە عەرەبەکە ویستوویەتی هەموو دەسەڵاتەکانی لیواکە بۆ خۆی بێتو جێگرەکەی کەکوردە فەرامۆشی بکات».

هەروەها وتی «ئەو عەمیدە عەرەبە هەموو بڕیارەکانی بەتاکڕەوی دەدات، بەبێ قسەی ئەو فەرمانی کەس قەبوڵ نییە، بەڵام لەلایەن عەقید سەفین فەرمانەکانی رەتدەکرێنەوەو لەئەنجامدا دەبیتە کێشەو ناکۆکی، لەئاکامدا پاسەوانەکانی هەردوولا دەستدەدەنە چەکو رووبەڕووی یەکتردەبنەوە».

# ئێران ١٥ کاسبکاری لەسەر سنوور کوشتووە



دەستوور

لەماوەی سێ مانگی رابردووا تەنها لەسەر سنوور، ئێران ٢١ کەسی کوشتووە، ١٥یان کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانن.

بەپێی ئاماری دەزگاکانی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران، حکومەتی ئێران لەماوەی تەنها سێ مانگی رابردوودا دەیان پێشێلکاریان لەناوچە سنوورییەکانی هەرێم لەدژی کاسبکارانو چالاکوانانی کوردی ئێران ئەنجامداوە، لەجۆری کوشتنو دەستگیرکردن، کە ١٥ کەس لەکوژراوەکان کاسبکاری ناوچە سنوورییەکان بوون.

بەپێی ئامارەکان لەسێ مانگی بەهاری ئەمساڵدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەکوردستان زیاتر لە ٢١ کەسیان کوشتووە کەزیاتر لە ١٥ کەسیان کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون.

هەر لەئاکامی دەسڕێژی هێزەکانی سوپای ئێران بۆ سەر کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان ٩ کەس برینداربوون، لەگەڵ کوژرانی زیاتر لە ٧٠ سەر وڵاغی کاسبکارانو زیاتر لە ٥٠٠ باری کاسبکارانیش کەزۆربەیان لەئێڵ سی دیو باری جگەرە پێکهاتوون.

لەلایەکی ترەوە، دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی لەکوردستان لەماوەی ئەو سێ مانگەدا نزیکەی ٩٠ کەسیان بەتۆمەتی چالاکیی سیاسیو هاوکاریکردنی حیزبە کوردستانییەکان دەستگیرکردووەو رەوانەی زیندانەکان کراون.

# شارەوانی زەوی بۆ دروستکردنی هەفتەبازاڕ تەرخان ناکات

محەمەد نەجیب

قایمقامی سلێمانی دەڵێت ماوەی مانگێکە داوای دابینکردنی زەویمان لەشارەوانیی سلێمانی کردووە بۆ دروستکردنی هەفتەبازاڕ، بەڵام تائێستا شارەوانی وەڵامی ئەو داواکارییەی نەداوەتەوە.

زانا محەمەد قایمقامی سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، وتی "ماوەی مانگێکە بەنووسراوی رەسمی داوای زەویمان کردووە لەشارەوانی بۆ دروستکردنی هەفتەبازاڕ، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە، هەروەها وەزارەتی بازرگانیش بەپێی پێویست هاوکاری نەکردووین".

ئاماژەی بەوەشدا "ئەگەر شارەوانیو وەزارەتی بازرگانی هاوکاریمانبکەن، ئەوا ئەوەی لەسەر ئێمەیە جێبەجێیدەکەین، کەبریتییە لەڕێکخستنی ئەو هەفتەبازاڕانەو هەروەها لەگەڵ دابینکردنی بودجەی پێویست بۆیان".

لای خۆیەوە عومەر مەحوی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانیی سلێمانی وتی "لەوانەیە کار بۆ دروستکردنی ئەو هەفتەبازاڕانە کرابێت"، ناوبراو ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێکی دیکە بدات.

هەروەها دەستوور پەیوەندیکرد بەسەرۆکی شارەوانیی سلێمانییەوە، بەڵام بەردەستنەبوو.

# بەرەی تورکمانی دەستبەسەر کۆلێژێکدا دەگرن

## تەواوی ئەو گۆڕانکاریانەی لەدوو ساڵی رابردوودا لەکۆلێژی زمان کراون لەبەرژەوەندی بەرەی تورکمانیدان

ئاریز ئازاد

لەکۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا ئەو مامۆستایانەی لەبەرەی تورکمانییەوە نزیکن، پۆستیان پێدراوەو چەندین مامۆستاو سەرۆکی بەشیش لەپۆستەکانیان دوورخراونەتەوە.

دەستوور لەسەرچاوەیەکی ئاگادارەوە زانیاری ئەوەی دەستکەوتووە، کە د. نەوزاد حەسەن بەرەگەز تورکمانو راگری کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، لەماوەی دەستبەکاربوونیدا چەندین مامۆستاو سەرۆک بەشو فەرمانبەری کۆلێژەکەی گۆڕیوەو لەجێگەیدا ئەو مامۆستایانەی داناوە کەتورکمانن‌و لەبەرەی تورکمانییەوە نزیکن.

سەرچاوەکە وتی «لەساڵی ٢٠٠٧، د. عەلی جوکل کەئەوکات راگری کۆلێژی زمان بوو، لەپۆستەکەی لابراو لەشوێنەکەی د. نەوزاد حەسەن بەبڕیارێکی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین‌و لەژێر راسپاردەی پشتیوان سادق بەرپرسی لقی دووی پارتی دانرا».

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەدا کە لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا، لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی زانستی زانکۆ ئەوەیان پێڕاگەیاندبوو کەهیچ گۆڕانکارییەک نەکات لەبەشەکان‌و راگرایەتی کۆلێژدا، بەڵام لەناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٨دا راگری کۆلێژ گۆڕانکارییەکانی دەستپێکردووە.

ئەو سەرچاوەیە کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت راگری کۆلێژ بەهاوکاری د. حازم کەماوەی ٧ ساڵ لەزانکۆی ویلکەند لەشاری ئەنقەرەی تورکیا لەسەر حیسابی بەرەی تورکمانی خوێندوویەتی، لەدوای گەڕانەوەی لەسەفەری تورکیا کە لەکاتی سەردانەکەی چاوی بەئیحسان دۆغرەمەچی کەوتبوو، کەبازرگانێکی دیاری تورکمانەو پاڵپشتی زۆری مادی‌و مەعنەوی بەرەی تورکمانی دەکات. ئێستا لەئەنقەرە دادەنیشێت‌و ماوەیەک لەهەولێر بووە.

بەپێی هەندێک سەرچاوە لەکاتی دانیشتنی د. نەوزاد لەگەڵ دۆغرەمەچی گەیشتووەتە رێککەوتنێک بۆ گۆڕینی سەرۆکی بەشەکان‌و جێگرەکانی خۆی، لەجێگەی ئەوانیش ئەو مامۆستایانە دابنێت کەوا سەر بەبەرەی تورکمانین یان نزیکن لەحیزبە تورکمانییەکان.

ئەو سەرچاوەیە باسی گۆڕانکارییەکانی کردو وتی «سەرەتا جێگرەکەی خۆی کەپێشتر د. دڵخۆش بوو لایداو لەشوێنی ئەو تورکمانێکی دانا بەناوی د. شادان، لەکۆلێژی ئێوارانیش بەهەمانشێوە د. عەبدولواحیدی لاداو د. وریای لەجێگای دانا کەئەویش هەر تورکمانە، هەروەها سکرتێرەکانی خۆی گۆڕین‌و تورکمانەکانی لەشوێنی ئەوان دانا».

ئەو راگرە بەپێی زانیارییەکانی دەستوور بەردەوامبووە لەو گۆڕانکاریانەو لەبەشی عەرەبی د. گولیزار بەسەرۆکی بەش دانرا، کە بنەماڵەکەیان نزیکن لەلێپرسراوانی سەر بەبەرەی تورکمانی، پاشان د. ئیبراهیم عەزیز کەسەرۆکی بەشی کوردییە مەرجی ئەوەی لەسەردانا کەبیکات بەسەرۆکی بەشەکە، کەدەبێت دیوارو هۆڵەکانی بەشی کوردی بەرەنگی شین بۆیە بکات، کەوا رەنگی ئاڵای بەرەی تورکمانیە.

سەرچاوەکە ئەوەشی وت «بۆ سەرۆکی بەشی تورکی د. حازمی هەڵبژارد، کەوا یەکێکە لەوانەی ئەڵقەی پەیوەندی راگری کۆلێژە لەگەڵ بەرپرسانی تورکمانی. هەر ئەویش سەفەرێکی بۆ کۆمەڵێک لەو قوتابیانە رێکخست بۆ تورکیا، بەڵام راگری کۆلێژ ئامادەنەبوو لەگەڵ ئەو وەفدەی خوێندکاران هیچ مامۆستایەکی کورد بنێرێت، یەک مامۆستا نەبێت».

د. نەوزاد حەسەن راگری کۆلێژی زمان لەزانکۆی سەلاحەدین لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور بەتوڕەییەوە ئەو هەواڵانەی رەتکردەوە، کە لەپێناو حیزبە تورکمانەکاندا ئەو کارەی کردبێت. وتی «ئەو هەواڵانە درۆو هەڵبەستراون‌و هیچ مومکین نییە من ئەو کارانەم بۆ ئەوەکردبێت کەدڵی بەرەی تورکمانی پێخۆشبکەم».

هەروەها وتی «من لەپێناو باشترکردنی رەوتی خوێندن لەبەشەکەماندا ئەو گۆڕانکاریانەمان کردووە».



# بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان خۆی لەتابلۆی بەڕێوەبەرایەتییەکەی دەشارێتەوە

معاز فەرحان

تابلۆی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بازیان ٢٠٠ هەزار دیناری تێدەچێت‌و بەڕێوەبەری ناحیەکەش لەبەر ٢٠٠ هەزار دینار، دروستکردنی ئەو تابلۆیە رادەگرێت‌و تابلۆ کۆنەکە دادەنێتەوە، لەکاتێکدا نەسرییەی مانگانەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ٢ ملیۆن دینارە.

لەبەر ٢٠٠ هەزار، مانگێک زیاترە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بازیان بێ تابلۆ دەبێت، بەڵام دواترو دوای ئەوەی رۆژنامەی دەستوور هەوڵی بڵاوکردنەوەی دەدات، بەڕێوەبەری ناحیەکە بەپەلە داوا لەکارمەندەکانی دەکات هەرچۆنێک بێت تابلۆیەک هەڵبواسرێت، ئەوانیش تابلۆ کۆنەکە بە ٢٥ هەزار چاکدەکەنەوەو دایدەنێن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بەدەستووری وت "بڕیاریشبوو تابلۆیەکی نوێ دروستبکەن، بەڵام لەبەرئەوەی ٢٠٠ هەزار دیناری تێدەچوو، بەڕێوەبەری ناحیە وتی نامانەوێت‌و دواتر تابلۆ کۆنەکە بۆیە کرایەوەو دانرا".

زانا بەهادین بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان وتی "لەبەرئەوەی بیناکە تائێستا تەسلیم نەکراوەو ئیشکردنی تێدا ماوەو بینایەکی تازەو گەورەیە تابلۆی بیناکەی پێشوومان بۆ هێنا، زۆر بچوکبوو جوانیش نەبوو، بۆیە ئێستا تابلۆیەکی گەورەترو جوانتر دروستدەکەین، ئێستا لای ئاسنگەرە».

دەستوور دوای ئەو وتەیەی بەڕێوەبەری ناحیە سەردانی بینای بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی کرد، بەڵام هەر تابلۆ کۆنەکە دانراوەو بۆیە کراوەتەوە.

زانا بەهادین وتی "پێشتر یەکێکیان بۆ دروستکردین، بەڵام بەهۆی ئەوەی نوقسانی هەبوو هەڵمانەواسی‌و ناردمانەوە بۆ ئاسنگەرەکان بۆئەوەی کەموکورتییەکانی چاکبکرێن".

دەستوور زانیوتی کەنەسرییەی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بازیان ٢ ملیۆن دینارە لەهەر مانگێکدا.



# بریکاری وەزارەتی ناوخۆ: هێشتا ئیدارەی سلێمانی‌و هەولێر بەجدی یەکیان نەگرتووەتەوە

فەرمان خێلانی

بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان رەتیدەکاتەوە بڕیاری ئاڵوگۆڕپێکردنی قایمقامەکانی نێوان پارتی‌و یەکێتی درابێت، پێشیوایە هێشتا ئیدارەی سلێمانی‌و هەولێر بەجدی یەکیان نەگرتووەتەوە.

هەرچەندە پێش دوو مانگ وەزارەتی ناوخۆ بڕیاری ئاڵوگۆڕپێکردنی چەند قایمقامێکیدا لەنێوان پارتی‌و یەکێتی، ئەوەش بەمەبەستی یەکگرتنەوەی تەواوەتی وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام تائێستا ئەو بڕیارە جێبەجێنەکراوە.

فایەق تۆفیق بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «بڕیاری ئاڵوگۆڕپێکردنی قایمقامەکانمان نەداوەو تائێستاش بەجدی هەردوو ئیدارەی سلێمانی‌و هەولێر یەکیاننەگرتووەتەوە، یەکگرتنەوەکە تەنیا لەوەزیرو جێگری وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکاندا قەتیسبووە».

ئەوەشی وت «پێویستە یەکگرتنەوەی ئیدارەکان شۆڕبێتەوە بۆ یەکە ئیدارییەکان لەسەرجەم شارو شارۆچکەکاندا، دەبێت ئەم هەنگاوەش بەهەوڵی هەردوو حیزبی سەر بەدەسەڵات بکرێت‌و لایەنە سیاسییەکانی تریش بانگهێشتبکەن‌و بەرێککەوتنێک پۆستە ئیدارییەکان دابەشبکرێت».

# عەرەبە هاوردەکان زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەرکوک تەسلیمی کوردو تورکمان ناکەنەوە

زانیار داقوقی

لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بڕی ١٠ ملیۆن دینار دەدرێت بەهەر خێزانێکی عەرەبی هاوردە، تا ئەو زەوییانە بدەنەوە بەخاوەنە راستەقینەکانیان کەکوردو تورکمانن، بەڵام عەرەبە هاوردەکان ئامادەنین دەستبەرداری زەوییەکان ببن.

کامەران کەرکوکی ئەندامی لیستی برایەتی لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەدەستووری وت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کشتوکاڵی لەسەرجەم ناوچە جێناکۆکەکان، بڕی ١٠ ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ قەرەبووکردنەوەی عەرەبە هاوردەکان.

هەروەها وتی «تائێستا گوندە هاوردەکانی کەرکوک، دەستیان لەزەوییەکان هەڵنەگرتووەو نەگەڕێنراوەتەوە بۆ خاوەنەکانیان، بەڵام نوێنەری یۆنامی پرۆژەیەکی ئاراستەکردووە بەمەبەستی زیادکردنی ئەو بڕە پارەیەی دەدرێت بەو هاوردانەی کە دەست لەزەوی کشووکاڵی هەڵدەگرن، بکرێت بە ٣٠ ملیۆن دینار».

لای خۆیەوە نەجات حسێن ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر لیستی تورکمانی، وتی «ئێمە رازی نابین ئەو عەرەبەی لەشوێنەکانی خۆیان زەوی گرێبەست بەناویانەوە هەیە، ١٠ملیۆن یان ٣٠ ملیۆن دینار وەک قەرەبوو وەربگرن».

ئەوەشی وت کەنابێت لەداهاتی فرۆشتنی نەوتی کەرکوک قەرەبووی عەرەبە هاوردەکان بکرێتەوە.

هاوکات مەهدی کاکەیی بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکوک بێئاگایی خۆی نیشاندا لەبارەی تەرخانکردنی بڕی ١٠ ملیۆن دینار بۆ ئەو جوتیارە هاوردانەی کە تائێستا دەستیان لەزەوییە کشتوکاڵییەکانی کوردو تورکمان هەڵنەگرتووە.

# مەترسی قۆرخکردنی ئابووری هەرێم لەلایەن تورکیاوە دەکرێت

## ٦٠٠ کۆمپانیاو بەڵێندەری تورکیا هاتوونەتە کوردستانو شارەزایانی ئابووریو سیاسیش ئەوە بەمەترسی بۆ سەر ئایندەی هەرێم دەزانن



لەچوار ساڵی ڕابردوودا تورکیا زیاتر لە سێ ملیار دۆلار وەبەرهێنانی لە هەرێم کردووە

محەمەد عەلی

شارەزایانی سیاسیو ئابووری ترسی خۆیان لەقۆرخکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان دەردەبڕن، ئاماژە بەوەدەدەن کەهاتنی کۆمپانیاو بەڵێندەری زۆری تورکیا، لەئایندەدا مەترسی بۆ سەر لایەنی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا دروستدەکات.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەوەزارەتی بازرگانی، نزیکەی ١٢٠٠ کۆمپانیای بیانی لەهەرێمی کوردستاندا کاری وەبەرهێنان دەکەن، لەو ڕێژەیەشدا ٦٠٠ کۆمپانیاو بەڵێندەریان پشکی کۆمپانیا تورکییەکانن.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە، عێراق بەگشتیو هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بووە بەجێگەی تموحی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهانو لەو نێوەندەشدا کۆمپانیا تورکییەکان لەسەرانسەری عێراقدا ڕۆژبەڕۆژ ژمارەیان لەبەرزبوونەوەدایەو لەهەرێمیش پشکی شێریان لەوەبەرهێنان لەهەموو بوارەکاندا بەردەکەوێت.

خاوەنی زۆرێک لەو کۆمپانیایانە کارکردنیان لەهەرێمی کوردستان پێباشترە وەک لەخوارووی عێراق، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوەک خۆیان باسی دەکەن هەرێم لەڕووی ئاسایشەوە جێگیرو لەبارترە.

ڕۆژنامەی حوورییەتی تورکی لەدوایین ڕاپۆرتیدا کەڕۆژی ٢٦ی ئەم مانگە لەزاری لێپرسراوێکی ئابووری هەرێمەوە ڕایگەیاندووە، حکومەتی هەرێم دەرگای بەڕووی هەر کۆمپانیایەکی تورکیدا ئاواڵایە کەنیازی هەبێت وەبەرهێنان لەهەرێمدا ئەنجامبدات.

دڵزار ئیسماعیل بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەوەزارەتی بازرگانی بەدەستووری وت "٦٠٠ کۆمپانیاو بەڵێندەری تورکی هاتوونەتە کوردستانو ئێستا لەناو خاکی هەرێمدا بەشێکیان کاری وەبەرهێنان دەکەن".

ئەو بەرپرسەی هەرێم کەبەڕۆژنامەی حورییەتی ڕاگەیاندووە، ئاماژەی بەوەداوە کەسەردانەکانی ئەمدواییەی بۆ هەردوو وڵات سازدەکرێن، کاریگەریی زۆریان دەبێتو لەقۆناغی داهاتوودا وەبەرهێنانی زیاتریان بەدوادا دێت.

قەبارەی بازرگانی نێوان تورکیاو عێراق ساڵانە بەپێنج ملیار دۆلار دەخەملێنرێت، چاوەڕواندەکرێت لەئەمساڵدا بگاتە هەشت ملیار، هەروەک ڕۆژنامە تورکییەکانیش باسی لێوە دەکەن ئەگەری ئەوە هەیە لەماوەی دووساڵی داهاتوودا ئەو ژمارەیە ببێتە بیستو پێنج ملیار دۆلار ساڵانە، بەڵام بەرپرسەکەی هەرێم وێڕای پشتڕاستکردنەوەیان، پێیوایە لەڕێی تواناکانی کۆمپانیا تورکییەکانەوە دەتوانرێ ئەو ژمارانە تێبپەڕێنرێت.

شارەزایانی سیاسیو ئابووری مەترسی خۆیان لەوە نیشاندەدەن کە لەئایندەدا ئابووری هەرێم بەتەواوی بکەوێتە ژێر ڕکێفی تورکیاو هەر تورکیاش بەهۆی بەهێزی لایەنی ئابووری، هەرێمی کوردستان ئاڕاستە بکات، چونکە لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٨دا کۆمپانیا تورکییەکان لەنێو ریزی ١٠ کۆمپانیا یەکەمەکەدا بوون لەهەرێمی کوردستان.

هەروەها ئاماژە بەوە دەدەن کە بەهۆی بوونی پەیوەندی زیاتری تورکیا لەگەڵ هەرێم، لەهەرێمی کوردستاندا لایەنەکان زیاتر ئاسانکاری بۆ کۆمپانیا تورکییەکان دەکەن.

بابان قەرەداغی پسپۆڕی ئابووری پێیوایە ئەو کۆمپانیایانەی تورکیا، کوردستانیان تووشی نەزیفی ئابووری کردووە، وتی "هەموو مینحەی هەرێم کە لەبەغدادەوە دێت، هەرێم دەیخاتە چنگی تورکیاو ئێرانەوە".

بابان قەرەداغی، وتی "چەند ساڵێکی دیکە تورکیا ئابووری کوردستان داگیردەکاتو دەتوانێت وەک کارتێکی فشار بەکاریبهێنێت، ئەگەر هەرکاتێک هەرێم هەڵوێستێکی سیاسییانە بەرامبەر تورکیا بنوێنێت".

بابان قەرەداغی پێیوایە کاریگەری ئەو پەیوەندییانە بەنیسبەت تورکیاوە ئیجابین، بەڵام وتی "بەنیسبەتی هەرێمەوە سلبین".

بەڕای بابان یەکێک لەو شتانەی کەجیهانگیری ئابووری لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، ئەوەیە کەوڵاتانی بەهێز زیاتر بەهێزدەکاتو وڵاتانی ژێردەستەو دواکەوتووش زیاتر کۆیلە دەکات.

ئەو وتی "تورکیا دەیەوێت لەسەرحسابی کوردستانو وڵاتانی جارانی یەکێتی سۆڤیەت، خۆی بنیاتبنێتەوە".

لەلایەکی دیکەوە کامەران موفتی بەڕێوەبەری گشتی لەدەزگای وەبەرهێنان بەئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە کەکۆمپانیا بیانییەکان لەماوەی نێوان مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٦ تا شوباتی ٢٠١٠ بایی بڕی ٣,١ ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لەهەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام ئەو ژمارەیە، ئەو وەبەرهێنانانە ناگرێتەوە کە لەسێکتەری نەوتدا ئەنجامدراون وەک ئەوەی کۆمپانیاکانی دی ئێن ئۆی نەرویجیو گەنەل ئینێرجی تورکیو هێریتیجی ئەمریکی.

د. کەنعان حەمەغەریب مامۆستای کۆلێژی زانستەسیاسییەکان لەزانکۆی سلێمانی پێیوایە لەڕووی سیاسییەوە بەهۆی ئەوەی لەنێوان تورکیاو هەرێمدا کۆمەڵێک مەلەفاتی گرنگ هەیە، بۆیە مەترسی خۆی لەئاڕاستەکردنی سیاسەتو ئابووری هەرێم لەلایەن تورکیاوە نیشاندا.

کەنعان وتی "مەسەلەی فیدراڵیو سەربەخۆیی کوردستانو کێشەی کەرکوک ئەمانە تورکیا دانییپێدا نانێت، ئەمانە مەلەفی زۆر حەساسن لەڕووی سیاسییەوە، دەبێت ئاگاداربین، چونکە تورکیا تێڕوانینێکی سیاسییانەی هەیە بۆ هەرێم وەکو بەشێک لەعێراق نەک وەکو ناوچەیی سەربەخۆی تەواو".

کەنعان ئاماژەی بەوەدا کەمەرج نییە هەموو ئەو کۆمپانیایانەی تورکیا کە لەهەرێم کاری وەبەرهێنان دەکەن، تەعبیر بێت لەسیاسەتی تورکی بەقەدەر ئەوەی بەدوای دۆزینەوەی بازاڕبێت بۆ کاڵاکانی خۆیان.

زافەر چاغلایان وەزیری بازرگانی دەرەوەی تورکیا کەدوێنێ لەگەڵ شاندێکی بازرگانی باڵا کەنوێنەری ٢٠٠ کۆمپانیای تێدابوو سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، پێشتر ڕایگەیاندبوو وەبەرهێنانی کۆمپانیا تورکییەکان بەڕێژەی لەسەدا ٣٠ بۆ لەسەدا ٥٠ لەنێو هەرێمدا زیادیکردووەو گەشبینیشە بەوەی ئەو ڕێژەیە زیاتردەکات.

چاغلایان دەڵێت لەئەنجامی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نوێی ئابووری، قەبارەی بازرگانی ئەو وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەڕێژەیەکی ئێجگار بەرچاو بەرزبووەتەوە، لەکاتێکدا لەساڵی ٢٠٠٠دا ئەو ژمارەیە ٦,٨ ملیار دۆلاربووە، لەساڵی ٢٠١٠دا بۆ ٥٦,٧ ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە.

بەو پێیەش لەنێو وڵاتە دراوسێیەکانیدا زۆرترین داهاتی کۆمپانیاکانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان بووە.

کەنعان وتی کەپەیوەندییە ئابوورییەکان هۆکارێک دەبێت بۆ نزیککردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان.

هەروەها وتی "لەدونیای ئەمڕۆدا هەمیشە پەیوەندییە ئابوورییەکان بەهێزبن، وادەکەن کەکێشە سیاسییەکان زۆر نەوروژێن، لەبەرئەوەشە ڕەنگە دیاردەیەکی ئیجابیش بێت، دەزانم کەپەیوەندییە ئابوورییەکانی هەرێمو تورکیا بەهێزبن، زۆرجار وادەکات کەئەو گرژییانەی کە لەنێوان هەرێمو تورکیادا هەبن، کەمببنەوە".

---

ڕایگەیاند "پێویست بەداوای ئێمە ناکاتو پەکەکە خۆی ئاگربەست ڕادەگەیەنێت، بەڵام پێویستە کەحکومەتو سەرۆک وەزیر ئیرادەی خۆیان بۆ ئاشتی نیشانبدەن".

**سوپای تورکیا ئاگر بەردەداتە سنوورەکان**

لەدرێژەی بۆردومانەکانی سوپای تورکیادا، پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە تورکیا دەستی بەتۆپبارانکردنی ناوچەکان و گوندو کێڵگەکانی سەر بەناحیەی سیدەکانی هەرێمی کوردستان کرد، لەئەنجامدا ئاگرێک لەرەزو باخەکانی ناوچەکەوە بەرزبووەوەو بەگوێرەی هەواڵێکی فرانس پرێسیش ئاگر لەدارستانو کێڵگەکانی ناوچەکە بەربووە.

**فاینانشاڵ تایمز: کرانەوەی دیموکراتی کۆتاییهاتووە**

ڕۆژنامەی فاینانشاڵ تایمزی بەریتانی لەهەواڵێکدا ئەوە ڕادەگەیەنێت کەسەرەڕای هەڵگرتنی چەند هەنگاوێکی سادەو ساکار لەلایەن حکومەتی تورکیاوە لەچوارچێوەی کرانەوەی دیموکراتیدا، بەڵام ئەو پرۆسەیە کۆتاییهاتووە. هاوکات ئاماژەی بەوەشکردووە پەکەکە دەریخست کەهێزێکە پێویستە داخڵی نێو هاوکێشەکان بکرێت. لەهەواڵەکەدا هاتووە "هەندێک لەپێکدادانەکانی ئەم دواییە سەردەمانی ساڵانی نەوەدمان بەبیردەهێنێتەوە، کەسەختترین شەڕەکان لەو کاتانەدا ڕوویان دەدا".

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەشکردووە کەهەموو کاتێک نەتەوەپەرستییەکی توند هەیمەنەی بەسەر سیاسەتی تورکیادا هەبووەو کاردانەوەی ڕای گشتی تورکیا بەرامبەر بەکرانەوەی کوردیو ئەرمەنی بووەتە هۆی ئەوەی دەسەڵات واز لەو بەڵێنانە بهێنێت کەدابووی.

---

یاساییمان هەیە، حکومەتێکی ناچالاکمان هەیە کەگومانی گەندەڵی لێدەکرێتو پێویستە چاودێری بکرێت، بۆیە نەخێر پەرلەمان زۆرکەمتەرخەمبووە، ماندووش نییە تاپشوو بدات».

عەبدوڵڵای مەلا نوری پێیوایە کەدەستێک هەیە، دەیەوێت پەرلەمان لاوازبێتو وتی «ئەوەی من بزانم بە بەرنامە کار بۆ لاوازکردنی پەرلەمان دەکرێت، هەوڵێک هەیە بۆئەوەی پەرلەمان توانای لێپێچینەوەی نەبێت لەکاروبارەکانی حکومەتو پەرلەمان یاسای باش دەرنەکات».

ئەحمەد وەرتێ سەرۆکایەتی پەرلەمانو کێبڕکێی سیاسیی بەهۆکاری لاوازی پەرلەمان دەزانێتو وتی «بوونی کێبڕکێی سیاسیی کاریگەری خۆیی هەیە لەسەر پەسەندنەکردنی پڕۆژە یاساکان، خودی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش پرۆژەکان درەنگ دەخاتە بەرنامەی کارەوە«.

رابەر تەلعەت بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئاسک کەڕێکخراوێکە چاودێری کارەکانی پەرلەمانو حکومەت دەکات، وتی «لەڕووی دەرکردنی یاساوە، پەرلەمان سست بووە«.

هەروەها وتی «ململانێیەکی سیاسیی هەیە بۆ ڕەتکردنەوەی پڕۆژە یاساکان لەلایەن دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆنەوە، لەڕووی یاساوە ململانێی ناو لیستەکان کاریگەری لەسەر ئەدای پەرلەمان هەبووە«.

لەم خولەی پەرلەماندا، پڕۆژە یاسای خوێندنی کراوەو یاساکانی داواکاری گشتیو بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ژنی ماڵەوەو پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشیو یاسایی گەنجانو پرۆژە یاسای مادە هۆشبەرەکان ڕەتکراونەتەوە.

# کرانەوەی دیموکراتی کۆتاییهات!

## سوپای تورکیا بەردەوامە لەبۆردومانکردنی سنوورەکان



ئەردۆگان داوادەکات هەرێم بە ئەرکی خۆی هەستێتو

محەمەد عەلی

سوپای تورکیا بەردەوامە لەتۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمو پەکەکەش بەداگیرکردنی بەشێک لەعێراق تۆمەتبار دەکەن، رۆژنامە ئەورووپییەکانیش دەڵێن هەنگاوەکانی حکومەتو سوپای تورکیا کۆتایی بەکرانەوەی دیموکراتی هێناوە.

**ئەردۆگان: پەکەکە ناوچەیەکی لەهەرێمی کوردستان داگیرکردووە**

لەکاتێکدا کەباسو خواسەکان لەبارەی تۆپبارانکردنی سنوورەکان لەلایەن سوپای وڵاتەکەیەوە لەگەرمەیدایە، رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیری تورکیا لەکەنەداوەو لەدوای کۆبوونەوەی (G٢٠) لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لێدوانێکی سەیر دەداتو رایدەگەیەنێت پەکەکە لەباکووری عێراق ناوچەیەکی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

ئەردۆگان وتی "عێراق لەلایەکەوە باس لەیەکێتی خاکەکەی دەکات، بەڵام هاوکات کەسانێک بەشێک لەخاکەکەیان پارچە پارچە کردووەو دەستیان بەسەردا گرتووە. لێرەدا یەکێتی خاک دەکەوێتە کوێوە؟"

ئەردۆگان دەڵێت لەم رووەوە یان دەبێت حکومەتی ناوەندی یاخود حکومەتی هەرێم بەئەرکی خۆی هەستێت.

**ئەمینە ئاینا: ئەردۆگان خوازیارە ئێمە داوای ئاگربەست بکەین**

ئەمینە ئاینا پەرلەمانتاری پارتی ئاشتیو دیموکراسی (بەدەپە) رایگەیاند ئەگەر ئەمریکا وا دەزانێ میللەتی کورد لەداوی ئەو هەموو قوربانییەوە کەداویەتی، ئێستا چۆک دادەدات، ئەوا بەهەڵەدا چووە.

ئاینا دەڵێت کەسانێک لەنێو ئەوانەشدا ئەردۆگان بێگوێدانە هیچ شتێک داوای بانگەوازی ئاگربەست لەئەوان دەکەن، وتی "ئێمە لەساڵی ٢٠٠٦دا داوای ئاگربەستمان کرد، بەڵام کەس بەگوێی نەکردین، بگرە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بەردەوامییان هەبوو، رێگە بەسوپا درا بچێتە ئەودیوی سنوورەکانەوە، سەربازو گەریلاکان بەردەوام گیانیان لەدەستدا، حکومەت پێویستە گوێ لەخەڵک بگرێتو بزانێت داخوازییەکانیان چییە. بزانێ داوای چ مافێک دەکەن".

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی ئاشتیو دیموکراسی، پێویستی سووربوونی حکومەتی تورکیای لەسەر پیشاندانی ئیرادەی ئاشتی دووپاتکردەوە.

# ١٠ مانگو ١٠ یاسا، ئایا پەرلەمان ماندوبووە؟

## لە دە مانگی کارکردنی پەرلەماندا، پەرلەمانتاران رای جیاوازیان لەسەر ئەدای کاری پەرلەمان هەیە

مەعاز فەرحان لەسلێمانی

پەرلەمانتاران دەڵێن ململانێ سیاسییەکانی نێوان لایەنەکان کاریگەری زۆری لەسەر ئەدای کاری پەرلەمانی کوردستان دروستکردووە، بەجۆرێک لەماوەی ١٠ مانگی رابردوودا، تەنها ١٠ پرۆژە یاسا پەسەندکراوە.

پەرلەمانی کوردستان لەخولی سێیەمدا بەپەسەندکردنی ١٠ پرۆژە یاساوە پشووی هاوینەی دەستپێدەکاتو بەشێک لەپەرلەمانتارانیش دەڵێن پەرلەمان ماندوونەبووە تاپشوو بدات، داواشدەکەن بەهۆی پێویستی پەسەندکردنی پرۆژەی یاسای زیاتر، پەرلەمان پشووەکانی کەمبکاتەوە.

دوای دە مانگ لەدەستبەکاربوونی لەخولی سێیەمدا، پەرلەمانی کوردستان خۆی بۆ پشووی هاوینەی ئامادەدەکاتو لیستەکانی ناو پەرلەمانیش دەڵێن ململانێ سیاسییەکان کاریگەری لەسەر ئەدای کاری پەرلەمان دروستکردووە.

پەرلەمانتاران رای جیاوازو جۆراوجۆر لەسەر چالاکبوون یان سستی کاری پەرلەمان هەیەو زۆرینەیان ئەو بۆچوونەیان هەیە، کەجۆرێک لەململانێی سیاسیو دژایەتی یەکتریی لایەنەکان، کاری پەرلەمانی پەکخستووەو دەڵێن رەتکردنەوەو دژایەتیکردنی پرۆژە یاساکان زیاتر لەسەر بنەمای حیزبایەتی بووە.

بڕیارە ٧/١ پەرلەمانی کوردستان پشووی هاوینەی خۆی دەستپێبکاتو ئەو پشووەش دوو مانگ دەخایەنێت، بەشێک لەپەرلەمانتاران ئەو پشووە بەپێویست دەزاننو بەشێکی تریشیان دەڵێن پەرلەمان ماندونەبووە تا پشوو بدات.

سەمیر سەلیم ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی یەکگرتوو، ئەگەرچی لەگەڵ پشووی پەرلەماندایە، بەڵام پێیباشە ماوەی پشووەکە کەمبکرێتەوە. «دەکرێت ماوەی پشووەکان کەمبکرێنەوەو پشووەکانیش ببنەهۆی خۆئامادەکردنی پەرلەمانتاران» سەمیر وای وت.

سەمیر سەلیم دەڵێت ئەم خولەی پەرلەمان هەرچەندە خیتابی ئیعلامیو جەماوەریو گەیاندنی زانیارییەکان بەجەماوەر چالاکتر بووە، بەڵام وتی «لەڕووی عەمەلییەوە پرۆسەی چاکسازیو گۆڕانخوازی لەناو هەرێمی کوردستاندا بەرەو پێشەوە نەچووە».

پەرلەمانتاران دەڵێن ململانێ سیاسییەکانی نێوان لایەنەکان کاریگەری زۆری لەسەر ئەدای کاری پەرلەمانی کوردستان دروستکردووە.

د. ئەحمەد وەرتێ سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی وتی «دەبوایە پێشئەوەی پەرلەمان بکەوتایەتە پشووەوە، ئەو پرۆژە یاسایانەی کەپێویستبوونو پەیوەندییان بەژیانی خەڵکەوە هەیە، پەسەندبکرانایە».

ئەم خولەی پەرلەمان دەنگو جموجۆڵی جیاوازی تێدا بینرا، بەهۆی بوونی ئۆپۆزیسیۆنەوە، بەپێچەوانەی خولی پێشووەوە کەهەموو قەوارەکان بەشداربوون لەحکومەتداو ئۆپۆزیسیۆن نەبوون.

پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات یەکتری تۆمەتبار دەکەن، بەوەی کاریگەریان لەسەر کارەکانی پەرلەمان دروستکردووە.

عەبدولسەلام بەرواری پەرلەمانتاری پارتی لەلیستی کوردستانی، رەتیدەکاتەوە کەپەرلەمان لەکارەکانیدا سستبێت.

ئەو وتی «پەرلەمان خاو نییەو درێغی نەکردووە، نەریتێکیتر هاتە ناو پەرلەمان ئەویش ئەوەیە کەهەندێک ئەندام پەرلەمان لەراگەیاندنەکانەوە بەشێوەیەک باسی پەرلەمان دەکەن، کەدەیانەوێت پەرلەمان سوکبکەن».

عەبدولسەلام بەرواری پێیوایە کەچالاکبوونی پەرلەمان تەنها لەگفتوگۆدا بووە، ئەو وتی « ئەکتیڤبوونو چالاکبوونی پەرلەمان تەنها لەگفتوگۆی لیستەکانی ناو پەرلەماندا بووە، بەداخەوە زۆرجار گفتوگۆیەکی ئەساسی لەسەربابەتێک، دەکرا بەگفتوگۆی خیتابی سیاسی».

بەهۆی ململانێ سیاسییەکانەوە پەرلەمانتاران دەڵێن لەنێو هۆڵی پەرلەماندا لەدژی یەکتر، پرۆژە یاساکانی یەکتریان رەتدەکردەوە، بەو هۆیەشەوە دەڵێن پەرلەمان لەماوەی ئەو ١٠ مانگەدا کەمترین پرۆژە یاسای پەسەندکرد.

عەبدسەلام بەرواری وتی «هەر پرۆژەیەک هاتبێتە پەرلەمان، خراوەتە دەنگدانەوە، ئینجا رەتکرابێتەوە، ئەوە بۆچەواشەکردنی خەڵکە کەدەڵێن دەسەڵات رێگری لەپرۆژە یاساکانی ئۆپۆزیسیۆن دەکات».

ئارام قادر سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ وتی «دەکرا پەرلەمان باشترو چالاکتر بوایە، هۆکارەکەشی زیاتر پەیوەندی بەپەیڕەوی ناوخۆیی پەرلەمانەوەیە کەبووەتە کۆسپێک بۆ سستبوونی کارەکان».

ئارام وتی «سستیو کەمتەرخەمی لەسەرۆکایەتی پەرلەماندا دەبینم، چونکە پێشتر کەکات زۆرتربوو لەمانگێکدا یەک کۆبوونەوە ئەنجامدەدرا، بەڵام ئەوە لەماوەی هەفتەیەکدا پێنج شەش کۆبوونەوە کراوە».

ئارام قادر وتیشی «ئەو پرۆژە یاسایانەی کەئۆپۆزیسیۆن پێشکەشیکردوون لەئاراستەیەکی حزبییەوە سەیردەکرێن، بۆیە زۆربەی پرۆژەیاساکانی ئۆپۆزیسیۆن یان رەتکراونەتەوە یان دواخراون».

عەبدوڵڵا مەلانوری پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لەبارەی پشووی پەرلەمانەوە، وتی «پەرلەمان ماندوونییەو ئەدایەکی چالاکانەی نەبووە لەرابردوودا، خۆتان دەزانن ئێمە چەندین کێشەی



پەرلەمان پشوو دەدات!

# تا ژێرخانی کارەبای هەرێم چاکنەکرێت، ناتوانرێت خشتەیەکی جێگیر بۆ کارەبا دابینبکرێت

## بورهان خزر سەرۆکی بەشی کۆنترۆڵو گەیاندنی کارەبای هەولێر بۆ دەستوور

سازدانی: گۆران خۆشناو

جێگیرنەبوونی خشتەی کارەبا لەشارو شارۆچکەکانی کوردستاندا، بووەتە مایەی نیگەرانی هاووڵاتیانو وەزارەتی کارەباو بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بەو وەزارەتەش کۆمەڵێک بەربەست بەهۆکار دەزانن لەبەردەم جێبەجێکردنی خشتەکەدا.

ئەندازیار بورهان خزر حسێن سەرۆکی بەشی کۆنترۆڵو گەیاندنی کارەبای هەولێر لەچاوپێکەوتنێکدا کەدەستوور لەگەڵیدا سازیداوە، تیشک دەخاتە سەر خشتەی کارەبای شاری هەولێرو بەربەستەکانی بەردەمیان.

**دەستوور:** خەڵکی هەولێر نارەزایی دەردەبڕن لەکەمبوونەوەو جێگیرنەبوونی کاتەکانی کارەبا، هۆکاری کەمبوونەوەی کارەبای نیشتمانی لەشاری هەولێر بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**بورهان خزر:** بڕە کارەبای هاووڵاتیان لەشاری هەولێر کەمنەبووەتەوە، نزیکەی ١٧-١٨ کاتژمیر کارەبا هەیە، تەنها ئەوە نەبێت کەئەگەر بەراوردبکرێت لەگەڵ وەرزەکانی بەهارو پاییز، ئەوەش بۆ کەمبەکارهێنانی کارەبا دەگەڕێتەوە لەو دوو وەرزەدا.

**دەستوور:** کارەبای هەولێر لەکوێوە دابیندەکرێت؟

**بورهان خزر:** ئەو وێستگانەی کەکارەبای هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستانی پێ دابیندەکرێت، بریتین لەوێستگەی کارەبای هەولێری گازیو وێستگەی کارەبای چەمچەماڵی گازیو وێستگەی کارۆئاوی دوکانو وێستگەی کارۆئاوی دەربەندیخان، هەروەها نزیکەی ٣٠ میگاوات کارەبای تۆڕی نیشتمانی عێراقیو نزیکەی ١٤٠-١٥٠ میگاوات کارەبا لەتورکیا کەکۆی گشتی کارەبای بەرهەمهاتوو نزیکە ١٠٨٠ میگاوات دەبێت، بەسەر هەر سێ پارێزگاکەدا دابەشدەکرێت، بڕە کارەبای هەولێریش نزیکەی ٣٩٠-٤٠٠ میگاوات دەبێت.



**هەر یەکەیەک بۆ ماوەیەک لەکاربکەوێت، هیچ یەکەیەکی تر نییە جێگای بگرێتەوەو دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کارەبای هاووڵاتیان**

**دەستوور:** خشتەی کارەبا جێگیر نییەو بەڕێوەبەرایەتییەکانی دابەشکردنی کارەبا پابەندنابن بەو خشتەیەی کەڕادەگەیەنرێت، هۆکاری ئەمە چییە؟

**بورهان خزر:** تا ئەو کاتەی ژێرخانی کارەبای هەرێمی کوردستان بەگشتیو پارێزگای هەولێر بەتایبەتی چاکنەکرێتو ئامێرە بەکارهاتووەکان بەتایبەتی گۆڕەری وێستگەکانو گۆڕەری گەڕەکەکانو هێڵەکانی گواستنەوەی کارەبا بەگشتی دووجار بەئەندازەی بەکارهاتووی خۆیان نەبن، ناتوانرێت خشتەیەکی جێگیر بۆ کارەبا دابینبکرێت، ئەوە سەرەڕای بڕە کارەبای بەرهەمهاتوو کەدەبێت لەبڕی پێداویستیو بەکارهاتوو زیاتر بەرهەممان هەبێت.

**دەستوور:** پلانی نوێتان بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ شاری هەولێر چۆنە؟

**بورهان خزر:** پلانی نوێ لەکاتی ئێستادا تەنها ئەوەیە یەکێک لەیەکەکانی وێستگەی کارەبای هەولێری گازی دووچاری گرفت بووە، بڕیاروایە دوای نزیکەی مانگێکیتر بکەوێتەوە کار، هەروەها بڕیارە لەمانگی ٨ی ئەمساڵ یەکەم یەکەی وێستگەی کارەبای دهۆک بکەویتە کار، بڕیاریشە لەسەرەتای ساڵی ٢٠١١ تەواوی یەکەکانی وێستگەی کارەبای دهۆک بکەونە کار، بێگومان هەر وەک باسمکرد زیادبوونی بڕی بەرهەمی کارەبا لەکوردستان، دەبێتە هۆی دابینکردنی زیاتری کارەبای هاووڵاتیانی شاری هەولێر.

**دەستوور:** ئەو لەمپەرە سەرەکیانەی کەرووبەڕووتان دەبنەوە چین؟

**بورهان خزر:** بارزۆری وێستگەکانمان کەناتوانین لەیەککاتدا کارەبا بدەین بەتەواوی هاووڵاتیانی سەر هەر وێستگەیەک، بارزۆری هێڵەکانی گواستنەوەی کارەبا بەگشتی، کەمی یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لەکاتێکدا هەر یەکەیەک بۆ ماوەیەک لەکاربکەوێت، هیچ یەکەیەکی تر نییە جێگای بگرێتەوەو دواتر دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کارەبای هاووڵاتیان.

# چۆن یارمەتی هەژاران دەدرێت؟

## توێژەران دەڵێن ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنیانەی کە بۆ یارمەتی هەژاران پەخشدەکرێت، کەسایەتی هەژاران دەشکێنێت

مەعاز فەرحان

شارەزایانی بواری ئاینیو کۆمەڵایەتی پێیانوایە پیشاندانی ئەو بەرنامانەی تایبەتە بەیارمەتیدانی هەژاران، کارێکی نەگونجاوە، بەڵام بەرپرسی ئەو تەلەفزیۆنانەی ئەو جۆرە بەرنامانە پەخشدەکەن، بەگرنگی دەزانن ئەو بەرنامانە پیشانبدرێت.

کەناڵە ناوخۆییو ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان، چەندان بەرنامەیان هەیە بۆ پیشاندانی هەژارو کەمدەرامەتو نەخۆش، ئەوەش بەمەبەستی هاوکاریکردنیان لەڕووی ماددییەوە، بەڵام وەک شارەزایانی کۆمەڵایەتی ئاماژەی پێدەدەن، پیشاندانی ئەو کەسانە، کاریگەریی سلبی دەبێت لەڕووی کەسایەتییانەوە.

زانایانی ئاینیش دەڵێن نیشاندانی ئەو جۆرەی هاوکاریکردن لەتەلەفزیۆنەوە، تاوانەو دەبێتە هۆی شکاندنی دەروونیی کەسە پیشاندراوەکان.

مەلا نیازی هەورامانی وتاربێژی مزگەوتی کوردسات لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت"پێغەمبەری خوا دەفەرموێ کاتێک چاکە دەکەن، بادەستی چەپتان بەدەستی ڕاستتان نەزانێت، زانایانی ئاینی لەسەرئەوە کۆکن باشترین خێر ئەوەیە، کە کەس پێینەزانێتو لەپێناوی خوادا بێت".

مەلا نیازی پێیوایە پەخشکردنی ئەو بەرنامانە مەبەستی سیاسی لەپشتەوەیە، وتی "ئایا ئەو بەرنامانەی لەو تەلەفزیۆنانەدا پەخشدەکرێن لەبەرخاتری خودایە، یان ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکە بۆ کەناڵەکەو دواتریش بۆ حیزبەکە".

کەناڵی ئاسمانی پەیام یەکێکە لەو کەناڵانەی بەرنامەیەکی تایبەتی هەیە بەناوی "بەخشین"و تێیدا ئەو کەسە هەژارانە پیشاندەدرێن کەپێویستیان بەهاوکارییە، فاروق عەلی بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانیی پەیام وتی "پیشاندانی ئەو کەسانە لەبەرنامەکەی ئێمەدا، پەیوەندیی بەوەوە هەیە ڕەنگە پێشتر خەڵکی دەوڵەمەند پارەیان دابینکردبێت بۆ هەژاران، بەڵام بەباشی نەگەیشتووەتەوە دەست ئەو کەسانە".

بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانیی پەیام بوونی بەرنامەی لەو شێوەیەش بەپێویست دەزانێتو دەڵێت"بۆ ئەوەی دەوڵەمەندەکان بزانن کەپارەکەیان گەیشتووەتە دەست هەژارەکان، دەبێت ببیننەوە، هەروەها بۆئەوەیە ئەو دەوڵەمەندانە بزانن خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت هەیە".

لای خۆیەوە لەهۆن قادر بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی یەکگرتوو لەسلێمانی، کەکەناڵەکەیان بەرنامەیەکی تایبەت بەهاوکاریکردنی هەژارانی هەیە بەناوی ژیانەوەیە، وتی "ئێمە ئامرازێکین لەنێوان خێرکەرو خێرپێکراودا، ئەو کەسانەی لەبەرنامەکەی ئێمەدا دەردەکەون، ناوو ناونیشانیان ئاشکراناکرێت، ئەوەش بۆ مەبەستی نەشکاندنی کەسایەتییان".

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی پێیوایە بەخشین لەهەموو سەردەمێکدا سیمای مرۆڤەکان بووە، بەڵام چۆنیەتیی بەخشین جێگەی پرسیارە، کازم محەمەد توێژەری کۆمەڵایەتی بەدەستووری وت "بەخشین سیمای مرۆڤانەی هەموو سەردەمێک بووە، بەڵام چۆنیەتیی بەخشین جێگەی سەرنجە، کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی گەشەکردوو ئاڵۆز نییە، بۆیە کاریگەریی ڕواڵەت لەژیانی ئەم کۆمەڵگەیەدا زۆرەو میدیاش ئەم کاریگەرییە درێژەپێدەدات".

لەهۆن قادر وتیشی"ڕاستە خەڵک ئەو کەسە هەژارانە لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە دەبینێت، بەڵام ئەو کەسانە ناچارن، یان دەبێت ئیحراجبوون هەڵبژێرن، یان مردن".

فاروق عەلی بەرگری لەپیشاندانی بەرنامەکەیان کردو وتی "ئەو بەرنامەیە لەلایەن لیژنەیەکەوە بەڕێوەدەبرێتو پیشاندانی کەسەکە بەپێی ویستی خۆیەتی".

مەلا نیازی ئاماژەی بەکاریگەرییە خراپەکانی ئەو بەرنامانە کردو بەشکێنەری کەسایەتیی مرۆڤەکان وەسفیکرد، ئەوەشی وت "ئەو کەسانەی کە لەو بەرنامانەدا پیشاندەدرێن، لەڕووی دەروونییەوە شکێنراونو لەلای کەسوکاریان ڕووبەڕووی گلەییو تانە دەبنەوەو مرۆڤ زۆر لەوە گەورەترە لەسەر شاشەی کەناڵێک وای لێبکەیت بپاڕێتەوە".

هەروەها کازم محەمەد توێژەری کۆمەڵایەتی پێیوایە باشترە کەسەکان پیشاننەدرێن بۆئەوەی کەسایەتیان نەکەوێتە مەترسییەوە، وتی "ئەگەر بکرێت ئەم بەرنامانە وەک ڕیکلامبن بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێیەتی، شتێکی باشە، بەڵام لەکاتی پێشکەشکردنەکەدا کەسەکان پیشاننەدرێن، چونکە کەسایەتییان دەکەوێتەوە مەترسییەوەو تووشی ناوزڕاندن، یان بەکەم سەیرکردن دەبنەوە".

ئەو توێژەرە وتی "بۆ گرنگیی پرۆسەکە، وا باشترە خەسڵەتی ڕێزگرتن لەمرۆڤە یارمەتیدەرەکە بپارێزرێت، چونکە ئێستا کۆمەڵگەی کوردی هەنگاو بەرەو چینایەتیو دروستبوونی کەلێنی پلەی کۆمەڵایەتی دەنێت".

پێشتریش کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆی یەکێتی بەرنامەی یارمەتیدانی هەژارانی هەبوو، دواتریش کەناڵی زاگرۆس لەبەرنامەیەکدا هاوکاری بوکو زاوای گەنجی هەژاریان دەکرد.



# فەرمانگەکانی گەرمیان گوێیان لەقەرزەکانی حکومەت خەواندووە

## دوای یەك ساڵو نیو لەراپۆرتەکەی چاودێری دارایی، ٧٧ ملیار دینارەکەی حکومەت لەلایەن فەرمانگەکانی گەرمیانەوە نەگەڕێنراونەتەوە

دەشتی ئەنوەر لەگەرمیان

دوای ساڵو نیوێک لەراپۆرتەکەی چاودێری دارایی، دەربارەی ئەو ٧٧ ملیار دینارەی حکومەت کە وەک سولفەو قەرز بەفەرمانگەکانی گەرمیانی داوە، تائێستا بەدواداچوونی بۆ نەکراوەو پارەکەش نەگەڕێنراوەتەوە.

دیوانی چاودێریو دارایی سلێمانی نووسراوێکی بەژمارە ٢٢ بەرواری ٢٠٠٩/١/٢٦ ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان کردووە، کە راپۆرتەکەشی لەگەڵدایە، تێیدا ناوی دامودەزگاکان هاتووە لەگەڵ بڕی ئەو پارانەی کە بەشێوەی قەرز دراوە پێیان.

کۆی هەموو قەرزەکانیش لای دامودەزگاکانی حکومەت بڕی (٥٥، ٩٦٦، ٥٦٢، ٣٠٤) پەنجاو پێنج ملیارو نۆسەدو شەشتو شەش ملیۆنو پێنجسەدو شەستو دوو هەزارو سێسەدو چوار دینارە.

لەبەشێکی تری راپۆرتەکەدا هاتووە، ئەو قەرزانە وەکو پێشینە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی گەرمیانەوە وەرگیراوەو دراوە بەو دامودەزگایانە، بەڵام فەرمانگەکان ئەو پێشینانەیان پاکتاو نەکردووەو گەنجینەکانیش هیچ بەدواداچوونێکیان نەکردووە بۆ وەرگرتنەوەیان.

هەر لەراپۆرتەکەدا هاتووە بڕی (٢٠٥٧٤١٩٧٣٥٤) بیست ملیارو پێنجسەدو حەفتاو چوار ملیۆنو سەدو نەوەدو حەوت هەزارو سێسەدو پەنجاو چوار دینار بەقەرز دراوە بەهاووڵاتیان، بەڵام وەرنەگیراونەتەوە.

راپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی ئاشکرایکردووە، فەرمانبەران بڕی (١٦٠٥٥٧٣٦٨١) یەک ملیارو شەشسەدو پێنج ملیۆنو پێنجسەدو حەفتاو سێ هەزارو شەشسەدو هەشتاو یەک دینار قەرزارن، کە وەک سولفە دراوە بەفەرمانبەرانو نەیانگەڕاندووەتەوە.

عەدنان قوربانی وتەبێژی گروپی بەگژاداچوونەوەی گەندەڵی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «ئێمە بێدەنگ نابینو دژی ئەو کارەی هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان دەوەستینەوە، داوادەکەین لەزووترین کاتدا ئەو پارەیە بگەڕێنرێتەوە بۆ شوێنی خۆی، چونکە ئەوە موڵکی حکومەتەو حکومەتیش بۆ خزمەتگوزاریو پێداویستی بەکاری دەهێنێت».

قوربانی دەڵێت دەتوانرێت بەو پارەیە چەندین پرۆژە لەناوچەکەدا ئەنجامبدرێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیوویست ناوی ئاشکرابکرێت، بۆ دەستوور وتی «یەکێک لەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە پارەی وەرگرتووە، بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیریو هونەری پێشووی کەرکوک - دەربەندیخان بووە، کە بڕی ٣٠ ملیۆن دیناری وەرگرتووە، بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەو دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکە، بەڵام ئەو بەڕێوەبەرە هەڵهاتووەو ئێستا لەهاندەرانەو کەسیش لێپێچینەوە لەو بارەیەوە ناکات».

دەستوور پەیوەندی کرد بە بەڕێوەبەری بانکی کەلارەوە، ناوبراو ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک بدات، بەبیانووی ئەوەی لەوەزارەتی داراییەوە داوایانلێکراوە کە نابێت بەبێ بڕیاری وەزارەت هیچ لێدوانێک بدەن.

شێخ عەبدوڵڵا جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت، ئەو راپۆرتەی دیوانی چاودێری دارایی ئەگەر بدرایەتە ئەوان، ئەوا بەدواداچوونیان بۆ دەکردو نەیاندەهێشت کێشەکانیش ئەوەندە درێژە بکێشن، وتی «بەڵام هیچ نەگەیشتووەتە ئێمە».

مستەفا رەشید بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، کە فەرمانگەکەی یەکێکە لەفەرمانگە قەرزدارەکان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، دەڵێت دوای بینینی راپۆرتەکەو ئاگادارکردنەوەیان، بڕیاریانداوە ئەو قەرزەی لایانە بیدەنەوە.

وتی «ئەو قەرزەی کە ئێمە رامانکێشا، رێژەیەکی زۆرەو نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دینار دەبێت، بەڵام تائێستا نزیکەی لە٨٠٪ قەرزەکەمان داوەتەوەو تەنها لە٢٠٪ ماوە».

مستەفا رەشید ئاماژە بەوە دەدات ئەو قەرزە بەهۆی راکێشان بۆ سولفەی هاوسەری بۆ مامۆستایان، کڕینی پێداویستی قوتابخانەو پەروەردەکەیان بووە، وتی «لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەو بڕە کەمەی لامانماوە، هەمووی دەدەینەوە».

جەلال سام ئاغا سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «ئێمە بەدوای یەک دیناری حکومەتەوەین، ئەگەر لەقوڕگی شێریشدا بێت وەریدەگرینەوە، بۆیە ئەگەر هەر فەرمانگەیەک ئەو پارەیە نەداتەوە، ئێمە لێکۆڵینەوە دەکەینو پاشان دەیدەین بەدادگا بۆ وەرگرتنەوەی پارەکە».

### ناوی ئەو فەرمانگانەی قەرزەکانیان نەگەڕاندووەتەوە بۆحکومەت

١. بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان، بڕی (١٧٩٥٥٤٦٥٠) دینار.
٢. بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی گەرمیان، بڕی (١٦٥٠٠٠٠) دینار.
٣. ئیدارەی گەرمیان، بڕی (٢٨١٥٢٨٩٣٠) دینار.
٤. بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گەرمیان، بڕی (٣٣٠٦٠٣٣٥٠) دینار.
٥. بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان، بڕی (٤٣٥٥٩٩٧٠٠) دینار.
٦. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان، بڕی (١٤٥٤٣٧٨٩٥٠) دینار.
٧. بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی گەرمیان، بڕی (١٩٢٥٢٨٥٠٠) دینار.
٨. بەڕێوەبەرایەتی ئاودێریو بەنداوەکانی گەرمیان، بڕی (٢٧٠٠٠٠) دینار.
٩. کتێبخانەی گشتی گەرمیان، بڕی (٦٠٩٤٥٦٠٠) دینار.
١٠. بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان، بڕی (٤٢٢٠٥٠٠٠) دینار.
١١. بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ، بڕی (١٦٢٢٨٥٠) دینار.
١٢. قایمقامیەتی قەزای کەلار، بڕی (٢٢٩٢٠٠٠) دینار.
١٣. پەیمانگای هونەرەجوانەکان بڕی (٥٥٥٥٠٠٠) دینار.
١٤. بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سەرقەڵا، (٢٢٠٠٠٠) دینار.

### ناوی ئەو فەرمانگانەی کە پێشینەیان وەرگرتووەو نەیانداوەتەوە.

١. بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان، بڕی (٢٥٥٠٠) دینار.
٢. بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، بڕی (١٢٠٠٠٠٠) دینار.
٣. بەڕێوەبەرایەتی ئەشغالو ئاوەدانکردنەوەی گەرمیان، بڕی (٥٨٤٠٦٣٥٤٠) دینار.
٤. بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری گەرمیان، بڕی (٢٢٢٢٥٠٠) دینار.
٥. پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی چەمچەماڵ، بڕی (١٢٥٥٧٠٠٠) دینار.
٦. بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری گەرمیان، بڕی (٢١٣٨١٢٠٠) بەرپرسی پێشووی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە پارەکەی خواردووەو رۆیشتووە بۆ دەرەوە کە لەنووسراوەکەدا هاتووە، لەکاتێکدا ئەو بەڕێوەبەرایەتیە لەشاری دەربەندیخان بووە.
٧. بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبانی گەرمیان، بڕی (٢٨٠٢٩٧٠٨٣٠) دینار.
٨. قایمقامیەتی قەزای چەمچەماڵ، بڕی (٧٨٥٠٠٠) دینار.
٩. بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی گەرمیان، بڕی (٣٢٧٢٧٠٠) دینار.
١٠. ئیدارەی محەلی، بڕی (١٣٥٤٠٠٠) دینار.
١١. بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی گەرمیان، بڕی (١٩١٥٠٠٠) دینار.
١٢. پەیمانگای هونەرەجوانەکانی خانەقین، بڕی (١٧٠٠٠٠٠) دینار.
١٣. پەیمانگای تەکنیکی کەلار، بڕی (٥٦٢٨٢٠٠٠) دینار.
١٤. قایمقامیەتی قەزای کفری، بڕی (٥٨٠٠٠٠) دینار.
١٥. بەڕێوەبەرایەتی سامانو دروستی ئاژەڵی گەرمیان، (٣٨٤٠٠٠٠) دینار.
١٦. پەروەردەی دەربەندیخان، بڕی (١٨٨١٥٠٠) دینار.
١٧. هاووڵاتیان (قەرزی پێشینەی هاوسەرێتی)، بڕی (١٧٣٤٠٠٠٠٠٠) دینار.
١٨. منداڵی شەهیدو ئەنفالو پێشمەرگەی دێرین بۆ پێشینەی هاوسەرێتی، بڕی (٨٤٠٠٠٠٠) دینار.

## رێکخراوی چواردەی چوار دانەخراوە؟؟

روونکردنەوە:

لەڕۆژنامەکەتان رۆژنامەی دەستوور لەژمارە ٣٧ ی ٢٠١٠/٦/٢٣ لەلاپەڕە ٣ دا بابەتێک بڵاوکراوەتەوە، بۆیە ئێمەش وەکو رێکخراوی چواردەی چوار بەپێویستمانزانی بۆ نارِوونی بابەتەکەو قسەو تۆمەتی ئەو بەڕێزانە، ئەم روونکردنەوەیە بدەین.

١. ئەو بەڕێزایانەی کەوا وادەزانن رێکخراوەکە شکستیهێناوە، ئەوە لەڕاستیەوە دوورە، بەڵام رێکخراوەکە بارەگاکەی گواستووەتەوە بۆ جێگەیەکیتر، چونکە رێکخراو بارەگای سابتی نییە، ئێستا بینای بۆ ئامادەکراوە، بەڵام بیناکە پێویستی بەکۆمەڵێک گۆڕانکای هەیە.

٢. ئێمە بەڕێز مەلابەختیار سەرپەرشتیمان ناکات، بەڵام لەگەڵ ناوەندی گەرمیان هەمائاهەنگیمان هەیە بۆ کارو چالاکیەکانمان، ئەویش سەر بەرێکخراوە دیموکراتیەکانە.

٣. رێکخراو ١٧ئەندامی سکرتاریەتی نییە، بەڵکو پێکهاتووە لە٥ پێنج ئەندامی سکرتاریەت ئەویش بەپێی پەیرِوی رێکخراوەکە.

٤. لەڕۆژی کردنەوەی بارەگاوە ئەو بەڕێزانە ئامادە نەبوون کەڕۆژێک دەوامبکەن یان بەشداری چالاکییەکانی رێکخراوەکە بکەن.

٥. ئەیانوویست رێکخراوەکە بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بەکاربهێنن، نەک خزمەتی کەسوکاری ئەنفال.

٦. لەڕاستیدا رێکخراوەکە بەڕێز مەلابەختیار هاوکاری کردووینو هەم بۆ رێکخراوەکەو هەم بۆ کەسوکاری ئەنفالیش.

لەگەڵ رێزدا....

فەتاح تەنیا
سکرتێری رێکخراوی ٤/١٤
٢٠١٠/٦/٢٩

www.arsivakurd.org

# رۆژهەڵاتیان بەقوربانی باشوور کرد

## حیزبەکانی رۆژهەڵات، بەپاساوی پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، دەستبەرداری خەباتی چەکداری بوون، داواشدەکەن پژاك واز لەخەباتی چەکداری بهێنێت

هیوا سەلیمی

لەم راپۆرتەدا کردووەهێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێران، بەبیانووی بوونی هێزەکانی پژاکەوە، ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکەن. پژاکیش بوونی هێزەکانی لەناوچە سنوورییەکان رەتدەکاتەوە.

پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە بۆ بەرەودان بەخەباتی سیاسی، دەستیداوەتە خەباتی چەکداری، سوپای پاسدارانی ئێرانیش بەپاساوی ئەو خەباتە، ناوچە سنوورییەکانی هەرێم تۆپباران دەکات.

### دروستبوونی پژاکو خەباتی چەکداری

لەدوای دەستگیرکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان لەساڵی ١٩٩٩، کۆمەڵێک گەنجی رۆژهەڵاتی کوردستان روو لەریزەکانی پەکەکە دەکەن، لەریزەکانی پەکەکەدا دەستدەدەنە خەباتی سیاسیو سەربازی. لەدوای هێرشی سەربازیی ئەمریکا بۆ عێراقو رووخانی رژێمی بەعس، پەکەکە لەژێر کاریگەری کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی سیاسی لەناوچەکە، سێ پارتی سیاسی تری بۆ هەریەکە لەپارچەکانی کوردستان دروستکرد، کەبۆ رۆژهەڵاتی کوردستان پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) دروستکرا.

عوسمان ئۆجەلان وەک بەرپرسیار بۆ راپەراندنی دروستکردنی چەندین رێکخراوی تازە بۆ پارچەکانیتری کوردستان، فەرمانی سازکردنی کۆنگرەیەکیدا، کۆنگرە بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر لەئەندامانی پەکەکە کەخەڵکی باکوور، باشوور، رۆژئاواو رۆژهەڵاتی کوردستان بوون، سازکرا.

لەو کۆنگرەدا کە لەرێکەوتی ٢٠٠٤/٣/٢٤ بەسترا، پژاک وەک حیزبێکی سیاسی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان راگەیەندرا، عەبدولڕەحمانی حاجی ئەحمەدی کەنیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیا بوو، وەک سەرۆکی پژاک دیاریکرا.

پژاک، گەیشتن بەمافە دیموکراتیو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کوردستان، وەک ئامانجو سیاسەتی ئەو حیزبە رادەگەیەنێ، دەستبردن بۆ چەکو خەباتی چەکداری وەک بەرەنگاری مەشروع پێناسە دەکا. هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە خەباتی چەکداری بە بەشداری کوردەکانی رۆژهەڵات، باکوور، باشوورو رۆژئاوای کوردستان لەناو خاکی کوردستانی ئێران ئەنجامداوەو تائێستا بەردەوامە.

ئەگەرچی پژاک بەردەوام خۆی وەک حیزبێکی سەربەخۆ لەپەکەکە ناساندووە، بەڵام تێکەڵبوونی ئەوان لەباری فکریو سەربازی لەگەڵ پەکەکە، بەکردەوە جیاکردنەوەی ئەوانی لەپەکەکە ئەستەم کردووە.

سەبارەت بەئامانجەکانی دروستبوونی پژاک لەلایەن پەکەکەوە، عوسمانی جەعفەری یەکێک لەدامەزرێنەرانی پژاک کەدواتر لەگەڵ کۆمەڵێک ئەندام لەو حیزبە جیابوونەوەو حزبێکی نوێ بەناوی یەکێتی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند. لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت کاتێک ئەمریکا هاتە عێراق، فەزایەکی واخوڵقا کە لەوانەیە ئەمریکا هێرشبکاتە سەر ئێران، پەکەکەش لەلیستی تیرۆردایەو ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکا لەپەکەکەش بدات. ئەو کات لەناو پەکەکەدا دوو پاڵنەر بۆ دروستکردنی پژاک بوونی بوو، پاڵنەرێکیان خودی ئەندامانی رۆژهەڵاتی پەکەکە بوون، کەپێیانوابوو ئەمریکا وەک میکانیزمێک هاتووەتە ناوچەکەو ئەگەر ئەوان ئێستا دەست بەخەباتی جدی نەکەن، ئەوا ئەو هەلە مێژووییە لەدەستدەدەن. پاڵنەری دووهەمیش خودی پەکەکە بوو، کەدەیوویست بەسازبوونی جوڵەیەکی سیاسی لەرۆژهەڵات، خۆی لەبەرامبەر هەر هێرشێکی ئەمریکا بپارێزێو ئەو کارەش کرا. لەهەمانکاتدا پەکەکە بیری لەوەش کردبووەوە کە لەئەگەرەکانی داهاتوو، پژاک وەک کارتێک لەدژی ئێران بەکاربێنێ.

زۆربەی چالاکییە چەکدارییەکانی پژاک لەناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێرانو هەرێمی کوردستانە، حکومەتی ئێران بەبیانووی بوونی چەکدارەکانی پژاک لەو ناوچانە، چەندین ساڵە ناوبەناوە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان دەکاتو لەیەکی مانگی رابردوودا، ئەم رەفتارەی کۆماری ئیسلامی لەئاستێکی بەرفراوانترو توندتردا بووە.

بەڵام بەرپرسانی پژاک بەردەوام ئەم ئیدعایەی حکومەتی ئێران رەتدەکەنەوە، دەڵێن لەناو خاکی هەرێمەوە هێرش ناکەنە سەر ئێران، بەڵکو چالاکییەکانیان لەقوڵایی خاکی کوردستانی ئێراندایە. دەڵێن هێزەکانی ئەوان لەو شوێنانە نین کەتۆپباران دەکرێن.

جیا لەپژاک، سەرجەمی حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، چالاکییە چەکدارییەکانیان بۆ چەندین ساڵە راگرتووە، بەرەودان بەخەباتی مەدەنیو پاراستنی دەسکەوتەکانی باشووری کوردستانیان وەک هۆکارێک بۆ ئەم سیاسەتە راگەیاندووە.

حیزبەکانی کوردستانی ئێران، چەندین ساڵە دەستیان لەخەباتی چەکداری بەرداوە، لەلایەن لایەنگرانی خەباتی چەکدارییەوە رووبەڕووی ئەو رەخنانە دەبنەوە کە لەئۆردوگاکانی بندەستی یەکێتیو پارتیدا، خەریکی ململانێن لەسەر دەسەڵاتێک کەنیانە، زوو زووش گروپێکیان بەناوی جیاوازی بیروڕا جیادەبنەوە.

حەسەنی رەحمان پەنا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت « بۆ ئێمە خەباتی چەکداری تاکتیکێکی خەباتکارانەیە، ئێمە لەرابردوودا لەپێناوی پاراستنی خۆمان، شوراکان، خەباتی چەکداریمان کردووە، ئێمە ئەگەر بمانەوێ کاری چەکداری بکەین، خۆمان دیاریدەکەین کە چ کاتێکو چۆن بەم کارە هەستینو بەئاشکرا بەجەماوەریشی رادەگەیەنین».

رەحمان پەنا دەڵێت ئێستا خەباتی چەکداریان راگرتووە، لەبەر بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە، نەدانی بیانوو بەدەست حکومەتی ئێرانەوە بۆ فشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان. وتی «گرنگیدان بەگەشەی خەباتی مەدەنیو جەماوەریو کرێکاری لەئێرانو کوردستان بەگرنگتر دەزانین».

بێهروزی ئەردەڵان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی رێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێران، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت ئەوان خەباتی چەکداری رەتناکەنەوە، بەڵام پاراستنی ئەزموونی باشووری کوردستان بەگرنگترین هۆکار بۆ راگرتنی ئەو شێوازە لەخەبات لەلایەن خۆیانەوە وەسفدەکات.

ئەردەڵان، وتی «ئێستا بەهۆی هەلومەرجی سیاسیی ناوچەکەو هەروەها بۆ نەدانی بیانوو بەدەستی حکومەتی ئێران، خەباتی چەکداریمان راگرتووە، بەلای ئێمەوە پاراستنی ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی تایبەتی هەیە».

حیزبە کوردستانییەکان، سەرەڕای رەتکردنەوەی خەباتی چەکداری، بەڵام هێشتا بەشدارییەکی بەرفراوانیان لەبزووتنە ناڕازییە مەدەنییەکانی ئێراندا نەکردووە، کەمتر پەنایان بۆ میکانیزمەکانی خەباتی مەدەنی بردووە.

عەبدوڵلا موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت لەرابردووشدا پرسی خەباتی چەکداری، بڕاردەی ئەوان نەبووەو بەسەرماندا سەپاوە، وتی «ئێستاش من لەو بڕوایەدام کەخەباتی مەدەنی دەبێ لەپێشەوەی هەموو تاکتیکەکانی خەباتدا بێ. هەستان بەخەباتی چەکداری لەم قۆناغەدا کاریگەری نێگەتیڤ دادەنێ لەسەر رەوتی ئەو بزووتنەوە دیموکراسیخوازەی کەئەمڕۆ لەئێراندا لەئارادایە».

محەمەد نەزیفی قادری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت بوونی پژاک تەنها بیانوویەکە بۆ تۆپباران، وتی «حکومەتی ئێران هەر لەسەرەتای پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو کاتەی کەهێشتا پژاکیش نەبوو، بەهاوبەشی تورکیاو سوریا خەریکی پیلانگێڕان دژی هەرێمی کوردستان بووە. حکومەتی ئێران لەپارێزگای میسانی باشووری عێراق، هێرشدەکاتە سەر عێراق، خۆ لەوێ پژاکی لێنییە».

قادری وتی «هەرچەندە خەباتی چەکداریو بەرەنگاربوونەوەی چەکداری، مافێکی رەواو مەشروعی هەر نەتەوەیەک لەجیهانە، بەڵام لەم هەلومەرجەدا ئێمە پێمانوایە کەپەرەدان بەخەباتی سیاسیو مەدەنیو جەماوەری، دەبێ لەپێشەوەی هەموو شێوازەکانی خەباتدا بێ.»

قادر وریا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت لەم ساتەوەختەدا کەبزووتنەوەیەکی جەماوەری لەئێراندا لەئارادایە، باشتروایە کەخەباتی چەکداری نەبێو زۆرتر کاربکرێ بۆ دروستکردنی دەرەتان بۆ بزووتنەوەی جەماوەریو گەشەی ئەو بزووتنەوەیە، لەبەر ئەوەی کەحکومەتی ئێران، کەڵکی خراپ لەخەباتی چەکداری لایەنە سیاسییەکان وەردەگرێ. وتی «ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە لەئاستی نێودەوڵەتیش خەباتی چەکداری کاردانەوەی نێگەتیڤی لێدەکەوێتەوە».

### پژاک: خەبات لەدژی ئێران لەهەلومەرجی ئێستادا، وادەخوازێت

شێرزاد کەمانگەر، بەرپرسی پەیوەندییەکانی پژاک، پێیوایە پێش دروستبوونی پژاکیش ئێران بەردەوام ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی بۆردوومان کردووە، ئاماژە بەوەدەدات کەهەلومەرجی ئێستا، وادەخوازێت پژاک بەو شێوەیەی ئێستا خەبات بکات.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی پژاک بەدەستووری وت «پژاک هێزێکی چەکدار نییەو تەنیا شەڕکەر نییە، بەڵکو پارتێکی سیاسیی کۆمەڵایەتییە، هێزی سەربازی خۆی بۆ پاراستنی رەوای خۆیو پاراستنی گەلەکەی بەکاردێنێت».

شێرزاد کەمانگەر دەڵێت تائێستا پژاک شەڕی لەبەرامبەر ئێرانو هیچ لایەنێکیتر رانەگەیاندووە، ئەو تۆپارانەی کە لەلایەن تۆپخانەکانی ئێرانەوە سنوورەکانی باشوری کوردستان دەکرێت، ئەوانە هەمووی بیانووەو راستییەکەی شتی جیاوازی تێدایە.

کەمانگەر وتی «ئەو ناوچانەی ئێران تۆپبارانی دەکات، پژاکی تێدانییە، وەک ناوچەکانی حاجی ئۆمەرانو بناری قەندیل کەخەڵکی سڤیلو گوندنشینی لێیە».

ئاماژەی بەوەشدا کەمانەوەیان لەقەندیل کەساڵانێکە جێگەی شۆڕشگێڕان بووە، لەدژی حکومەتی بەعس، بۆ خۆی دەبێتە پارێزگارییەک بۆ ئەو دەستکەوتانەی کە لەباشووری کوردستان بەدەستهاتوون، وتی «ئەگەر ئێمە لەم چیایانە نەبین، ئێران بەهۆی ئەزموونییەوە ئەو ناوچانە دەکاتە مۆڵگەی تیرۆرستانو ئەنسار ئیسلامو جوند لئیسلام، ئەوە مەترسییەکی زۆر زۆر گەورەترە».

بەرپرسی پەیوەندییەکانی پژاک وتی «ئەگەر بمانەوێت لەئێران بەشێوازێکی مەدەنیو دیموکراسی کارو خەباتی خۆت بکەیت، دەرفەتێکی لەو جۆرە نییە، ئەوەی وەک جمهوری ئیسلامی بیرناکاتەوە جێگەیان زیندانە».

ئەو بەرپرسەی پژاک وتی «راستییەک هەیە، گەل رووبەڕووی کوشتار دەبێتەوەو لەزینداندا لەسێدارە دەدرێتو لەسەر سنوورەکان شەهید دەبێت، کە گەل لەو بارودۆخەدا بێت، کێ پارێزگاری لێبکات، بەچ شێوازێک خەبات بەڕێوەدەچێت، خەبات بەشێوازی دیبلۆماسیو سیاسی تەواو ناکرێت، خەباتی سیاسی هیچ دەستکەوتێکی نەبووە، خەباتی چەکداری هەرچەندە ماوەیەکی کەمە دەستپێکردووە، دەتوانێت ئەنجامێکی زۆرباش بەدوای خۆیدا بهێنێت، نەک وەک هەندێکیان تەنها لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنو رۆژنامەکان قسەدەکەن، خەبات بەو شێوازە ناکرێت».

**کاروخ نامیق بەشداری لەم راپۆرتەدا کردووە**

---

# ...ارەزایی نابەستن

راوێژکار بۆ خۆیان بگرن.

حەمە سەعید حەمە عەلی بەرپرسی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی پەرلەمان لەفراکسیۆنی یەکگرتوو، رەتیکردەوە کەبوونی راوێژکار پێویست بێت، ئەو وتی "بۆ هەر لیژنەیەکی پەرلەمان راوێژکارێک پێویستە، ئیتر پێویست ناکات هەر ئەندام پەرلەمانێک راوێژکارێکی هەبێت".

پەرلەمانتارانی کوردستان دەڵێن تائێستا بەشداری خولی تایبەت بەبوارەکەی خۆیان نەکردووە.

حەمە سەعید داوایکرد پەرلەمان خولیان بۆ بکاتەوەو راوێکاریش بۆ لیژنەکان دابینبکات.

سالار مەحمود پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانی وتی "پەرلەمانتاران پێویستیان بەراوێژکارو بەخولی گەشەپێدان هەیە، بۆئەوەی بتوانن بەباشی مامەڵە بکەن، بەڵام دابینکردنی ئەوە بەپەرلەمانتاران ناکرێت".

لەلایەکی ترەوە ئەحمەد سلێمان ناسراو بەحاجی بیلال پەرلەمانتار لەفراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی، وتی "من راوێژکارم هەیە، بەڵام خۆبەخشنو تەنها هاوکاریم دەکەن، هەرچەندە چەندینجار داوای راوێژکارمان کردووە بۆ خۆمانو لیژنەکانمان، بەڵام هەرجارەی بەبیانوویەک باسەکەیان دواخستووە".

بیلال پێیباشبوو دەستەیەک لەراوێژکاران هەبن بۆ پەرلەمانتارانو لەناو پەرلەماندا هەریەکەیان لەبوارێکدا راوێژی پێبکرێت.

رێبین رەسوڵ ئیسماعیل چاودێری سیاسی پێیوایە نەبوونی راوێژکار وا دەکات پەرلەمانتارانو لیژنەکان بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەکەن.

ئەو وتی "لەبەرئەوەی پەرلەمانتاران هەموویان لەهەموو بوارێکدا شارەزاییان نییەو بەبێ راوێژکار، ناتوانن سەرکەوتووبن". بەپێویستیشیزانی سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ هەر ٤ پەرلەمانێک راوێژکارێک دابینبکات.

فرسەت ئەحمەد سکرتێری سەرۆکایەتی پەرلەمان بەدەستووری راگەیاند تائێستا پەرلەمانتاران داوای راوێژکاریان نەکردووەو ژمارەیەکیش لە ١٩ لیژنەکەی پەرلەمان، راوێژکاریان نییە.

ئەو وتی "قسەمانکردووە لەسەر دامەزراندنی تەنها یەک راوێژکار بۆ هەر لیژنەیەک لەو لیژنانەی کەراوێژکارییان نییە".

# دیالە بۆنی خوێنی لێدێت!

## بەرپرسانی پارێزگاکە دەڵێن ئەنجومەنی سەحوەو هەندێك لایەنی عێراقیو ئێران هاوکاری هێزە چەکدارە یاخیبووەکان دەکەن

زانیار داقوقی

تەنها لەماوەی دوو مانگی رابردوودا، بەپێی ئەو ئامارانەی لەهێزە ئەمنییەکانەوە دەست دەستوور کەوتوون، تائێستا نزیکەی ١٠٠ ئەندامی ئەنجومەنەکانی سەحوە لەپارێزگای دیالە، بەگومانی تێکدانی بارودۆخی ئەمنی پارێزگاکە دەستگیرکراون. بەڵام پارێزگاکە تائێستاش ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوە. **بارودۆخی ئەمنی بەجۆرێک شڵەژاوە، کەپارێزگاکە بۆنی خوێنی لێدێت.**

ماوەیەکە لەسنووری پارێزگای دیالە گروپە "توندڕەوەکان"، بەشێوەیەکی بەربڵاو لەپێشووتر تەشەنەیان کردووە، هەروەها دەستیانکردووەتەوە بەتێکدانی بارودۆخی ئەمنی پارێزگاکە، بەرپرسانی ئەمنی شارەکەش دەڵێن تێکچوونی باری ئەمنی ناوچەکە بەدەرنییە لەدەستتێوەردانی دەرەکی، دەنگۆی یارمەتیدانی ئێرانیش بۆ گروپە توندڕەوەکان لەلایەن بەرپرسانی ناوچەکەوە دەبیسترێت.

نزیکەی ٧٥ مزگەوتو حوسێنییە لەماوەکانی رابردوودا، بەهۆی هەڕەشەی تیرۆریستییەوە داخراون، زۆربەیان ئێستا لەترسی تەقاندنەوەیان لەژێر چاودێری وردی هێزە ئەمنییەکاندان.

تاڵیب محەمەد سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند، ئەنجومەنی پارێزگا بەکۆی دەنگ بڕیاریانداوە بەلابردنی لیوا روکن عەبدول حوسێن شەمەری بەڕێوەبەری پۆلیسی دیالە لەپۆستەکەی.

بۆ جێگرتنەوەی ئەو پۆستە، ناوی ١٥ ئەفسەری پلەبەرز لەپۆلیسی پارێزگای دیالە، رەوانەی وەزارەتی ناوخۆو لیژنەی دادوەریو لێپرسینەوە کراون، بەمەبەستی دڵنیابوون لەناو و کەسایەتییان، تاوەکو بکرێنە ناو لیستی کاندیدکراوان بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە بەهەڵبژاردن.

تاڵیب وتی "بارودۆخی ئەمنی رووی لەباشی کردووە، ئێستاش قەدەغەکردنی هاتوچۆ کەمیکردووە".

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە ئەوە ئاشکرادەکات، کەبەشێک لەهۆکارەکانی تێکدانی ئەمنییەتو ناکۆکی نێوان کوردو عەرەب، پۆلیسی پارێزگاکە دروستیدەکات.

بەرپرسانی پارێزگاکە دەڵێن ئەستەمە متمانە بەپۆلیس بکرێت، فەرماندەکانی پۆلیس بەجۆرێک لەگەڵ گروپە یاخیبووەکاندا دەستیان تێکەڵکردووە، دەزگا بەرپرسەکانیش ناتوانن بەسەریاندا زاڵبن.

تەنها لەساڵی ٢٠٠٩ لەسنووری پارێزگای دیالە، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقییەوە، نزیکەی ١٣٢٠ پۆلیس فەسڵکراون، بەتۆمەتی بوونی پەیوەندی لەگەڵ گروپە "توندڕەوەکان".

بەڵام عسام شاکر سەرۆکی لیژنەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی رایگەیاند، داوایان لەحکومەتی عێراقیو وەزارەتی ناوخۆ کردووە بەگەڕانەوەی ئەو رێژە پۆلیسەی کەفەسڵکراون بۆ شوێنەکانی خۆیان، چونکە ئەو پۆلیسانە لەسەرجەم نەتەوەو لایەنەکانی لەخۆگرتووە.

عسام وتی "زۆربەی پۆلیسە دەرکراوەکان، لەو خێزانانەن کە بەهۆی بارودۆخی ئەمنی ناوچەکانیان بەجێهشتووە، ئێستاش بژێوی ژیانیان سەختەو هیچ کارێکتیر ناکەن".

ئاماژەی بەوەشدا کەداوایان لەوەزیری ناوخۆ کردووە، کەئەوانە زەرەمەندبوونو دەبێت قەرەبووی زەرەرمەندییان بکرێتەوە، نەک فەسڵبکرێن. رەتیشیکردەوە ئەو رێژە پۆلیسە هیچ شتێکیان لەسەر ساغبووبێتەوە.

تاڵیب محەمەد وتی "هێزی ئەمنی سنووری پارێزگای دیالە کەمتەرخەمن، دوای تەقینەوەکەی ئەمدوایەی قەزای خالس لێکۆڵینەوە لەگەڵ ٤٠ پۆلیسو بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەو قەزایە بەردەوامە، بەڵام تائێستا تاوانبارەکان دیارنین".

بەشێک لەبەرپرسانی ئەمنی ناوچەکە، رای جیاوازتریان لەبارەی گروپە "توندڕەوەکان"و تێکچوونی باری ئەمنی ناوچەکە هەیە، ئەوان پێیانوایە زۆربەی ئەو کارە تیرۆرستییانەی پارێزگاکە لەلایەن ئەو گومانلێکراوانەوە ئەنجامدەدرێت کە لەساڵانی رابردوودا لەزیندانەکانی عێراقەوە ئازادکراون.

لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی پارێزگای دیالەوە لەساڵانی ٢٠٠٨ بۆ ٢٠٠٩ نزیکەی ٣٠٠٠ هەزار زیندانی کەپێشووتر بەگومانی پەیوەندیبوون لەگەڵ گروپە توندڕەوەکان دەستگیرکرابوون، ئازادکران.

موسەنە تەمیمی سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لەئەنجومەنی پارێزگای دیالە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت بەبڕوای ئەو لە ٦٠٪ تێکدانی بارودۆخی ئەمنی لەسنووری پارێزگای دیالە، لەلایەن گروپە "تیرۆرستییەکان"و ئەو کەسانەن کە لەزیندانەکانی عێراق ئازادکران، کەپێشتر بەگومانی کردەوە "تیرۆرستییەکان" دەستگیرکرابوون.

موسەنە وتی "بەپێی ئەو زانیاریانەی دەستمانکەوتووە، ئەو زیندانیانە دووبارە بەشدارییان لەگەڵ گروپە توندڕەوەکانی پارێزگای دیالەدا کردووەتەوە، هەروەها زانیارییەکی وردمان دەربارەی کردەوە توندوتیژییەکان هەیە کەئەوان ئەنجامیدەدەن".

سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لەئەنجومەنی پارێزگای دیالە، رایگەیاند کەپلانێکی نوێیان بۆ رزگارکردنی هاووڵاتیان لەمەترسیو دڵەڕاوکێ لەلایەن گروپە توندڕەوەکانەوە بەدەستەوەیە، بەڵام وردەکاری پلانەکەی ئاشکرانەکرد.

زیاد ئەحمەد ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستانی رایگەیاند شڵەژانی بارودۆخی ئەمنی دیالە، تەنها ئەو کەسانە ناگرێتەوە کەپێشووتر زیندانیکراونو دواتر ئازادکراون، وتی "زۆربەی ئەو کردەوانەو ئەنجامدەرانیان لەلایەنێکەوە پاڵپشتی دەکرێن، لەوانە مجامیع خاسەو ملیشیات، هەروەها ئێران".

زیاد ئەحمەد وتی "زۆربەی کردەوە توندوتیژییەکان لەسنووری پارێزگای دیالەدا دەستی ئێرانی بەدواوەیە".

هەروەها زیاد وتی "لەزۆر سنووری پارێزگای دیالە، هێزە ئەمنییەکان نەیانتوانیوە بەرقەراری دابینبکەنو لەگروپە توندڕەوەکان پاکیبکەنەوە، لەوانە حەوزەی حەمرینو ناوچەی خاڵس".

سەرچاوەیەک لەپۆلیسی پارێزگای دیالە بەدەستووری راگەیاند کەزانیاری وردیان لەسەر دەستتێکەڵکردنو بوونی پەیوەندی نێوان چەکدارانی سەحوەو گروپە توندڕەوەکان هەیە.

تاڵیب وتی "بەهۆی دەستتێکەڵکردنی چەکدارانی سەحوە، لەگەڵ گروپە توندڕەوەکانیتر، بڕیاری دەستگیرکردنی ٤٥ ئەندامی تری ئەنجومەنەکانی سەحوە دەرکراوە".

سەرەڕای ئەو هەموو کردەوە توندوتیژییانەی کە لەئەمساڵدا پارێزگای دیالەو دەوروبەری گرتووەتەوە، بەڵام جۆرێک لەدەستەوەستانیو دۆشدامان بە بەرپرسانی ئەمنی ناوچەکەوە دیارە. هەماهەنگیش لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی بەدیناکرێت.

زیاد ئەحمەد وتی "تائێستا لیژنەی ئەمنی پارێزگای دیالە بەهیچ جۆرێک کۆبوونەوەی ئەنجامنەداوە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی تری پارێزگاکە".

بەهۆی زۆری دەستگیرکردنی گۆمانلێکراوانو زۆری کاری توندوتیژی، بڕیاردراوە ٤ دادگای تری نەهێشتنی تاوانەکان لەو پارێزگایە بکرێتەوە.

تاڵیب محەمەد وتی "چونکە یەک دادگا رۆژانە توانای لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ئەو رێژە زۆرەی دەستگیرکراون نییە".



١٣٢٠ پۆلیس بەتۆمەتی بوونی پەیوەندی لەگەڵ گروپە توندڕەوەکان فەسڵکراون

# پەرلەمانتارانی کوردستان پشت بەڕاوێژو ش

## نەخۆیانو نەلیژنەکانیش راوێژکاریان نییە، بەپێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆوە کەداوادەکات راوێژکار بگرنو ئەدای خۆیان باشتر بکەن

فەرمان خێلانی

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆیی پەرلەمان، لیژنەکانی پەرلەمان دەبێت راوێژکاریان هەبێتو پەرلەمانتارانیش پشت بەڕاوێژو کەسانی شارەزا ببەستن، بەڵام نە لیژنەکانی پەرلەمان راوێژکاریان هەیەو نە پەرلەمانتارانیش پشت بەڕاوێژ دەبەستن، بەوەش ئەوان پەیڕەوی ناوخۆ پێشێلدەکەن.

پەرلەمانی کوردستان لە ١٩ لیژنە پێکهاتووەو هیچ کام لەو لیژنانە راوێژکارو لێزانیان نییە، لەکاتێکدا زۆرێک لەپەرلەمانتاران شارەزاییەکی پیشەیی وایان نییە لەناو لیژنەکاندا.

لەسێیەم راپۆرتی رێکخراوی ASK، کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد، ئاماژە بەوەکراوە کەژمارەیەکی زۆرکەمی پەرلەمانتاران پشت بەڕاوێژکار دەبەستنو هاتووە "لەکاتێکدا ئەو بڕە پارە زۆرەی وەک موچە وەریدەگرن بۆئەوەیە بەشێکی بۆ کاری راوێژکاری سەرفبکەنو ئەدائی کارەکانی خۆیانیانی پێ پێشبخەن".

پەرلەمانتاران دەڵێن گرەتنی راوێژکار بەو پارە کەمە نابێت، کەموچەی مانگانەی هەر پەرلەمانتارێکە، دابیننەکردنی راوێژکاریش دەخەنە ئەستۆی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

لەمادەی ٤٩ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانو لەمادەی ٤٠یشدا دەڵێت لیژنەکان دەتوانن پرس بەخەڵکی شارەزاو لێهاتوو بکەن، بۆ کارەکانیانو پشت بەبۆچوونی راوێژکارو شارەزا ببەستن.

کەریم بەحری یاساناسو ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان دەڵێت پێویستە هەریەک لەپەرلەمانتارانو لیژنەکانو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان راوێژکاریان لەسەرجەم بوارەکاندا هەبێت، بەڵام ئەوە لەپەرلەمانی کوردستاندا پشتگوێخراوە.

بەحری وتی "ئەگەر بمانەوێت ژیانی پەرلەمانیی لەهەرێم بەرەو باشتربەبەینو بیکەین بەدامەزراوەیەکی رێکوپێک، دەبێت رەچاوی هەموو ئەو پێداویستیانە بکەین".

ئەو بەپێویستی دەزانێت پەرلەمانتاران لەسەر حیسابی ئەو موچەیەی کەمانگانە وەریدەگرن، راوێژکارێک بۆ خۆیان دابینبکەن.

زۆربەی ئەو پەرلەمانتارانەی بەسەر لیژنەکاندا دابەشکراون، زانیارییەکی ئەوتۆیان نییە لەبارەی کاروبارەکانیانەوە بەتایبەت لەیاسادا، بەڵام ئەوان بەبێگوێدانە راوێژکارو گرەتنی کەسانی شارەزا، کاروبارەکانیان بەڕێوەدەبەن.

موچەی هەر پەرلەمانتارێکی کوردستان ٧ ملیۆنو ٧٥٠ هەزار دینارە، بەشێک لەپەرلەمانتاران دەڵێن بەشێک لەموچەکانمان بۆ حیزب دەبێت، بۆیە دەڵێن "ناتوانین لەسەر حیسابی خۆمان راوێژکار بگرین".

بودجەی ئەمساڵی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان (٧٢, ٧٤١, ٠٠٠, ٠٠٠) حەفتاو دوو ملیارو حەوتسەدو چاڵو یەک ملیۆن دینارە، بەڵام لەو بڕە پارەیە هیچ بودجەیەک بۆ گرتنی ڕاوێژکار بۆ پەرلەمانتاران سەرفنەکراوە.

ئاسۆ کەریم وتەبێژی فراکسیۆنی کوردستانی لەپەرلەمانی کوردستان نکۆڵی لەوە ناکات کەهەر ئەندام پەرلەمانێک پێویستی بەلێهاتوویيو شارەزایی یاساییو ئەو بوارە هەیە کەلیژنەکەی کاری لەسەر دەکات، وتی "ئەوەش بەهەبوونی راوێژکار دەبێت".

ئاماژەی بەوەشدا کەپێویستە پەرلەمانتاران خولی تایبەت بەبوارەکانی خۆیانو ژیانی پەرلەمانیی ببینن، بەڵام وتی "دەبێت سەرۆکایەتی پەرلەمان بەوە هەستێت نەک پەرلەمانتاران".

ئاسۆ باسی لەوەشکرد کەدوو خول لەلایەن لیژنەیەکی پەرلەمانی بەریتانیاو ئەڵمانیا لەهۆڵی پەرلەمان کراوەتەوە، بەڵام بەشێکی کەمی پەرلەمانتاران ئامادەبوون.

ئیسماعیل گەلاڵی ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان وتی "زۆربەی لیژنەکانی پەرلەمان راوێژکاریان نییە، کەپێویستە هەیانبێت. من لە ٢ لیژنەدام لەپەرلەمان کەهیچیان راوێژکاریان نییە".

گەلاڵی وتی "هەر ئەندام پەرلەمانێک پێویستی بە ٣ راوێژکار هەیە، موچەی پەرلەمانتار زۆر نییەو کەمە، بۆیە ناتوانێت راوێژکار بگرێت".

هەر پەرلەمانتارێکی گۆڕان دەڵێن مانگانە لە١٠٪ موچەکانیان بۆ بزووتنەوەی گۆڕانە، کۆمەڵی ئیسلامیش دەڵێن مانگانە لە ٦٠٪ی موچەکانیان بۆ حیزبەکەیانە، بۆیە دەڵێن ناتوانن



# ئاوازەکەی گەرمەسێر تەنیایە

## حەسەن هەیاس: هونەرمەندانی لوڕ زمان فەرامۆشکراون

فەرمان خێڵانی

هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناوچەی گەرمەسێر حەسەن هەیاس، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هونەرمەندانی لوڕ زمان فەرامۆشکراونو حکومەتی هەرێم هاوکارییان ناکات.

حەسەن هەیاس بەدەستووری وت "وەزارەتی رۆشنبیری هەرێم هونەرمەندانی ناوچەی گەرمەسێری فەرامۆشکردووە، بەتایبەت هونەرمەندانی لوڕ زمان، بەشێوەیەک تەنانەت لەهەموو گەرمەسێردا هۆڵێک یان ستۆدیۆیەک نییە بۆئەوەی هونەرمەندان کۆبکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی رۆشنبیری هیچ هاوکارییەکی مادیمان ناکات بۆ کلیپو بەرهەمی نوێی خۆمان".

هەرچەندە هاوکاری ناکرێن، هەیاس لەهونەر ناوەستێتو بەردەوامدەبێت، وەک خۆی دەڵێت "پێش ٣ مانگ بەرهەمێکم لەئێران لەسەر حیسابی خۆم تۆمارکرد، بەناوی (لیوە)، کە ئاوازو هۆنراوەی خۆمە، پێش چەند مانگێکیش لەسەر بانگهێشتی فیدراسیۆنی یارسان لەسوید، توانیم کۆنسێرتێک ئەنجامبدەم بۆ هەوادارانی دەنگم، بەرهەمی تازەیشم لەچەند مانگی داهاتوودا ٤ گۆرانی لەو ٩ گۆرانییەی کە ئامادەمکردووە، لەئێران



تۆماردەکەمو پێشکەش بەهەوادارانمی دەکەم".

سەبارەت بەتۆمارنەکردنی هەموو گۆرانیەکانی، هەیاس وتی "کەس هاوکاریم ناکاتو لەسەر حیسابی خۆم بەرهەمەکانم تۆماردەکەم، بۆ تۆمارکردنی یەک گۆرانی لەئێران، دەبێت ملیۆنێک تومەن بدەم کەدەکاتە ١,٢٠٠,٠٠٠ دینار، بۆیە لەئێستادا ٤ گۆرانی تۆمار دەکەم".

هەیاس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، گۆرانیبێژانی شێوەزاری لوڕی لەکەمبوونەوەدایە، ئەم حاڵەتەش بۆ چەند هۆکارێک دەگێڕێتەوە.

هەیاس، وتی "لەهەرێم گۆرانیبێژی لوڕ زمان کەمبوونەتەوە، لەبەرئەوەی مادەو دەسەڵات بەدەست سۆرانیەکانەوەیە، جگەلەوەش سۆرانی لەهەرێم گوێگرانی زیاترن، لەبەرئەوەیە کەهونەرمەندانی لوڕ زمان بەسۆرانی گۆرانی دەچڕن".

گۆرانی (چەبیدی، چەکردی) دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، تائێستاش ئەم گۆرانیە گوێگری خۆی هەیەو لەلایەن هونەرمەندانی ترەوە دەوترێتەوە، دەربارەی کاریگەری ئەم گۆرانیە، هەیاس وتی "لەبەرئەوەی ئەو گۆرانیە ئاوازەکەی سەرکەوتوو بوو، زۆربەی هونەرمەندانی کورد وتوویانەتەوە، جگەلەوەش چەند هونەرمەندێکی بەناوبانگی عەرەب وەک خۆی وتوویانەتەوە، وەک هونەرمەندی مەقامبێژی بەناوبانگی عەرەب فەریدە، جەلال خورشیدو غەزلان".

هەیاس دەڵێت "ئەم گۆرانیە ئاوازو هۆنراوەی خۆمەو بەم دواییانەش هونەرمەندی ناوداری کورد ناسری رەزازیش وتوویەتیەوە".

هونەرمەندی دەڤەری گەرمەسێر حەسەن هەیاس ساڵی ١٩٦٥ لەخانەقین لەدایکبووە، خاوەنی ٥٤ بەرهەمی گۆرانی بڵاوکراوەیە، بەشێوەزاری لوڕی گۆرانی دەچڕێت.

# عەدنان کەریمو ئەحمەد هەردیو حەسەن زیرەک لەدڵداری تازەدا

موحسین یاسین



مۆزیسیان هێرش عومەر رەزا بەدەستووری راگەیاند دوابەرهەمی ئامادەکردنی میوزیکە بۆ گۆرانییەک کە لەلایەن عەدنان کەریمەوە دەوترێتو هۆنراوەی ئەحمەد هەردیەو لەم بەرهەمەدا دەنگی حەسەن زیرەک بەئۆرجینالی تێیدا بەکارهاتووە.

لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور هێرش عومەر رایگەیاند "دوابەرهەمم ئاوازێکی نوێیە بۆ هونەرمەند عەدنان کەریم کە لەشیعری شاعیری گەورە ئەحمەد هەردیەو بەناوی (دڵداری تازە)یە، بەشێوازێکی زۆر نوێ کارمان تیادا کردووە، من ئاوازو کاری ئامادەکردنی مۆزیکم بۆ کردووە، ماوەکەی ١١ خولەکەو کاری دابەشکردنی کارزان مەحمودە.

هێرش بەدەستووری وت لەم بەرهەمەدا دەنگی هونەرمەند (حەسەن زیرەک)مان بەئۆرجینالّ بەکارهێناوەتەوەو هونەرمەند عەدنان کەریم بەشی کۆتایی گۆرانیەکە دەڵێت".

سەبارەت بەپرۆژەکانی تری، مۆزیسیان هێرش عومەر ئاشکرایکرد "کاری دووەمم بۆ هونەرمەند (دیاری قەرەداغی)ە کەشیعرو ئاوازی خۆیەتیو من ئامادەمکردووە لەگەڵ تیپی کۆراڵی (میدناتس کێور)ی سویدی، کاری تۆمارکردنی گۆرانیەکە تەواوبووە (هاوڕێ بەهجەت) سیناریۆی بۆ داناوەو لەرێگای کەناڵی خاکەوە کاری کلیپی بۆ دەکرێت.

مۆزیسیان هێرش عومەر رەزا، دوای ئەوەی کەچووەتە وڵاتی سوید لەساڵی ٢٠٠٢ لەرێی مامۆستا (یۆستا پێتەرسن) بووەتە ئەندام لەگروپی کۆراڵی نیوەشەو واتا (میدناتس کێور)، سەرەتا وەک میوزیکژەنو دواتریش کۆرس، ئەم گروپە گروپێکی کۆڕاڵەو تەمەنی سی ساڵە، کەسانی پرۆفیشناڵ تێیدا ئەندامنو کاریان تەنها موزیکەو هەندێ کەسی تێدایە وەکو ئارەزوومەند ئەندامن لەگروپەکەدا.

# باڵندەکانی بەکر رەشید لەساڵی نوێدا دەکەونە گەمە

موحسین یاسین لەسلێمانی

درامای "گەمەی باڵندەکانی" بەکر رەشید بڕیارە لەساڵی نوێدا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی کوردستان پێشکەشبکرێت.

بەکر رەشید دەرهێنەری درامای گەمەی باڵندەکان، وتی "گەمەی باڵندەکان، ئەزموونێکی نوێی منە، باس لەژیانو گوزەرانو بارودۆخی ئەمرۆی گەنجان دەکات، رووداوەکانی ئەم درامایە بەشێکی لەشاری سلێمانیو بەشێکیشی لەوڵاتی تورکیا لەشاری ئەستەمبوڵ وێنەگیراوە، ئێستا لەقۆناغی مۆنتاژدایە".

عوسمان محەمەد قادر بەرێوەبەری بەرهەمی زنجیرە درامای گەمەی باڵندەکان، لەبارەی بەرهەمهێنانی ئەو درامایەوە وتی: لەرۆژی ٦/٢٠ /٢٠٠٩ دەستمانکرد بەوێنەگرتنو نزیکەی ٢٥ هونەرمەندی خاوەن ئەزموونو ژمارەیەک هونەرمەندی لاو لەگەڵ ٥٠ کۆمبارس بەشداری لەم زنجیرە درامایەدا دەکەن.

### گوڵی بامێ دەبێت بەبازرگان

هونەرمەند عەبدوڵڵای خەیات کە بەگوڵی بامێ ناسراوە، یەکێکە لەو ئەکتەرانەی رۆڵی کەسایەتی فەرهاد دەبینێت لەم درامایەدا کەرۆلی سەرەکییە.

خەیات بەدەستووری وت "کەسایەتی فەرهاد کەمن رۆڵەکەی دەبینم کابرایەکی بازرگانە، زۆر لەرۆڵەکەم رازیم، جگەلە نواندن لەم درامایەدا، دیزاینی جلوبەرگو کاری فۆتۆشی بۆ ئەم زنجیرە درامایە ئەنجامداوە.

### بەهادین هەڵەبجەیی فێڵ لەهاورێکانی دەکات

هونەرمەند بەهادین هەڵەبجەیی یەکێکیترە لەکارەکتەرە بەشداربووەکانی ئەو درامایەو رۆڵی فاتیح دەبینێت، ئاماژەی بەوەدا لەم درامایەدا رۆڵی کەسێکی شەڕانگێزو خۆپەرستو ئەنانی دەبینم، کەهەمووکات خەریکی غەشو فێڵکردنە لەهاورێکانی.

هەڵەبجەیی وتی "حەزم بەبینینی ئەو رۆڵە نەکردووە، بەڵکو زیاتر حەزم لەرۆڵی کەسایەتی (فەرهاد) بووە، بەڵام دەرهێنەر داوای لێکردم ئەو رۆڵە ببینم.



### شلێر کۆیی شوو ناکاتەوە

هونەرمەند شلێر کۆیی کارەکتەرێکی سەرەکی ئەو زنجیرە درامایەیە، وتی "رۆڵی ئافرەتێک دەبینم کەهاوسەرەکەی پیاوێکی شۆڕشگێربووەو شەهیدکراوە، کوڕێکی هەیە، جارێکیتر پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام ناداتو بەدیار کوڕە تاقانەکەیەوە دادەنیشێت تاکو گەورەی دەکاتو دەچێتە زانکۆ".

شلێر کۆیی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ئەوە بۆ یەکەمجارە رۆڵێکی وا بەرجەستە دەکات.

### بان غازی بەهەڵە خۆشەویستی دەکات

کچە هونەرمەندی لاو خاتوو بان غازی لەم زنجیرە درامایەدا بەشداریکردووەو رۆڵی کچە خوێندکارێکی زانکۆ دەبینێت کەناوی "شنە"یەو لەناو خێزانێکی دەوڵەمەندا ژیان بەسەردەبات.

بان دەربارەی رۆڵەکە وتی "ئەم رۆڵەم جیاوازە لەچاو رۆڵەکانی پێشوودا، ئەمجارە رۆڵی کچێکی خوێندکاری زانکۆ بەرجەستەدەکەم کە لەکۆلێژی یاسا دەخوێنێتو رۆڵەکەشی زیاتر باس لەپەیوەندیەکی رۆمانسی دەکات کەبەهەڵە لەگەڵ کوڕە خوێندکارێکی زانکۆ دروستدەبێت".

زنجیرە درامای "گەمەی باڵندەکان" لەدەرهێنانی هونەرمەند بەکر رەشیدەو بەرهەمی کەناڵی ئاسمانی کورد ستان تیڤیە، نووسینی مەسعود حسێنەو وێنەگرتنی پێشەوا تەیبە.



**تەرازوو** (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

وا هەست دەکەیت کە ئەم هەفتەیە زۆر ئاسایی بێت، بەڵام رووداوێکی خۆش ریتمی ئاسایی رۆژەکانت لێ تێکدەدات کە پێویستی بە هەندێک خەرجی دەبێت هەر بۆیە خۆتی بۆ ئامادە بکە.



**دوپشک** (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

بەوردی گوێ لەقسەی هاورێ نزیکەکانتو کەسانی دەوروبەرت بگرە. ئەوەشت بیرنەچێت کەپێویستە جارێکی دیکە بەو ئامۆژگارییانەدا بچیتەوە کە بایەخیان پێ دەدەیت، ئاگات لەبیرکردنەوەکانت بێت.



**کەوان** (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

پێویستناکات گوێ بەقسەی هەموو ئەوانە بدەیت کە قسەت بۆ دەکەن، چونکە لەوانەیە کاریگەریی خراپیان لەسەرت هەبێتو دڵتەنگت بکەن. ئاگات لەپشووی رۆژانەت بێت، چونکە کاریگەری لەسەر تەندروستیت هەیە.



**گیسک** (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

داواکارییەکت پێدەگات کە ناتوانی رەتیکەیتەوە. ئەوەش پەیوەندی بەپارەو لایەنی داراییتەوە هەیە. لەو تاقیکردنەوانە مەترسە کە ئەم ماوەیە پێیاندا تێدەپەڕیت، جا ئەو تاقیکردنەوانە گەورە بن یا بچوک.



**سەتڵ** (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

کەسێک کەچاوەڕوانی هەندێک کاری لێناکەیت، سوودێکی بۆت دەبێتو ئەوەش دەبێتە مایەی خۆشحاڵیت، لەهەموو کات زیاتر پێویستت بەهەوای پاکو پشووە، باشترین رۆژەکانت سێشەممەو پێنجشەممەیە.



**نەهەنگ** (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

ئاگاداری لایەنی دەروونیت بەو زۆر هەڵمەچۆ. پێویستە ئەوەت لەبیربێت کەخۆت سەرچاوەی هەموو فشارەکانیت. هەندێک شتی نێو ژیان هەیە کە ناتوانی بەتەنهاو بەبێپلان بیانگۆڕیت.

# چنار لەگەڵ شەریف دویێت دەکات



موحسین یاسین

خانمە گۆرانیبێژ چنار لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور ئاشکرایکرد گۆرانییەکی دویێتی لەگەڵ شەریف قەیراندا وتووە، بەڵام تائێستا کلیپیان بۆ نەکردووە.

چنار بەدەستووری وت "دوا بەرهەمی، گۆرانیەکە بەشێوەی دویێت لەگەڵ هونەرمەندی باکووری کوردستان شەریف قەیراندا".

چنار ئاماژەی بۆ ئەوە کرد گۆرانیەکەیان تۆمارکردووە، بەڵام کلیپان بۆ نەکردووە، گۆرانیەکە بەناوی (یارامن)ە، بەزاراوەی کرمانجیەو تێکستو ئاوازی هونەرمەند "شەریف قەیران"ە.

# ئەلبومێکی نوێی شەماڵ سائیب بڵاودەکرێتەوە

موحسین یاسین

لەگەڵ تێپەڕبوونی زیاتر لە ٢٣ساڵ بەسەر کۆچیدوایی هونەرمەندی گۆرانیبێژ شەماڵ سائیب، موزیکژەنی کورد رەحیمی پەناییان لەپێناو سەرلەنوێ ئاشناکردنەوەی دەنگی ئەو هونەرمەندە بەگوێی گەنجان، لەئێستادا سەرقاڵی نوێکردنەوەی مۆزیکی گۆرانیەکانییەتی.

سەرچاوەیەکی نزیک لەهونەرمەند رەحیمی پەنایان بەرۆژنامەی دەستووری راگەیاند "تائێستا موزیکژەن رەحیمی پەنایان مۆزیکی هەریەک لەگۆرانیەکانی (ئەرێ لەیلێو شوانە هۆشوانە)ی نوێکردووەتەوەو بەرلەکۆتایی ئەمساڵیش کاری نوێکردنەوە بۆ سێ گۆرانی دیکە تەواو دەکاتو دواتریش دەیکات بەئەلبومێکو بڵاویدەکاتەوە.

هونەرمەندی کۆچکردوو شەماڵ سائیب لەساڵی ١٩٣٠ لەشارۆچکەی شەقڵاوە لەشاری هەولێر لەدایکبووەو لەساڵانی شەستەکان چووەتە ئەمریکاو چەند ساڵێک لەوێ ژیاوەو بڕوانامەی ماستەری لەمێژووی ئیسلامدا هێناوەتەوە، لەدوای گەڕانەوەشی بووە بەمامۆستا لەزانکۆی سەلاحەدینو لەگەڵ گەڕانەوەشی چەند گۆرانییەکی تۆمارکردووەو تەمەنی خۆی بۆ هونەرو ئاوازو مۆزیکی کوردی تەرخانکردبوو، لەرۆژی ١٩٨٦/١١/٧ کۆچیدوایی کرد.

# هۆڵیوود "لەحەشارگەی شێر"دا چاوەڕوانە

## یەکەم فیلمی ئەکشنی کوردی بەهاوکاری ستافێکی هۆڵیوود لەبێ مۆنتاژیدا پێناز کەوتووە





ژەنیار لەهەولێر

یەکەم فیلمی ئەکشنی کوردی بەناوی "لەحەشارگەی شێردا" لەدەرهێنانی دەرهێنەری لاو فیکری بەرۆژی، دوای سێ ساڵ وێنەگرتنی لەلایەن ستافێکی هۆڵیوود، چاوەڕێی پارەیە بۆئەوەی کاری مۆنتاژی بەئەنجام بگەیەندرێت.

فیکری بەرۆژی لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی فیلمی "لەحەشارگەی شێردا" دوای ئەوەی بەر لەسێ ساڵ کاری وێنەگرتنیمان لەشاری هەولێرو دەورووبەری لەلایەن ستافێکی هۆڵیوودەوە ئەنجامدا، تائێستا کاری مۆنتاژی بۆ نەکراوە".

بەرۆژی بەدەستووری وت "ئەو پارەیەی بۆ فیلمەکەم تەرخانکراوە، تەنها بۆ کاری وێنەگرتن بوو، پێیانووتم کە دواتر پارەی دیکەی بۆ کاری مۆنتاژ بۆ خەرجدەکرێت، بەڵام تائێستا فیلمەکەم ماوەتەوەو بەرهەم نەهاتووە".

ئەوەشی راگەیاند "وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێم، لیژنەیەکی بۆ ئەو فیلمانە دەستنیشانکردووە کەکێشەیان هەیەو تەواو نەکراون، لەچاوەڕوانی ئەوەم وەڵامم بدەنەوەو چارەسەرێک بۆ تەواوکردنی فیلمەکە بدۆزنەوە".

سەڵاح حەسەن سەرپەرشتیاری لیژنەی بەدواداچوون لەبارەی فیلمە تەواو نەکراوەکانی بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێم، بەدەستووری راگەیاند «فیکری بەرۆژی دەبوایە بەو پارەیەی کە بۆی دیاریکرابوو، فیلمەکەی تەواوبکاتو بودجەکەش زیاتر لەدووسەدو شەستو سێ ملیۆن دینارە».

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی رۆشنبیری وتی "ژمارەیەک لەفیلمەکانی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانی تەواو نەکرابوونو کێشەیان هەبووە، بەڵام کێشەی هەندێک لەو فیلمانەمان چارەسەرکردووەو لەم رۆژانەدا لەگەڵ دەرهێنەر فیکری بەرۆژی دانیشتنمان هەیەو دەبێت بگەینە ئەنجامێک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە".

فیلمی "لەحەشارگەی شێردا" لەدەرهێنانی فیکری بەرۆژی، سیناریۆکەی بەشێوەیەکی هاوبەش لەلایەن دەرهێنەر خۆیو ئیسۆس رۆلدان سینەماکاری ئەمریکی -مەکسیکی ئامادەکراوە، ماریۆ ئۆرتێز فیلمسازی هۆڵیوود وەک بەڕێوەبەری وێنەگرتن کاری وێنەگرتنی بۆ ئەم فیلمە کردووە.

"لەحەشارگەی شێردا" باس لەرووداوەکانی دوای رووخانی رژێمی بەعس دەکەن لەعێراق (٢٠٠٣)، بەتایبەتیش لەشاری موسڵو ماوەکەی ١١٠ خولەکەو بەشێوەی HD بەرهەمهاتووە.

# بێدەنگی دەشکێنێت



موحسین یاسین

لەگەڵ ئەوەی گۆرانیبێژی لاو سۆران سەفیر ماوەیەکە بێدەنگە، بەڵام لەئێستادا بەنیازە لەمانگی تەمموزدا بەهاوکاری ستافێکی هونەری کاری کلیپ بۆ گۆرانیەکی دیکەی ئەلبومی (سەرگەردان) ئەنجامبدات کە لەساڵی ٢٠٠٦ بڵاویکردەوە.

سۆران سەفیر ئێستا لەوڵاتی دانیمارک دەژیو خاوەنی ئەلبومێکەو شەش گۆرانی لەخۆگرتوە، تائێستا خاوەنی دوو کلیپی گۆرانیە کەئەوانیش گۆرانیەکانی (سووتانی عەشقو یاریار)ە.

## کاوڕ (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

ئەم ماوەیە ژیانت زۆر هارمۆنی دەبێت، سەرەڕای بوونی هەندێک فشاری دەرەکی لەسەرت، بەڵام گومانت نەبێت لەوەی فشارەکان ژیانت بەرەو باشی دەبەن. ئاسۆت روونەو دڵت بەژیان خۆشتر دەبێت.

## گا (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

ئەم هەفتەیە هەفتەیەکی گونجاوە بۆ بینینی ئەو کەسانەی کە تائێستا نەتدیونو نەتناسیون،کە لەوانەیە پەیوەندییەکی سۆزداری لێبکەوێتەوە. پێویستە ئاگات لەوە بێت کە هەندێ هەل لەژیاندا کەم دێنە سەر رێت.

## دووانە (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

توانای ئەوەت هەیە کە کەسانێک زۆر دڵخۆشبکەیت بەبێئەوەی هیچ ماندوو ببیت. ئاگات لەپلانەکانت بێتو گازێکی ئەوەندە گەورە مەگرە بۆ نەجورێت. ئەم هەفتەیە هەندێ راستیت بۆ دەردەکەوێ.

## قرژاڵ (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

دەتوانی لەئێستاوە دەست بەدانانی پلانەکانت بکەیت بۆئەوەی لەداهاتوویەکی نزیکدا بیانخەیتە بواری جێبەجێکردنەوە. چوونە دەرەوەو گەشتکردن فشارە دەروونییەکانت کەمدەکاتەوەو سوودت پێدەگەیەنێت.

## شێر (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

ئەم ماوەیە زۆر سەرقاڵیت، لەوانەیە بەهۆی کڕینی شتێکی گرنگی پەیوەست بەژیانتەوە بێت، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی تەندروستیت لەبیربکەیتو گوێی پێ نەدەیت. رۆژی خۆشەویستیت یەکشەممەیە.

## فەریک (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

لەگەڕان بەدوای ئەو شتەدا کە مەبەستتە مەوەستە، چونکە زۆر دڵنیابە هەر دەیگەیتێ، بەڵام ئەگەر وەلای نێیت هیچ کاتێکی وەک ئەم هەفتەیە گونجاوت بۆ ئەو کارە دەستناکەوێت.

www.arsivakurd.org

# لیژنەکانی یەکێتی قوتابیان قەرزدارن

## ماوەی سێ مانگە لیژنەکانی یەکێتی قوتابیان لەزانکۆو پەیمانگاکان دەرماڵەیان وەرنەگرتووە

عەلی بانیشاری لەهەولێر

ماوەی سێ مانگە یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەرماڵەی ٣٢ لیژنەی کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدینی نەداوە، لەکاتێکدا ئەو ڕێکخراوە مانگانە ٤٠٠ ملیون دینار لەحکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور لەداوی کۆنگرەی یەکێتی قوتابیان لەساڵی ٢٠١٠داو هەڵبژاردنی ستافی نوێی ئەو ڕێکخراوە، ماوەی سێ مانگە دەرماڵەی ٣٢ لیژنەی زانکۆی سەلاحەدینو زیاتر لە ١٢٠ کادیری ئەو ڕێکخراوە نەدراوە.

لیژنەکانی قوتابیان لەزانکۆی سەلاحەدین گلەیی ئەوە دەکەن ئاوڕ لەلیژنەکان نادرێتەوەو پشتگوێخراون لەلایەن سکرتاریەتی ڕێکخراوەکەیانەوە، بەهۆی نەدانی دەرماڵەشەوە، هەندێک لەکاروچالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوە لەزانکۆدا لاوازبووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەلیژنەیەکی زانکۆو پەیمانگاکانی یەکێتی قوتابیانەوە کە نەیوویست ناوی خۆیو لیژنەکەی بڵاوبکرێتەوە، بەدەستووری ڕاگەیاند "چەندینجار قسەوباس لەسەر ئەو کێشەیە کراوەو داواکراوە لەسکرتاریەت دەرماڵە بۆ لیژنەکان بگەڕێنرێتەوە، بەڵام تائێستا وەلامی پێویست لەو بارەیەوە نەدراوەتەوە بەلیژنەکانی قوتابیان".

ئەو سەرچاوەیە وتی «هیچ بەرپرسی لیژنەیەک ناتوانن لێدوان بدات لەو بارەیەوە، چونکە سەرجەم بەرپرسی لیژنەکان ترسی لابردنیان هەیە لەپۆستەکەیان، بەڵام لەپێش کۆنگرەی ئەمساڵی یەکێتی قوتابیان، دەرماڵەی لیژنەکان هیچ کات دوانەکەوتووە».

دەستوور چەند جارێک پەیوەندیکرد بەچەند بەرپرسێکی لیژنەی زانکۆو پەیمانگاکانەوە، بەڵام ئامادەنەبوون هیچ لێدوانێک بدەن.

فاتیح مەولەوی زادە بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی قوتابیان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، دانبەوەدا دەنێت کە ماوەی چەند مانگێکە دەرماڵەی لیژنەکان نەدراون، وتی «بەلام ئەمە مانای ئەوەنییە ئێمە لیژنەکانمان پشتگوێخستووە».

مەولەوی زادە دەڵێت بڕیاردراوە خانوو بۆ بارەگاکانی یەکێتی قوتابیان لەچەندین ناوچە بکرێت، نەدانی دەرماڵەی لیژنەکانیش بەوهۆیەوە دواکەوتووە.

کادیرانی ئەو ڕێکخراوە ترسیان لەوە هەیە، ئەو پارەیان کە ماوەی چەند مانگێکە پێیان نەدراوە، بفەوتێت، هەندێک لەلیژنەکانیش پارە قەرزداربوون بەهۆی نەدانی دەرماڵەی ئەو چەند مانگەوە، ئێستا چاوەڕوانی ئەو پارەیەن تاکو قەرزەکەیان بدەنەوە.

کۆڤان عیسا بەرپرسی لقی هەولێری زانکۆو پەیمانگاکانی یەکێتی قوتابیان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت پارەی ئەو سێ مانگەی نەدراوە بەلیژنەکان لەماوەیەکی دیاریکراودا دەگەڕێتەوە، وتی "هیچ کات پارەی لیژنەکان نافەوتێت، چونکە ئەوان کارو چالاکیان هەبووە، پارەیان سەرفکردووەو لیژنەکان حەقی خۆیانە داوای مافی خۆیان بکەن".

کۆڤان عیسا وتی «بەهۆی ئەو گەشتانەی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان لەمانگی دوو و سێدا بۆ قوتابیانیان کردووە، پارەیەکی زۆریان لەسەر کەوتووەو تاماوەیەک خەریکی دانەوەی سەرفیاتی گەشتەکان بوون».

# پەروەردە کرێچیو حیزبییەکانیش خاوەن بینا!

## بەرپرسە حیزبیو حکومییەکان دەیان بینای وەزارەتی پەروەردەیان داگیرکردووە، ٧٢٢ قوتابخانەش لەبینای کرێدا دەوامدەکەن



معاز فەرحانو هۆگر غەریب

بەپێی بەدواداچوونێکی وردی ڕۆژنامەی دەستوور دەرکەوتووە، دەیان بینای وەزارەتی پەروەردە لەلایەن بەرپرسانی حیزبیو حکومییەوە داگیرکراوە، لەکاتێکدا وەزارەتی پەروەردە خۆی کرێچییەو ٧٢٢ بینایان بۆ قوتابخانەکان بەکرێگرتووە.

دەستوور زانیاری ئەوەی لەبەرپرسانی پەروەردەوە دەستکەوتووە کەدەیان بینای وەزارەتەکەیان لەلایەن بەرپرسانی حیزبیو حکومیو هاووڵاتیانەوە داگیرکراوەو تائێستا نەدراوەتەوە بەوەزارەتەکەیان، لەولاشەوە قوتابخانەکانی پەروەردە لەبیناو خانووی کرێدان.

لەدواین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ئەمریکی بۆ کورد، (ASK)، کەچاودێری کارەکانی حکومەتو پەرلەمان دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کەوەزارەتی پەروەردە ٧٢٢ بینای بۆ قوتابخانەکانی بەکرێگرتووە، بەجۆرێک لەشاری هەولێر ٢٩٢ بیناو لەسلێمانی ٢٤٧ بیناو لەدهۆکیش ١٨٣ بینا. مانگانەش بڕێکی زۆر پارەی وەزارەتەکە بۆ کرێی بیناکانییەتی.

کرێچیبوونی وەزارەتی پەروەردە لەکاتێکدایە کەدەیان بینای ئەو وەزارەتە داگیرکراوە، بەرپرسانی وەزارەتیش دەڵێن هەموو هەوڵەکانیان لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بۆ وەرگرتنەوەی ئەو بینایانە بێسوود بووە.

ئیسماعیل بەرزنجی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "تەنها لەهەولێر نزیکەی ١٠ بینای وەزارەت بەهۆی بارودۆخی هەرێم لەلایەن حیزبەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوەو نایدەنەوە".

بەرزنجی ڕایگەیاند ئەو بینایانە بۆ قوتابخانەکان زۆر پێویستنو وتی "لەگەڵئەوەی ئەو بینایانە موڵکی وەزارەتەو چەندینجاریش داواکراوە، بەڵام بێسوود بووە".

وەزارەتی پەروەردە بەپێی وتەی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنەکەی لەڕێگەی پارێزەرەکەیانەوە، هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو بینایانە دەدەن.

کەمال نوری بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی بەدەستووری وت "هەندێک لەحیزبە سیاسییەکان لەسلێمانی، دەستیان بەسەر ئەو بینایانە گرتووە، هەروەها لەدوای ڕاپەڕینەوە ئاوارەو کەسانی بێدەرەتان هاتوونەتە شاری سلێمانی، بینای قوتابخانەیان داگیرکردووەو تێیدا ماونەتەوەو نایدەنەوە".

کەمال نوری ئاماژەی بەوەدا کەچەندینجار بەنووسراوی فەرمی ئاگاداری وەزارەتی پەروەردەو پارێزگاری سلێمانیو کارەبەدەستانی حیزبیشیان لەوە ئاگادارکردووەتەوە، کەپەروەردە پێویستی بەبینای زیاتر هەیە، بەڵام بێسوود بووە.

بەهۆی کەمی بینای قوتابخانەو زۆری ڕێژەی خوێندکاران، لەهەرێمی کوردستان، جگە لەبەکرێگرتنی ئەو ٧٢٢ بینایە، قوتابخانەکان لە ٩٤٧ بینادا میواننو ١٧٥٥ خوێندنگاش دوو دەوامیو ٢٢٧ خوێندنگاش سێ دەوامییە.

کەمال نوری وتی "شاری سلێمانی ڕۆژ بەڕۆژ قەرەباڵغ دەبێت، ژمارەی قوتابیو خوێندکاریش زیاددەبن، وای لێهاتووە کەقوتابخانەکانی ئێمە دوو دەوامو سێ دەوام بن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەفشارێکی زۆرمان لەسەربێتو ناچاربووین کەهەوڵی خۆمان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بینایانە بدەین، بەڵام بەداخەوە تائێستا سەرجەم هەوڵەکانمان بێوەلام بوون".

کەمال نوری وتی کەتەنها لەناو شاری سلێمانیدا نزیکەی ٢٢ بینایان دەستی بەسەردا گیراوەو وتی "ئەوانەی داگیریان کردووە، تێکەڵاون لەکەسانی حیزبیو حکومیو هاووڵاتیانی ئاسایی".

ئیسماعیل بەرزنجی وتی "وەکو وەزارەت پارێزەرمان بۆ گرتووە، بۆئەوەی ئەو بینایانە بەدەستبهێنینەوە".

دەستوور لەبەدواداچوونەکانیدا زانیاری ئەوەی لەسەر بینا داگیرکراوەکان کۆکردووەتەوە، کەبەشێکی ئەو بینایانە لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە بەبڕیاری حیزبی داگیرکراوەو کراونەتە بارەگای حیزبیو لەبەرژەوەندی خۆیاندا بەکاریدەهێنن.



فایەق سەعید

جیهانبینی پەروەردە

faiekk@hotmail.com

# دلاوەر عەلائەدین وەك وەزیر

لەناوەڕاستی هەشتاکاندا لەبەغدا خوێندکاری زانکۆ بوومو هەموومان بەوە ڕاهاتبووین هەموو جارێک مامۆستا ٢-٣ لاپەرەی دەداینێ بۆ ئەوەی بۆ وانەی داهاتوو بیانخوێنینەوە. لەپڕ مامۆستایەکی نوێمان بۆهات کەخوێندنی دوکتۆرای لەئەمریکا تەواو کردبوو. ئەم مامۆستایە لەهەموو شتێکدا لەوانی دیکە جیاواز بوو: خوێنگەرم، بەزەوق، ئێمەی لەڕیزی خۆی دادەناو گاڵتەی لەگەڵ دەکردین، نیشانەی دڵسۆزیو خوێنگەرمی پێوە دیاربوو، لەسەر کێشە جیدییەکان گفتوگۆی زیندووی لەگەڵ دەکرین، هەمیشە دەیوویست زۆرترین خزمەتمان پێبگەیەنێتو ئێمە لەگەڵ خوێدا بۆ ئاستی زانست بەرزبکاتەوە، ئێمە خۆشماندەویست، چونکە بەڕاستی نمونەیەکی زیندووی مامۆستا بوو، بەڵام ئەم خۆشەویستییە چۆن بوو بەڕق؟

پەیوەندی ئێمەو مامۆستاکەمان لەوێوە درزی تێکەوت کەپێی وتین، دەبێ بۆ وانەی داهاتوو ١٠ لاپەرە بخوێنن بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین. بەدەر لەئێمە کەچوار خوێندکاری کورد بووین لەپۆلەکەداو خەریکی خوێندنەوەی مارکسیەتو ئەدەب بووین، ئیدی هەموو ئەوانی دیکە مانیان گرت. ئێمە وامانزانی گاڵتەمان لەگەڵدا دەکات، چونکە مومکین نییە مرۆڤ بتوانێت بۆ هەموو وانەیەک ١٠ لاپەرە بخوێنێت، واتە نزیکەی ٦٠ لاپەرە بۆ هەر هەفتەیەک، خۆ ئەگەر وامان بکردایە هەموومان دەبووین بەئەرەستۆ، ئەوکات عێراقیش دەبوو بەفەیلەسوفستان. مامۆستا بەوەشەوە نەوەستا دەیوویست ئێمە بەڕاستی لێکۆڵینەوەی زانستی بنووسین. خۆشەویستیەکەی ئێمە بوو بەڕق، سکاڵا دەی بەفلسێک، نەخێر ئەم مامۆستایە دەیەوێت هەموومان بکەوینو نمایندەکانی حیزبیش دژی وەستانەوەو پێیانوابوو مامۆستا دژی سیستمی بەعس کار دەکاتو ...هتد.

ناچار مامۆستا لەکورتی بڕییەوەو لەوە بەدواوە وەکو مامۆستاکانی دیکە بۆ هەموو وانەیەک ٣ لاپەرەو زۆرجاریش هیچی بۆ خوێندنەوە نەدەداینێ، ئێمەش تا ژمارەی لاپەرەکان کەمتر بوونایە پێمان خۆشتر بوو، بەکورتی ئێستاشی پێوە بێت خوێندکارو مامۆستای ئێمە حەزیان لەتەمبەڵیە.

دوای ئەوەی بۆ جاری دووەم لەیەکێک لەزانکۆکانی ئەوروپا دەستم بەخوێندن کردو بینیم خوێندکار چەندو چۆن دەخوێنێتو لێکۆڵینەوە دەنووسێت، ئەو مامۆستا زۆر بەڕێزەم هاتەوە یادو لەوەش تێگەیشتم بۆ منو هاوڕێکانم ئێستا زۆر کەرینو هیچ تێناگەینو بۆ ئەو سیستمی عیراقیش ئاوایە. ڕاستە ئەم پێشەکیە یادەورییەکی تایبەتی خۆمە، بەڵام پەیوەندییەکی جیدی بەو ناڕەزاییانەوە هەیە کەبەرامبەر بەپێشنیازە نوێکانی دلاوەر عەلائەدین، وەزیری خوێندنی باڵادا هاتوونەتە ئاراوە. بۆئەوەی کۆتایی بۆ بۆچوونی هەندێک کەسیش بهێنم، من دلاوەر نە لەنزیک نە لەدوورەوە ناناسم، منیش وەکو ئێوە بەوردی نووسینەکانی دەخوێنمەوەو گوێ بۆ قسەکانی ڕادەدێرمو وەکو شارەزایەک لەبواری پەروەردە، بەوردی دەمەوێت بزانم چی دەکات یا نایکاتو کاریگەری بڕیارەکانی لەسەر سیستمی خوێندن چییە؟ ئەوەی بەلامەوە گرنگە ئەوەیە، ئایا دەتوانێت ئاستی خوێندکارانو زانکۆکان بەرزبکاتەوە یا ئەویش وەکو سەرجەمی وەزیرەکانی دیکە چەند سەد ملیۆنێک کۆدەکاتەوەو لەکۆتایی کابینەی شەشەمدا کۆمەڵێک زەویو ئۆتۆمبێلو ملیۆن لەگەڵ خۆیدا دەباتە ماڵەوە.

بۆیە بەوردی گوێی لێدەگرمو پێشنیازەکانی هەڵدەسەنگێنمو دەبێ هەمووشمان ئەو کارە بکەینو درەنگترین وەختیش پاش ساڵێک لەکارکردن دەبێ هەموو هەوڵەکانی بخەینە ژێر پرسیارە.

بۆیە لێرە بەدواوە هەوڵی ئەوە دەدەم لایەنە باشو خراپەکان بخەمە بەرچاوی هەمووی یەکێک لەئێمە بەبێئەوەی ئەمە مانای ئەو هەڵسەنگاندنە بێت کەمن مەبەستمە. هەفتەی داهاتووش دێمە سەر ئەو ناڕەزاییانەی بەرامبەر بەپێشنیازەکانی هاتوونەتە پێشو دەیانەوێت وڵاتی ئێمە بکەنە تەمبەڵخانەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بەشێک لەو فاکتەرانەی لەبەرژەوەندی وەزیری خوێندنی باڵادایە بریتین لەیەکەم: دلاوەر خاوەن ئاستێکی زانستی بەرزەو ئەگەر خاوەنی ئەو ئاستە بەرزەش نەبوایە، هەرگیز پلەی پرۆفیسۆری وەرنەدەگرت، چونکە لەرۆژئاوادا ئەو پلەیە وەکو کوردستان دابەش ناکرێت، بەڵکو لەڕێگەی لێکۆڵینەوەکانتەوە بەدەستی دێنیت. دووەم: دلاوەر نووسەرێکو ڕەخنەگرێکی زۆر بەدیقەتە. سێیەم: ئەگەر تاقە وەزیر نەبێت، ئەوە دلاوەر یەکێکە لەو وەزیرە دەگمەنانەی لەسەرەتاوە هەوڵی چاکسازی لەوەزارەتەکەیدا داوە. چوارەم: خوێنەرێکی باشو هێمنو شارەزایەو من هەست بەوە دەکەم، دەیەوێت وەکو ئیدارییەکی سەرکەوتوو زیاتر لەچارەسەرێک بۆ هەر گرفتێک بدۆزێتەوە. پێنجەم: لەشانسی ئەودا یەکێتی نیشتمانی ئەو عاقڵییەی کرد کەپیاوێکی شارەزا بکاتە وەزیری خوێندنی باڵا. ئەڵبەتە حیزبی کوردی زۆر زۆر بەدەگمەن نەبێت عاقڵیی وا ناکات. ئەوەی لەبەرژەوەندی دلاوەردا نییە دوو خاڵە، یەکەم: ئەو خاوەنی ئەو ستافە پێشکەوتووە نییە کەبتوانن لەم پرۆسەیەدا یارمەتی بدەن. دووەم: کەسێکی ئیداری نییە.

faiekk@hotmail.com

# کوڕان‌و کچان حەزدەکەن پێکەوە سەیری مۆندیال بکەن

## لەبەرکردنی درێسی یاریزانان لای کوڕان بووەتە دیاردەو کچانیش نایپۆشن

مەعاز فەرحان لەسلێمانی

بانوو یاسین ١٦ساڵ، هاندەری هەڵبژاردەی بەڕازیلەو زیاد لەیارییەکانی هەڵبژاردەکانیتر سەیری یارییەکانی بەڕازیل دەکات، سەرسامی کاکایە کە درێسی ژمارە ١٠ دەپۆشێت.

هەرچەندە کاکا یاریزانێکی سەرنج ڕاکێشە بەلای کچانەوە، بەڵام تائێستا بانوو درێسەکەی ئەویشی نەپۆشیوە.

بانو وتی «هاندەرێکی سەرسەختی بەڕازیلم، بەڵام تائێستا درێسی هیچ یاریزانێکم نەپۆشیوە بەکاکاشەوە«.

لەبەرکردنی جلوبەرگی وەرزشیی لەلایەن هەوادارانی هەڵبژاردە بەشداربووەکانی مۆندیالەوە لەزیادبووندایە، کوڕان زیاتر ڕوو لەدەرەوە دەکەن بەجلی ئەو هەڵبژاردەو یاریزانانەوە کەبوونەتە هاندەری، کچانیش بەدرێسی ئەو هەڵبژاردەیەوە نابینرێن کە بوونەتە هاندەری.

ئەو کچانەی سەیری یارییەکانی مۆندیال دەکەن، بەربەستەکانی کۆمەڵگاو گەشەنەکردنی ڕۆحی وەرزشی، بەهۆکاری سەرەکی لەبەرنەکردنی جلی وەرزشیی‌و درێسی یاریزانەکانی ئەو هەڵبژاردەیەی کە بوونەتە هاندەری دەزانن.

کچان خوازیارن ڕۆژێک بێت ئەوانیش وەکو کوڕان بتوانن بەئازادانە جلی ئەو هەڵبژاردەیە بپۆشن کەبوونەتە هاندەری، لەگەڵ کوڕانیشدا لەشوێنێکی گشتیدا پێکەوە سەیری یارییەکان بکەن.

بانوو وتی «ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی ئێمە نەگەیشتووەتە ئەوەی کە ئەو شتانە ئاسایی بن، لەبەرئەوەی لەدەستی خۆمدانییە، ناتوانم بڕیاربدەم کە ئاخۆ بەدرێسی هەڵبژاردەی بەڕازیلەوە دەچم لەگەڵ کوڕاندا سەیری یارییەکانی مۆندیال دەکەم یان نا».

هەندێک لەکچان هەرچەندە تائێستا درێسی هەڵبژاردەکانیان نەپۆشیووە، بەڵام پۆشینی ئەو جۆرە جلانە بەشتێکی ئاسایی دەزانن.

لانە ئەحمەد ٢٤ ساڵ هاندەری هەڵبژاردەی ئەرجەنتینە، تائێستا درێسی هیچ یاریزانێکی نەپۆشیووە، بەڵام بەشتێکی ئاسایی دەزانێت گەربێتو درێسی میسی بپۆشێت.

لانە بەدەستووری وت «زۆر مەجالم نییە سەیری یارییەکان بکەم، بەڵام هەر سەیری ئەرجەنتین دەکەم، تائێستا درێسی هیچ یاریزانێکم لەبەرنەکردووە، بەڵام زۆر نابێتە کێشە گەر ڕۆژێک درێسی ئەرجەنتین بپۆشم».

لانە بەلایەوە ئاساییە، بۆ سەیرکردنی یارییەکان لەگەڵ کوڕاندا پێکەوە لەشوێنێکی گونجاودا وەکو کافتریاییەک سەیری یارییەکان بکەن.

نیان کەریم ٢٣ساڵ، کچە هاندەرێکی ئیتاڵیایە، وەک خۆی دەڵێت مۆندیالی لەبەرچاوکەوتووە، چونکە هەڵبژاردەکەی ئەو ماڵئاوایی تێداکردووە، نیان کە هیچ کاتێک درێسی ئیتاڵیای نەپۆشیوە، وتی «بیرم لێنەکردووەتەوە درێسی هیچ یاریزانێک بپۆشم».

نیان پێیوایە کچان وەکو کوڕان نین، گەر ئەو جلانە بپۆشن دەکەونە بەرتانەی خەڵکی، وتی«کەم کچ دەبینم بتوانێت وەکو کوڕان بەجلی وەرزشیەوە دەربکەون، مەگەر کچێک کەخۆی وەرزشکار بێت، کچان ترسیان زیاترە لەوەی بتوانن بەجلی وەرزشیەوە بێنە دەرەوە، چونکە ڕووبەڕووی تانەی خەڵک دەبنەووە«.

کوڕان پێیانخۆشە کچان بەدرێسی ئەو هەڵبژاردەیەوە ببینن کەبوونەتە هاندەری‌و پێکەوەش سەیری یارییەکانی مۆندیال بکەن.

ڕزگار حسێن ٢٧ساڵ هاندەری هەڵبژاردەی بەڕازیلە، لەپێشانگەیەکی فرۆشتنی کاڵای وەرزشی دانیشبوو، دەیووت پۆشینی جلی وەرزشی لەبەرئەوەی حەزی خۆمە بەئاسایی دەزانم‌و ئامادەم هەموو ڕۆژێک بەدرێسی هەڵبژاردەی بەڕازیلەوە بێمە دەرەوە.

ڕزگار درێسێکی ژمارەی ١٠ی بەڕازیلی لەبەردابوو، وتی «پێمخۆشە کچانیش وەکو کوڕان درێسی هەڵبژاردەکان لەبەربکەن‌و زۆریش ئاساییە گەرپێکەوە سەیری یارییەکانی مۆندیال بکەین».

کوردۆ سیروان ٢٢ ساڵ لەگەڵ کچاندا هاوڕایە، پێیوایە کۆمەڵگە ڕێگرە لەوەی کە کەمتر کچان بچنە دەرەوە بۆ سەیری یارییەکان‌و درێسی هەڵبژاردەکان بپۆشن، وتی «بەڵام بەلامەوە ئاساییە لەگەڵ کچاندا سەیری یارییەکان بکەم»

کوردۆ ئاماژە بەوە دەدات، زۆرکەمن ئەو کچانەی کەدرێسی وەرزشی لەبەردەکەن، مەگەر ئەوانەی خۆیان وەرزش دەکەن، وتی «تێڕوانینی کۆمەڵگە هۆکاری سەرەکیە بۆئەوەی کچان نەتوانن بەدرێسی هەڵبژاردەکانەوە دەربکەون».

خاوەن پێشانگا وەرزشیەکان ئاماژە بەوەدەدەن کە فرۆشتنی درێسی یاریزانانی هەڵبژاردە بەشداربووەکانی مۆندیال بەتایبەتی درێسی هەڵبژاردەی بەڕازیل‌و ئەرجەنتین لەزیادبووندایە، مۆندیال بازاڕی ئەوانی گەرمکردووە.

محەمەد عەلی خاوەنی پێشانگای وەرزشی هاوبەش بەدەستوری وت «کچان بەدەگمەن جلی وەرزشی دەکڕن‌و کوڕان زیاتر دێنە لامان‌و بازاڕیان گەرمکردووین، کچان زەوقی وەرزشیان زۆرکەمە».

چۆمان محەمەد خاوەنی پێشانگای وەرزشی ڕاژان، وتی «زۆربەی خەڵکی ئاساییە بەلایەوە کە کوڕەکەی بەدرێسی وەرزشیەوە بچێتە دەرەوە بۆ سەیری یارییەکان، بەڵام ناهێڵێت کچەکەی ئەوە بکات».


کچان دابونەریتی کۆمەڵایەتی بەڕیگر دەزانن بۆ لەبەرنەکردنی درێسی یاریزانە دڵخوازەکەیان.
فۆتۆگراف: ئاکۆ محەمەد

# دووری لەخۆشەویستەکانیان، ئاگر لەدڵی کچان بەردەدات



## کچان نایانەوێ لەئامێزی خۆشەویستەکانیان دووربن،

## کوڕانیش دەڵێن دووری پەیوەندی خۆشەویستی بەهێزتر دەکات



کاڵێ ئەنوەر لەسلێمانی

کچان دووری لەخۆشەویستەکانیان بەمەترسی لێکدەدەنەوە، دەڵێن پەیوەندی خۆشەویستی لاواز دەکات، کوڕانیش دووری بەهۆکارێکی بەهێزبوونی پەیوەندی خۆشەویستی دادەنێن.

کوڕان‌و کچان ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی دووربوونیان لەخۆشەویستەکانیان، کچان دەیانەوێت خۆشەویستەکانیان هەمیشە لەتەنیشتیانەوە بن‌و کوڕانیش بۆئەوەی تامەزرۆی خۆشەویستەکانیان بن، حەزدەکەن ماوەماوە دووربکەونەوە.

نیان سەلام ١٩ ساڵ، بڕوای وایە دووری دەبێتە هۆی لاوازکردنی پەیوەندی خۆشەویستی‌و پەیوەندیەکە بەرەو نەمان دەبات، وتی «تا دوو کەس لەیەکتر نزیک نەبن، ناتوانن لەیەکتری تێبگەن‌و خۆشەویستی ڕاست دروستببێت لەنێوانیاندا، بۆیە ئەگەر ئەو دوو کەسە لەیەک دووربن، ئەوا خۆشەویستییەکەنیان بەرەو لاوازبوون‌و نەمان دەڕوات».

کوڕان بەپێچەوانەی کچانەوە دووری بەپتەوکردنی خۆشەویستی وەسفدەکەن، بەهۆکاری بەرجەستەکردنی وەفاداری دادەنێن.

مەریوان تەمەن ٢٧ ساڵ ماوەی ٣ساڵە لەخۆشەویستەکەی دوورە، ئاماژە بەوە دەدات ئەو دورییە بووەتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندی خۆشەویستییەکەیان.

مەریوان وتی «چێژێکی زۆر لەو دورییە وەردەگیرێت، بەمەرجێک ئەو دوو کەسە بەڕاستگۆیی یەکتریان خۆشبوویت».

بەڕای مەیوان لەدووریدا وەفاداری زیاتر بەرجەستە دەکرێت وەک لەوەی لەیەکتر نزیکبن.

سنەوبەر محەمەد تەمەن ٣٢ ساڵ، دەڵێت «ئەگەر کەسێکی خۆشەویستت بۆ ماوەیەکی کەم لێت دووربێت، ئەوا دەبێتە هۆی چێژوەرگرتن لەو دووریەو پتەوکردنی خۆشەویستی، بەڵام ئەگەر بێتو بۆ ماوەیەکی زۆر بێت، ئەوا دابڕان‌و نەمانی هەستی خۆشەویستی لێدەکەوێتەوە».

کوڤان کوڕێکی تەمەن ٢٩ ساڵە، دووری دوو خۆشەویست بەهۆکاری پتەوتربوونی پەیوەندیەکەیان دادەنێت، کۆڤان وتی «دوو عاشق ئەگەر بێتو تامەزرۆی بینینی یەکتر بکەن خۆشترە، وەک لەوەی لەنزیکەوە لەگەڵ یەکدا بن».

پسپۆڕانی بواری دەروونی دەڵێن کاردانەوەی مرۆڤ بۆ دووری لەخۆشەویستانیان پەیوەندی بەشێوازی پەروەردەکردنەوە هەیە، ئەگەر بەشێوەیەکی دروست پەروەردەکرابێت، دووری کارناکاتە سەر ئەو پەیوەندیە.

فارووق عەبدول توێژەری دەروونی ئاماژە بەوە دەدات، لەبۆچوونی دەروونناسیەوە کەسیەتی هەر مرۆڤێک پێکهاتووە لە (بۆماوەیی، ژینگەی خێزان، کۆمەڵگا)، هەر تاکێکی کۆمەڵگا بەجۆرێک پەروەردە دەکرێت، خاوەنی کاردانەوەکانی جەستەیی‌و دەرونی جیاوازە لەبەرامبەر بزوینەرەکانیدا.

ئەو توێژەرە وتی «ئەگەر تاکێکی باش پەروەردەکراو یان تاکێکی نابەرپرس‌و نەگونجاو بێت، خۆشەویستی ئەو دوو تاکە جیاوازە، واتا پەیوەستە بەچۆنێتی فێربونی تاکەکە، ئەگەر پێکهاتەی کەسیەتی تێرو تەسەل‌و لۆژیکی بێت، بەدابڕان‌و دووری، خۆشەویستییەکەی زیاتر پەرەدەسێنێت».

فاروق ئەوەشی ڕوونکردەوە «جاری وا هەیە دووری لەیەکتر، گەشە بەخۆشەویستییەکە دەدات، هەندێکجاریش ئەگەر خۆشەویستییەکە یەک لایەنەو کاڵ‌و کرچ‌و لار بنیاتنرابێت‌و تاکەکە نا تەواو بارهاتبێت، خۆشەویستیش فەشەل دەهێنێت‌و دەبێتە هۆی دابڕان».

**تا دوو کەس لەیەکتر نزیک نەبن ناتوانن لەیەکتری تێبگەن‌و خۆشەویستی ڕاست دروستببێت لەنێوانیاندا**

www.arsivakurd.org

# ٢١ حیزبی سیاسیتر لەکوردستان داوای مۆڵەت دەکەن

## بەهۆی ململانێ سیاسییەکانی نێوان یەکێتیو پارتییەوە، زیاتر لە ٣٥ حیزبی سیاسی لەکوردستان مۆڵەتیان وەرگرتووە

**فەرمان خێلانی**

٢١ حیزبی سیاسی نوێ لەهەرێمی کوردستاندا داوای مۆڵەتی یاساییان لەوەزارەتی ناوخۆ کردووە، بەپێی ئامارێکی وردیش کەدەست دەستوور کەوتووە، زیاتر لە ٣٥ حیزبی سیاسی لەکوردستاندا هەیە، چاودێرانی سیاسیش پێیانوایە زۆرینەی ئەو حیزبانەی کە لەکوردستاندا دروستبوون، بەهۆی ململانێی سیاسی نێوان پارتیو یەکێتییەوە بووە.

**بۆ ٧٠ هەزار کەسو حیزبێک**

بەپێی ئەو ئامارە رەسمییەی کە لەوەزارەتی ناوخۆوە دەست دەستوور کەوتووە، تەنها لەدهۆکو هەولێر ٢٩ حیزبی سیاسی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە مۆڵەتیان وەرگرتووە، ٢١ حیزبی تریش داوایان بۆ پێدانی مۆڵەت پێشکەشکردووەو تائێستا وەڵامنەدراونەتەوە. هەروەها لەسنووری پارێزگای سلێمانیش بەپێی ئامارێکی نارەسمی زیاتر لە ١٠ حیزبی سیاسی مۆڵەتیان وەرگرتووە.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە زۆری ئەو حیزبە سیاسییانە بۆ هەرێمێکی ٤ ملیۆنی پێویست نین، ئاماژە بەوە دەدەن کەئەو حیزبانە لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە بۆ دژایەتیو نفوزی خۆیان دروستکراون.

لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، تەنها ٩ حیزب توانیان نوێنەرەکانیان بگەیەننە پەرلەمان، جگە لەکورسی کەمینەکان، کەئەوانیش لەچوار لیستدا بوون، بردیانەوە.

ئەگەر ئەو ٢١ حیزبەیتر کەداوای مۆڵەتیان کردووە، مۆڵەتیان پێبدرێت، ئەوە دەکاتە ٦٠ حیزبی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان دانیشتوانەکەی بەچوار ملیۆن کەس دەخەمڵێنرێت، بەو پێیەش بۆ هەر ٧٠ هەزار کەسێک حیزبێکی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا دروستبوون.

خەلیل محەمەد بەرێوەبەری هۆبەی پارتو رێکخراوەکانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «بەپێی ئەو ئامارانەی لامانە، تائێستا ٢٩ حیزبی سیاسی لەکودستان مۆڵەتیان هەیە، ٢١ تریش داوای مۆڵەتیان کردووە، ئەمانە تەنها ئەوانەن کە لەوەزارەتی ناوخۆ ئیدارەی پێشووی هەولێردا ناویان هەیە».

لەبارەی سنووری سلێمانیو ئیدارەی گەرمیان، ئەو بەرێوەبەرە وتی «ئەوانە پێمانگەیشتوون، بەڵام جارێ جیانەکراونەتەوە:.

دەستوور لەسەرچاوەیەکی نارەسمییەوە زانیاری ئەوەی دەستکەوتووە کە لەسنووری ئیدارەی پێشووی سلێمانیش ١٠ حیزبی سیاسی مۆڵەتیان وەرگرتووە.

رەفیق سابیر ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت لەهەر وڵاتێکدا حوکمی دیموکراسی هەبوو، دروستبوونی حیزبو رێکخراوی سیاسی، مافێکی سەرەتایی هەموو کۆمەڵە کەسێکە، وتی «بەڵام لەهەرێم، دروستکردنی حیزب جۆرە کاسبییەکە کۆمەڵێک کەس فێری بوون».

رەفیق سابیر پێیوایە کەدەبێت کۆمەڵگا بریار لەسەر چارەنووسی ئەو حیزبانە بدات، کەئایا ئەوانە حیزبی سیاسینو هەبوونیان گرنگو پێویستییە یان نا.

**یەکێتیو پارتی، دەیان حیزبی سیاسییان لەدژی یەکتر دروستکردووە**

لەکاتی شەڕی ناوخۆدا هەریەکە لەیەکێتیو پارتی، چەندین حیزبی سیاسییان بۆ راکێشانی زۆرترین جەماوەرو لایەنگیر بۆ خۆیان دروستکرد، پسپۆڕانی سیاسی دەڵێن ئەو حیزبانە لەلایەن خودی خۆیانەوە هاوکاریو پشتگیری مادی دەکرانو بۆ کاری خۆیان بەکاردەهێنران.

رەفیق سابیر وتی «لەبەرئەوە ئەم حیزبانە یەکێتیو پارتی دروستیانکردوونو هەر خۆیشیان هانیاندەدەنو هاوکاریان دەکەن لەدژی یەکتر، چونکە لەکاتی شەڕی ناوخۆدا هەر کەسایەتییەکی عەشایەر یان هەرکەس خەڵکی لەدەور ببوایە، لەکاتی شەڕی براکوژیدا زەمینەی ئەوەی بۆ سازدرابوو کەحیزبێک دروستبکاتو خۆیو عەشیرەتو کەسوکارەکەی لەپەنایدا بحەوێنەوە».

ئەبو تارا ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان پێیوایە ئەو حیزبانەی ئێستا دەبینرێن ئاوێنەی هەلومەرجی شەڕی ناوخۆن.

ئەو وتی «لەبەرئەوەی لەکاتی ئەو جەنگە نەگریسەی یەکێتیو پارتیدا ئاسانکاری دەکرا لەهەموو ناوچەیەکدا بۆ دروستبوونی حیزب، جگە لەوەی کە لەئێستادا بەهۆی حوکمی دیموکراسییەوە دەرفەت زۆرتر کراوەتەوەو هەموو کۆمەڵە کەسێک دەتوانن حیزب یان رێکخراوی سیاسی دروستبکەن».

**داوادەکرێت خۆیان بتوێننەوە**

سیاسەتمەداران ئاماژە بەوە دەدەن کەئەو حیزبانەی لەکوردستاندا هەن، زۆربەیان لەیەکدەچن، ئەگەر ناتوانن دەنگی جەماوەر بەدەستبهێنن، باشترە خۆیان بتوێننەوە.

ئەبو تارا دەڵێت ئەو حیزبانە لەئایندەدا ناتوانن بەجیدی کاربکەن، ئەگەر زمانی هاوبەش لەنێوانیان دروستببێت، ئەوا دەتوێنەوە لەناو یەکێتیو پارتیدا، لەبەرئەوەی زەمینەیان بۆ دەسازێتو ئامانجیشیان لەیەکەوە نزیکن.

عەبدولرەحمان سدیق بەرپرسی سەنتەری پرد بۆ توێژینەوە، پێیوایە لەکوردستاندا هیچ جیاوازیەک لەنێوان بەرنامەی حیزبەکاندا نییە.

ئەو وتی «ئەم حیزبانە بەرهەمی حاڵەتەکانی پێشوون، کە لەئەنجامی ناکۆکییەکانی ناو خۆیان لەیەکتر جیابوونەتەوە، بۆیە دەبینین کۆمەڵێک حیزب بەرنامەی سۆسیال دیموکراتیان هەیەو لەیەکەوە نزیکن، کۆمەڵێک حیزبی تر ئیسلامینو ناوەکانیشیان لەیەکەوە نزیکن، ئەوانەی کەچەپن بەهەمان شێوە».

ئەو کەسایەتییە سیاسییە درێژەی پێدەداتو دەڵێت «لەکۆمەڵگای دیموکراسیدا هەڵبژاردن گرنگیو پێویستی هەبوونی حیزبەکان دیاریدەکات، هەر حیزبێک دەنگی نەهێنا، لەهەڵبژاردن دەبێت بەخۆیدا بچێتەوەو ناوی خۆی بگۆڕێت یان لەگەڵ حیزبێکی هاوفیکری خۆیاندا تێکەڵبن، بۆیە لەئێستای هەرێمدا بەپێی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق تەنها ٥ حیزب دەنگی هێناوە، کەواتە لەئێستادا خەڵکی کوردستان تەنها ئەو حیزبانەیان دەوێت».

ئاماژەی بەوەشدا کەئەو حیزبانەی تەنها لەسەر کاغەز بوونیان هەیەو بەشداری سیاسی وڵات ناکەن یان ناتوانن بەشداری بکەن، ئەوە پێویستە بەپێی یاسایەک مۆڵەتی یاسایی لەو حیزبە وەربگیرێتەوە.

رێکان ئەحمەد سکرتێری حیزبی رزگاری کوردستان، کەئێستا حیزبەکەیان تەنها ناوێکەو رۆژنامەیەکو ماڵپەڕێکیان هەیە، دانبەوەدا دەنێت زۆریو بۆری حیزبەکان کاریگەری خراپی دروستکردووە، وتی «ئەو حیزبانەی کەمێژوو دروستیکردوون، پێویستە بمێننەوە».

لەبارەی بۆچوونی ئەو لەسەر ئەو حیزبانەی کەبۆ لایەنگیری لەهەندێک حیزب دروستبوونو ماونەتەوە، وتی «ئەوانە نەبوونیان باشترە».

رێکان وتی «ئێمە نەمانویست ببین بەلایەن لەشەڕی ناوخۆداو دوای شەڕی ناوخۆیش پشتگیریمان لەهیچ کام لەحیزبەکانی سەر بەدەسەڵات نەکردووە، بۆیە بەبریارێکی سەربەخۆیانەی خۆمان حیزبەکەمان دروستکردو چالاکییەکانیشمان لەئێستادا لەدەرکردنی رۆژنامەی (رۆژی گەل)و ماڵپەڕێکدا قەتیسبووە».

ئاسۆ عەلی سەرکردەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان، کەماوەی مانگێکە بەرەسمی مۆڵەتیان وەکو حیزب وەرگرتووە، پێیوایە ئەو زۆریو بۆرییەی حیزبو رێکخراوی سیاسی لەهەرێمدا ئاوێنەی ئەو بێسەروبەریو بەرنامەیەیە کە لەبەرێوەبردنی هەرێمی کوردستاندا هەیە. وتی «سیاسەت بەجۆرێک ئاراستەدەکرێت کەسەرچاوەی بژێوی ژیانە، ئەمەش شتێکی ئاسایی نییەو لەبەرژەوەندی کوردو هەرێم نییە».

فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە ئەو حیزبانەی کەمەرجەکانی بەردەوامبوونو مانەوە بۆ خۆیان دەستەبەرنەکەن، ناتوانن بمێننەوەو مانەوەیان تەنها کێشە بۆ بودجە دروستدەکات.

ئەسەسەرد وتی «ئەگەر یاسای بودجەی حیزبەکان بەجوانی رێکبخرێتو یاسا سەروەر بێت، ئەوا ئەو حیزبانە خۆیان دەتوێنەوەو یەکێتیو پارتیش ناتوانن هاوکاریان بکەن».

هەروەها وتی «لەهەرێمدا یاسا سەروەر نییە، بۆیە ئەگەر مینحەی حیزبەکانیش ببڕێن، بێسوودەبێت لەبەرئەوەی یەکێتیو پارتی هەر هاوکاری ئەو حیزبە بچوکانە دەکەن کەخۆیان مەبەستیانن».

ئاماژەی بەوەشدا کەبەشێکی زۆر لەو حیزبانە پەیوەندیان لەگەڵ وڵاتانیتر هەیە، لەوڵاتانیتر سەرچاوەی دارایی دەدۆزنەوە، وتی «بۆیە کێشەی زۆریو بۆری حیزبو رێکخراوە سیاسییەکان بەئاسانی چارەسەرناکرێت».

**بودجەی وڵات بۆ حیزبەکانە**

تائێستا لەهەرێمی کوردستاندا هیچ یاسایەک نییە کەبودجەی حیزبەکان دیاربکات، تائێستاش بودجەی حیزبەکان بەشێوەیەکی هەڕەمی دەدرێت بەحیزبەکان.

پێشتر تەنها یەکێتیو پارتی مانگانە بڕی ٧٠,٠٠٠,٠٠٠ حەفتا ملیۆن دۆلاریان لەبودجەی حکومەت وەردەگرت، حیزبەکانی تریش نزیکەی ١٥,٠٠٠,٠٠٠ پازدە ملیۆن دۆلار، بەڵام ئێستا لەو برە کەمتر وەردەگرن.

ئیسماعیل گەلاڵی ئەندام پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی گۆڕان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور راگەیاند لەپرۆژە یاساکەیشدا کەئێستا لەبەردەم لیژنەکانی پەرلەمانە، بڕی (٩٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) نەوەد ملیار دینار بۆ هەموو حیزبو رێکخراوەکانی کوردستان دانراوە.

گەلاڵی وتی «تا ئەو پرۆژە یاسایە لەپەرلەمان پەسەندنەکرێت، ناتوانین بەیاسا بودجەی دیاریکراو بەسەر حیزبەکاندا دابەشبکەین».

گەلاڵی پێیوایە نەبوونی ئیرادەی سیاسی نێوان حیزبەکان لەدەرەوەی پەرلەمانو رێکنەکەوتنی لایەنە سیاسییەکان لەسەر چۆنێتیو چەندێتی ئەو پرۆژە یاسایە، بڕی بودجە بۆ حیزبەکانو چۆنێتی دابەشکردنیان لەنێوان حیزبەکاندا، بووە بەهۆی ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایە گیربخوات.

لەساڵی ١٩٩٣ پەرلەمانی کوردستان یاسای حیزبە سیاسییەکانی دەرکردووە، کە بەبڕوای چاودێرانی سیاسی کەموکوڕی تێدایەو لەگەڵ هەلومەرجی ئێستادا ناگونجێت.

عەبدولرەحمان سدیق بەپێویستی دەزانێت دەستکاری یاسای حیزبەکان بکرێت، وتی «لەم قۆناغەدا پێویستیمان بەیاسایەکی گرنگو باشتر هەیە لەو یاسایەی پێشوو، بۆیە دەبێت سزای ئیداری ئەو حیزبانە بدرێت کە لەپەرلەماندا دەنگ ناهێنن».

عەبدولرەحمان سدیق وتی «ئەگەر حیزبێک دەنگبهێنێتو نەهێنێت، هەر بمێنێتەوە، ئەوا ئەو پارەیە موڵکی گشتییەو نابێت پێیانبدرێت، بەڵکو دەبێت ئەم شتانە بەیاسا رێکبخرێت».

رەفیق سابیر سەبارەت بەیاسای حیزبەکانو بودجەکانیان، وتی «ئەگەر تەنانەت بودجەی هەموو ئەو حیزبانەش ببڕین، هەر دەمێننەوە لەبەرئەوەی سەرچاوەی داراییەکەیان لەیەکێتیو پارتیەوەیە، ئەمەش شتێکی نەگونجاوە لەبەرئەوەی ئەو پارەیەی کەئەوان لەیەکێتیو پارتیو حکومەتی وەردەگرن، پارەی دروستکردنی بینای خوێندنو شەقامو پرۆژەی خزمەتگوزارییە».



«حیزب جۆرە کاسبییەکە کۆمەڵێک کەس فێری بوون»

فۆتۆ: دەستوور

# کوردێك سێ «گەشتیار»ە ئەمریكییەكەی رفاندووە



شین بائێر
سارا شۆرد
جاشوا فتڵ

هیوا سەلیمی

هەفتەنامەی نەیشنی ئەمریکایی بەپشتبەستن بەکۆمەڵێک زانیاری، ئاشکرایکردووە، ئەو سێ "گەشتیارە" ئەمریکاییەی ساڵی رابردوو لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئێرانەوە دەستگیرکران، بەفەرمانی جاشێکی ناسراوی ناوچەی مەریوان بەناوی هیوا تاب لەناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە رفێندراون‌و دواتر بۆ تاران گوازراونەتەوە.

سارا شۆرد، جاشوا فتڵ‌و شین بائێر ئەو سێ "گەشتیار"ەن کە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە بەسیخوڕی تۆمەتبارکراون، سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەتی ئەمریکا لەرێگەی کونسوڵخانەی سویسرا کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەئێران دەکا، هێشتا لەزیندانەکانی ئێراندان‌و ئازاد نەکراون.

**سنووریان نەبەزاندووەو رفێندراون!**

ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٩ چوار "گەشتیار"ی ئەمریکایی سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن‌و دوای چەند رۆژ مانەوە لەهەولێر، بەمەبەستی بینینی شوێنە سەرنجڕاکێش‌و گەشتیارییەکانی کوردستان، روو لەشاری سلێمانی دەکەن. سێ کەس لەم "گەشتیار"انە بەمەبەستی شاخەوانی روو لەسنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران دەکەن، کەسی چوارەمیان بەهۆی نەخۆشی لەیەکێک لەئوتێلەکانی سلێمانی دەمێنێتەوە. لە٣١ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ یەکێک لەشاخەوانەکان تەلەفۆن بۆ هاوڕێکەی" شۆن مەکفیڵس" کە لەئوتێلێکی سلێمانی مابووەوە، دەکات‌و دەڵێ کە ئەوان بەهەڵە سنووری هەرێمی کوردستانیان بەزاندووەو ئێستا لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئێرانەوە دەستگیرکراون.

دوابەدوای ئەم رووداوە، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی لەرێگەی باڵیۆزخانەی سویسرا ئەوانی لەگیرانی ئەمریکییەکان ئاگادارکردووەتەوە. کۆماری ئیسلامی لەزمانی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی‌و هەروەها وەزارەتی ئیتلاعاتەوە، هەر ئەو کات‌و ئێستاش باس لەوەدەکات کە ئەوان سنووریان بەزاندووەو سیخوڕبوونی ئەوان بابەتێکی روون‌و ئاشکرایە.

کەچی چەند هەفتە لەمەوپێش هەفتەنامەی nation ی ئەمریکایی بەبڵاوکردنەوەی راپۆرتێک رایگەیاند کە بەپێچەوانەی ئیدعای ئێران، ئەم سێ کەسە سنووریان نەبەزاندووەو لەخاکی هەرێمی کوردستان دەستگیرکراون.

راپۆرتی ئاماژەپێکراو باس لەوەدەکات کە بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەوان لە ٥ مانگی رابردوو ئەنجامیانداوەو بەپێی وتەی دوو شایەتحاڵی خەڵکی ناوچەکەو هەروەها دوو سەرچاوەیتر لەناوخۆی ئێران، فەرمانی گرتنی ئەوان لەلایەن هیوا تاب بەرپرسی ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی مەریوان دراوە، شایەتحاڵەکان دیوویانە کە کەسانی سەر بەهێزە چەکدارەکانی ئێران تەقەی هەواییان بەسەر گەشتیارەکاندا کردووە، دواتر هێرشیان کردووەتە سەر خاکی عێراق‌و ئەوانیان دەستگیرکردووە.

راپۆرتەکە دواتر باس لەوەش دەکات کە فەرهاد لهۆنی سەرۆکی یەکێک لەعەشیرەتەکانی ناوچەکە، لەرابردوودا باسی لەوە کردبوو کە خزمەکانی شاهیدی گرتنی ئەو سێ ئەمریکاییە لەناو خاکی هەرێمی کوردستان بوون.

راپۆرتەکە لەکۆتاییدا باسی لەوەش کردووە کە هیوا تاب کە فەرمانی گرتنی ئەمریکاییەکانی دەرکردووە، دواتر بەتاوانی کوشتنی برازای پێشنوێژی شاری مەریوان، کاری قاچاخ‌و چەند مەسەلەیتر لەلایەن خودی حکومەتی ئێرانەوە دەستگیرکراوە.

**"هیوا تاب" کێیە؟**

"هیوا تاب" کوڕی عەبدوڵڵا خانی ئاوایی وەلەژێری سەر بەشاری مەریوانە. ساڵی ١٩٦٤ بەمەبەستی سەربازی چووەتە ریزەکانی سوپای پاسدارانی ئێران، دوای تەواوبوونی خزمەتی سەربازی هەر لەسوپای پاسداران دەمێنێتەوە. پاش مانەوەی لەسوپای پاسداران‌و وەفاداری بۆ هێزە چەکدارەکانی ئێران، دەبێتە پاسدارێکی پلەدارو جێگەیەکی تایبەتی بۆ خۆی لەسوپا دەکاتەوە. لەدوای هاتنەسەرکاری ئەحمەدی نەژاد وەک سەرۆک کۆمار، سوپای پاسداران دەبێتە هێزێکی پڕنفوز لەسیستمی سیاسیی ئێران، بەم هۆیەشەوە هیوا تاب پشکی بەردەکەوێ‌و دەبێتە فەرماندەی ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی ئێران لەمەریوان. بەپێی زانیاری سەرچاوە ئەمنییەکانی یەکێک لەحیزبەکانی رۆژهەڵات، هیوا تاب چەندین کەسی بەدناوی ناوچەکە لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوەو باندێک بۆ بەدواداچوونی سەرەڕۆییەکانی لەم کەسانە پێکدێنێ.

بەرپرسانی چەکداریی سوپای پاسداران لەناوچەی مەریوان هیوا تاب بۆ گرتن‌و کوشتنی ئەندامان‌و پێشمەرگەکانی حیزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد رادەسپێرن، بەڵێنی پێدەدەن کە بۆ گرتن‌و کوشتنی هەر یەک لەو ئەندامانە برە پارەیەکی زۆری پێدەدەن. باندەکەی هیوا تاب دەکەونە چالاکی‌و هەڵسووڕان لەناوچەکانی مەریوان‌و سنەو دەستدەدەنە چەتەیی‌و راوڕووت‌و گرتن‌و کوشتنی خەڵک. کوشتنی چەندین کەسی سەر بەکۆمەڵە، بەناوەکانی جەمیل، ئاسۆ‌و شوعەیب لەناوچەی مەریوان‌و رادەستکردنی تەرمەکانیان بە بەرپرسانی سوپای پاسداران، دواتر چەندین خەڵکی سڤیلی ناوچەکەو لەوانە ساڵح کەریمی خەڵکی ئاوایی نەنەی مەریوان، عەبدووڵڵا بەردەڕەشی ناسراو بەعەبە قەتحە، حەمید نۆدشەیی، سەلاح پێنجوێنی، ژنێکی عێراقی بەناوی شلێرو چەندین پیاوو ژنیتر بەزۆر جلی پێشمەرگایەتییان پێ لەبەردەکەن، دەیانکوژن‌و بەناوی پێشمەرگەی پژاک‌و کۆمەڵەوە تەسلیمی حکومەتیان دەکەن‌و پارەی پێوەردەگرن. وردەکاری ئەم زانیارییانە دواتر ئاشکرابوون‌و تەنانەت بەرپرسانی وەزارەتی ئیتلاعات‌و هێزە ئینتزامییەکانی کوردستانیش بەشێک لەراستییەکانیان درکاند.

لەکاتی سەردانی خامنەیی بۆ مەریوان لەپێش هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری، هیوا تاب نووسراوەیەک لەراپۆرتی کارەکانی بەخامنەیی دەداو پێی دەڵێ کە بۆ مانەوەی کۆماری ئیسلامی ٧٥ پێشمەرگەی کوردەکانی ئێرانی کوشتووە. خامنەیی لەدوای گەڕانەوەی بۆ پایتەخت بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە وەفدی ئەمنی بەنهێنی دەنێرێتە مەریوان‌و دوای چەندین مانگ لێکدانەوەی کەیسی کوژراوەکان لەلایەن ئەم وەفدەوە، ئاشکرادەبێ کە زۆربەی کوژراوەکان کەسی سڤیل‌و مەدەنین‌و چەند کەسیان خانەوادەی پێشنوێژی هەینی مەریوان دەبێ. بەم هۆکارەو هەروەها بەهۆی ململانێی لەنێوان سوپای پاسداران‌و وەزارەتی ئیتلاعات، هیوا تاب دەستگیردەکرێ‌و ناوبراو ئیعتراف بەهەموو کارەکانی دەکات، چەندین کەسی دیکە لەهاوکارەکانی‌و لەوانە خەیاتێک لەشاری سنە کە ئەرکی دورینی جلی پێشمەرگایەتی لەئەستۆ بووە، دەستگیردەکرێن.

# هیچ مێزێکی سیاسی، حیزبە کوردییەکانی ئێران کۆناکاتەوە

## حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە کوردییەکانی ئێران ناتوانن سوود لەهەلومەرجی ئێستای ئێران ببینن‌و کاری هاوبەش بکەن

فەرمان چۆمانی

حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، دانبەوەدادەنێن کەناتوانن سوود لەهەلومەرجی ئێستای ئێران ببینن‌و کاری هاوبەش بکەن یان بەرەیەک پێکبهێنن، دەڵێن گەورەترین گرفتیش لێکترازان‌و جیابوونەوەی نێوانیانە.

چەندین حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بەتایبەت حیزبە سیاسییە کوردییەکان لەناو خاکی هەرێمی کوردستان‌و عێراقدان‌و لەدژی حکومەتی ئێران دەجەنگن، بەڵام تائێستا نەیانتوانیوە گوتارێکی یەکگرتوویان هەبێت بۆ کارکردن، هەمووشیان ئەوە رەتدەکەنەوە کەبەرژەوەندی خۆیان هۆکاری ئەو پەرتەوازەییە بێت.

سیامەکی وەکیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند کەکاری دەستەکۆمەڵی لەناو هێزەکانی رۆژهەڵات سەختە، بەهۆی لێکترازانی نێوان لایەنەکان.

وەکیلی وتی «هێشتا رێگەی زۆرمان ماوە تا بگەینە بەرەیەک، هەرچەندە ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان هیچ مەرجمان نییە بۆ کاری هاوبەش، چونکە خاڵە هاوبەشەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەندە هەن کەبتوانێت لەسەر مێزێک کۆمانبکاتەوە».

حیزبە سیاسییە کوردییەکان دەڵێن پێویستە ئەزموونی حیزبەکانی کوردستانی عێراق دووبارەبکرێتەوەو بەرەیەک دروستبکەن، وەک چۆن حیزبە کوردییەکانی عێراق پێش راپەڕین سەرەڕای ئەو ناکۆکییانەی نێوانیان، توانیان بەرەی کوردستانی پێکبهێنن.

وەکیلی وتی «کێشەی ئێمە ئەوەیە، چۆن هێناومانە لەسەرەتادا هەروا درێژەمان پێداوە».

وەکیلی پێیوایە جۆرێک لەرۆحییەتی نزیکبوونەوە لەنێوان لایەنەکاندا هەیە، بەڵام وتی «تەنها کێشەیەک کەهەیە، ئەو لێکترازانەیە».

دوایین هەوڵ کەدرابێت بۆ نزیکبوونەوەیان لەماوەکانی رابردوودا، نامەیەکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) بوو، کەئاڕاستەی هێزو لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کرا، بۆ قسەکردن لەسەر پێکهێنانی بەرەیەک، بەڵام ئەو هەوڵەش هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

وەکیلی دەڵێت پێشتر رێککەوتنێکی چوار قۆڵی لەنێوان ئەوان‌و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی ئێران‌و پارتی ئازادی‌و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران هەبووە.

یوسف محەمەد مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سلێمانی پێیوایە حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، پێشئەوەی دەسەڵاتێکی تایبەت بەخۆیان هەبێت، هەمان ئەو هەڵانەیان دووبارەکردووە کەحیزبەکانی باشوور تێیکەوتوون.

یوسف وتی «ئەوان ناتوانن خاوەن گوتارێکی گەورەبن، چونکە پارچە پارچە بوون‌و ناکۆکی گەورە لەنێوانیاندا هەیە، بۆیە ناتوانن لەسەر خاڵێکی هاوبەش رێکبکەون».

بەرپرسانی حیزبە کوردستانییەکانی رۆژهەڵات دەڵێن سەرەڕای ئەو لێکترازانانە، بەڵام ناکۆکی قووڵ‌و کێشەی گەورە لەنێوانیاندا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر پێکهێنانی بەرەیەک کۆک نین.

یوسف وتی«جوڵانەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان پێش پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵات کەوتووە».

ئەنوەر محەمەدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، وتی «بەهۆی کۆمەڵێک کێشەی ناوخۆیی لەم چەند ساڵانەی دواییدا، لەناوخۆی حیزبەکان روویداوە وەک لێکترازان، هۆکارە بۆ درووستنەبوونی بەرە».

ئەنوەر پێیوایە زەمینەیەک هەیە بۆ دروستکردنی بەرەیەک، بەڵام کێشەوگرفت هەیە، وتی «لایەن هەیە بەرژوەندی خۆی هەیە».

یوسف محەمەد وایدەبینێت کەنەبوونی بەرەیەک یان کاری هاوبەش لەنێوان حیزبە کوردییەکانی رۆژهەڵاتدا، کەمتر بەهۆی کاریگەری دەرەکییە. دەڵێت کێشەکە زیاتر پەیوەندی بەدەسەڵات‌و پلەو پایەو پۆستەوە هەیە.

بەڵام وەکیلی وتی«هیچ رێگری‌و بەرژەوەندییەک نییە وابکات بەرەیەک پێکنەهێنرێت، کەمتەرخەمی هەبێت لەخۆمانە». رەفیق حوسێن پەناهی جێگری بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، وتی «ئەو لێکترازانەی حیزبەکان تووشی بوون، بووەتە هۆکارێک کەئاسانتەبێت کاری هاوبەش بکرێت، ئەگەرنا هەلومەرجی ئێستای رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە دەخوازێت کەبەرەیەکی فراوان دروستبکەین».

یوسف محەمەد داوای لەحیزبە کوردستانییەکانی ئێران کرد ئەو وزە گەورەیەی کەئێستا خەڵکی رۆشنبیرو چالاکوانی مەدەنی لەکوردستانی رۆژهەڵات هەیانە، لەبەرچاو بگیرێت، وتی«دەتوانرێت لەناوخۆی ئێران بەرەیەکی مەدەنی دروستبکرێت‌و پەیوەندی لەگەڵ بەرەی دەرەوەی ئێران هەبێت، بۆئەوەی جموجۆڵی سیاسی‌و نەتەوەیی لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا پێشبخرێت».

# ڕانانێك بۆ كتێبی سێوی سێهەم

سیروان عەبدول

کتێبی «سێوی سێهەم» دوایین کتێبی لێکۆڵینەوەی فیکریی کاک بەختیار عەلییە کە لەسێ وتاری درێژو دەقی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ گۆڤاری «مەهاباد» پێکهاتووە. کتێبەکە لە ١٨٠ لاپەڕەی قەبارە مامناوەندیی پێکهاتووەو لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی «ئەندێشە»یە.

ئەم کتێبە، تا ئەو شوێنەی من ئاگادارم، دوای دەرچوونی تائێستا هیچ هەڵسەنگاندنێکی بۆ نەکراوەو قسەیەک لەسەر بەهاو سەنگی نەکراوە. ئەمەش ڕەنگە دەرفەتێکی باش بێت بۆئەوەی کەسێک بتوانێت هەڵسەنگاندنێک بۆ بەهای حەقیقی ئەم کتێبە بکات، بێئەوەی قسەکانی لەگەڵ ئەو شەپۆلی پیاهەڵدانی ناحەقانەو شکاندنی ناحەقانەدا ڕامالرێت کە بەدوای دەرچوونی هەر بەرهەمێکی کاک بەختیاردا دێت.

خەسڵەتێکی گرنگو خوویەکی جوانی کاک بەختیار عەلی لەبیرکردنەوەو نووسیندا، ئەوەیە کە ئەو چەندان ساڵە سوورە لەسەر ئەوەی هەوڵبدات قوڵتر لەباو، موعالەجەی بابەتێک بکاتو تەواو خۆی لەو شێوە لێکدانەوە ڕاستەوخۆو ڕووکەشانەیە بپارێزێت کە باوە لەناو ناوەندی ڕۆشنبیریو فیکریی ئێمەدا، بەڵام ئەمە قەت مانای ئەوە نییە کە هەر ئەم نییەتە کافیی بێتو هەر کەسێک بەس ئەوەندە ویستی، قوڵتر موعالەجەی بابەتێک بکات، ئیتر بتوانێت بیکات. کارێکی وا لەپاڵ ئاگاداربوونو تێگەیشتنێکی ڕیشەیی، بەلای کەمەوە، هێڵە سەرەکییەکانو تێزە جەوهەرییەکانی ناو ئەو بوارەی قسەی تیا دەکەیت، ئەوەش دەخوازێت کە بتوانیت بەتاوتوێکردنێکی زانستیی و ڕاستەقینەی ئەو دراوانە، بەتەسەلسولێکی لۆجیکیی ڕوونو ئاشکرا، تێزی سەربەخۆی خۆتیان لەسەر بونیاد بنێیت. ئەم کتێبەی کاک بەختیار لەم ڕووەوە لەهەر کتێبو دەقێکی فیکریی پێشووتری زیاتر کورت دەهێنێت. خوێنەرێکی مامناوەندیی ئاگادار لەمەرجەکانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی دەتوانێت ڕوون ئەوە ببینێت کە نووسەر هەر ئەوەندەیە وەهمی ئەوە دەدات کە لێکدانەوەو تاوتوێکردنی فیکریو هەڵهێنجانی مەنتیقی دەکات، ئەگینا لەحەقیقەتدا هیچ ناکات بەغەیری هێنانوبردنێکی ڕووکەشانەی ئەفکاری پچڕپچڕو زۆرجار ناکۆک بەیەکو بەرامبەر یەککردنەوەیەکی میکانیکییان بەدەوری بیرۆکەیەکدا کە بەدرێژایی باسەکە بەشێوەیەکی تەواو بێزارکەر هەر دووبارەو دووبارە دەکرێتەوە.

«سێوی سێهەم» کتێبێکی فیکرییە کە بەدەگمەن ئارگیومێنتی ڕاستەقینەی تیا دەستدەکەوێت، لەکاتێکدا توخمی سەرەکی لێکۆڵینەوەی فیکریی ئەکادیمی ئارگیومێنتکردنە. نووسەر بەدرێژایی کتێبەکە هەر باسی ئەوە دەکات کە قەناعەتەکانی ئەو چینو چۆنن، لەکاتێکدا نووسینی لێکۆڵینەوەو ئارگیومێنتکردن عەرزی قەناعەتەکانی لێکۆڵەر نییە، بەڵکو ئەوەیە هەوڵبدەیت قەناعەت بەخوێنەر بهێنیت کە ئەو قەناعەتانەی تۆ تەواون.

تێزی سەرەکی، یان ڕاستتر، تەنها تێزی ناو ئەم کتێبە قەناعەتێکی وایە کە: «لەناو هەر سیستمێکدا دەلاقەیەکی گەورە هەیە کە ڕێگا لەوە دەگرێت، سیستم ببێتە شتێکی جێگیرو ئەبەدیو داخراو» (ل٦). کورتهێنانی گەورەی ئەم کتێبە لەهەڵبژاردنی ئەو مێتۆدەدایە کە بۆ سەلماندنی ئەم تێزە، دەیگرێتە بەر.

نووسەر بۆ پیشاندانی دروستیی ئەم تێزە دێت تێزەکانی چەند فەیلەسوفێک بەرچاو دەخات کە (بەرهەرحاڵ بە ڕای نووسەر) هەر هەمان ئەو قەناعەتەی سەرەوەیان هەیە. بۆیە خوێنەر لەچەنان شوێنی ئەم کتێبەدا ڕووبەڕووی ئارگیومێنتکردنی لەو چەشنە دەبێتەوە، کە بۆ نمونە، جاک لاکان یان جاک دریدا یان ئێرنست بلۆخ وای وتووە، بۆیە دەبێت ئەویش قەناعەتی وابێت. ئەم جۆرە لەئارگیومێنت لەئەکادیمییەکاندا بە «ئارگیومێنتی قەڵب - Invalid argument» ناو دەبرێت، بەوەی کە قەناعەتی ئۆتۆریتەیەک دەکرێتە بەڵگەی دروستیی ئیدیعایەک. بەوەسفێکیتر کەسێک دەتوانێت بڵێت کە ئەم میتۆدە میتۆدی «سەلماندنە بەوەسیلەی وتەی ناوداران». دیارە کارێکی گرنگ دەبوو، ئەگەر ئەم کتێبە تەنها عەرزکردنێک بوایە یان موحازەرەیەکی نووسراو بوایە سەبارەت بە تێڕوانینو فەلسەفەی ئەو فەیلەسوفانە، بەڵام ئەم کتێبە لەسەرووی ئەم ئەرکەوە ئەرکێکی تر دەگرێتە ئەستۆو دەیەوێت بیسەلمێنێت کە «هیچ سیستمێک ئەبەدیی نییە» (ل٥).

لەهەر لاپەڕەیەکی ئەم کتێبەدا خوێنەر ڕووبەڕووی تێزی نەسەلمێنراو دەبێتەوە کە نووسەر ئیدیعای دەکاتو بێئەوەی ئەرکی ئەوە بکێشێت تەبریری خۆی بڵێت بۆیان، دەچێت درێژەی پێدەداتو تێزو ئیدیعای تریان لەسەر بونیاد دەنێت. بۆنمونە هەر لەلاپەڕەکانی یەکەمی کتێبەکەوە، وەک ئەوەی بەدیهییەتێک باسبکرێت، قەناعەتێکی وا بەرچاو دەخرێت کە «هەر سیستمێک دوو پنتی جیاوازی تیایە، یەکەمیان ڕۆحییەتی گۆڕانەو ئەویتریان ڕۆحییەتی سیستم». ئینجا لەسەر بناغەی ئەم تێزە ناکۆنکرێتو نەسەلمێنراوە لێکدانەوەیتر بونیاد دەنرێت کە گوایە «ئەم دووانە لەململانێدانو یەکەمیان بەرەو دەرچوون لەسیستم دەڕواو دووەمیان دەیەوێت سیستم لەهەر گۆڕانێک بپارێزێت». دوای ئەوەی ئەم تێزەی دوایی، چەندینجار بەچەندین شێوەی جیاواز، بەڵام بەهەمان ناوەڕۆکەوە دووبارە دەبێتەوە، ئینجا وەک قسەیەکی لێبڕاوە دەکرێتە بناغە بۆ لێکدانەوە لەچوارچێوەیەکی

گەورەتردا دەووترێت کە «لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین لەو ململانێ قوڵە تێبگەین کە لەنێوان میتافیزیکو پۆستمۆدێرنو تەفکیکییەتدا هەیە» (ل١٠-١١)، ئەمە بێئەوەی بۆ هیچ خوێنەرێک دیار بێت چۆنو بۆچی ڕەوایە ئەم تەعمیمکردنەوەیە «لەم ڕوانگەیەوە» بکرێت» یان مەبەست لەچی ململانێیەکە لەنێوان ئەو سیانەداو ئەو سیانە بۆچی وا کۆکرانەوەو لێرەدا لەپڕ دەرکەوتن.

ئەم کتێبە ڕەچاوی سادەترین مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی ناکات. باسەکە بەگەشەیەکی لۆجیکی (Logical progression) ناچێتە پێشەوە، بەڵکو لەباسێک باز دەدات بۆ باسێکی ترو دوایی بەدووبارەکردنەوەی ئیدیعا ئەسڵییە نەسەلمێنراوەکە دێتەوە سەر خەتو ئیلحاح لەسەر خوینەر دەستپێدەکاتەوە بۆ قبوڵکردنی تێزەکەی. ئەو خوێنەرانەی کە عەقڵی ڕەخنەیی خۆیان دەکەنە مەحەک بۆ قەناعەتهێنان بەهەر تێزێک، بەشیکردنەوەو لێکدانەوەو ئارگیومێنتی پەیوەندیدارو ڕوونو حەقیقی نەبێت، ڕازیی نابن، لە کاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا هەست بەهەوڵێکی بەردەوامی نووسەر دەکەن بۆ مانیپۆلکردنی مێشکیان. لەهەمانکاتدا بۆ خوێنەرانێک کە ئەم مەرجەیان نییە، لێکدانەوەکانی ئەم کتێبە لەڕووکەشدا وا قوڵو زانستیی خۆیان دەنوێنن کە ڕەنگە سەدانیان هەر زوو تەسلیم بنو قەناعەتی ڕۆحی بەقوڵییو گرنگی باسەکان بهێنن، بەڵام بێئەوەی هیچیشی لێ تێبگەن.

خوێنەری ئەم کتێبە بەدرێژایی کتێبەکە ڕووبەڕووی چەنان ڕستەی پڕ لەڕێتۆریکو چەمکی لێڵ (Vague conception) دەبێتەوە کە هیچ مانایەکی کۆنکریتو دیار نادەن بەدەستەوە. بۆ نمونە:

- «لەناو مێژوودا دەبێت هەمیشە هێزێک هەبێت کە بەدروستیی تێینەگەین، واتە نەتوانین بەدروستیی ماهییەتی دەستنیشانبکەین. (ل٥٣)»،
- ئێمە دەبێت «فیکرێکی ناسیونالیی وامان هەبێت کە بەسەر زیاد لەئەگەرێکی ماناو ئەگەرێکی شوناسدا کرابێتەوە. (ل١٧٧)»،
- «ئەو هێزانەی باوەڕیان وایە کە بەڕوونی شوناسی هێزێک دەبینن،






> لەهەر لاپەڕەیەکی ئەم کتێبەدا خوێنەر ڕووبەڕووی تێزی نەسەلمێنراو دەبێتەوە کە نووسەر ئیدیعای دەکاتو بێئەوەی ئەرکی ئەوە بکێشێت تەبریری خۆی بڵێت بۆیان

ترسناکن، چونکە لەئاستی مێژوویيدا شوناس هەمیشە دەمامکە (ل٥٢)».

ئەمە جگە لەوەی چەندین دەستەواژە دێنە ناوەوە بەبێئەوەی هیچ مانایەکی ڕوونو کۆنکرێتیان بدرێتێ. بۆنمونە: «پرۆژەی بەرجەستەبوونی سیاسیو کۆمەڵایەتی»، «دیموکراسیزمی تیۆریی»، «مرۆڤی جەوهەرگەرا» و «دینەمۆ ستراتیجییەکانی مۆدێرنە».

مەرجی ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی لێکۆڵینەوەی زانستیو ئەکادیمی لەم سەردەمەی ڕۆشنبیریی کوردیدا، مەرجێکە کە لەهەر کاتێکیتر گرنگترە پێی لەسەر دابگرینو سازشی لەسەر نەکەین، چونکە لەم دوو دەیەیەی دواییدا هەوڵی سیستماتیکو خەتەرناک هەبووە بۆ بەدئیستیفادە لەکەمتواناییو کەموزۆر نازیندوویەتیی خوێنەری ئێمەو خۆتێپەڕاندن بەسەریدا. لادانی ئەو مەرجە لەدرێژەی خۆیدا دیالۆگو ئاڵوگۆڕی فیکریی حەقیقی لەناوەندی ڕۆشنبیریو سیاسییو لەکۆمەڵگادا دەکوژێتو لەدرێژەشدا لەمەیدانی سیاسییدا ڕووبەرێک دروستدەکات، کە تیایدا دەسەڵاتێکی ستەمکار بتوانێت بەئاسانی دیماگۆجییەتو ڕێتۆریکی سیاسیی خۆی بەقیمەتی حیکمەتی سیاسیی بەسەر خەڵکدا ساغبکاتەوە. نمونەیەکی ئەمە دەکرێت ئەوە بێت کە ئەم ڕۆژانە سەرۆکی کوردستان مافی خۆی بۆ سەرکوتکردنی نەیارانی خۆی بەوە ئارگیومێنت بۆ دەکرد کە حیزبەکەی ئەو «مێژووی خەبات»ی هەیە.

سازشکردن لەمەرجی ئەکادیمییەتی لێکۆڵینەوە، ڕێگە خۆشدەکات لەناوەندی لێکۆڵینەوەی فیکرییدا هەڵەو کورتهێنانی ئاشکرای پێ داپۆشرێتو بەنرخی لێکدانەوەی قوڵ بەخوێنەر بفرۆشرێت. کاک بەختیار لەباسی دووەمی ئەم کتێبەدا دەستپێکردنێکی ناموەفەقانە دەستپێدەکات، کاتێک بۆ چوونە ناو باسەکەوە نوکتەیەک تەوزیف دەکات کە بۆ بیرۆکەی باسەکەی

ئەو ناشێت. نوکتەکە باسی کەسێک دەکات کە سێ سێوی لەبەردەستدایە. یەکەمیان لەتدەکاتو دەبینێت کرمێیە. دووەمیشیان هەمانشت. بۆیە بەرلەوەی سێیەمیان لەتبکات، گڵۆپەکە دەکوژێنێتەوە ئینجا لەتیدەکاتو دەیخوات. کارێکی خۆخەڵەتێنەرانە کە ئەم کەسە دەیکاتو هەموومان دێنێتە پێکەنین، کاک بەختیار بەنووسینی ٣٧ لاپەڕە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەوە کارێکی گرنگەو «دەلالەتی تێکەڵبوونە بەتاقیکردنەوەیەکی گرنگو پێویستو بزافساز (ل٥٢)»، ئەو کەسە «کەسێکی ئەزمونگەرەو ساتی کوژاندنەوەی چراکەو خواردنی سێوەکەش ساتێکی بەئیمتیاز سیاسییە، چونکە ئەویش وەک سیاسەت پەلاماردانی ئەگەرێکی نادیارە» (ل٦٩).

ڕێتۆریکو قسەی سۆفیستییانە لەکۆمەڵگا زیندووەکاندا هەر زوو خوێنەر دەرکی پێدەکاتو دەستدەخاتە سەر ئەوەی کە نووسەر بەهەڵەدا چووە لەلێکدانەوەیەکدا یان نووسەر هەوڵدەدات بەڕێتۆریکی ڕووکەشانە لێکدانەوەیەکی هەڵە تێپەڕێنێت، بەڵام ئەگەر خوێنەری ناو کۆمەڵگای ئێمە بەداخەوە هێشتا ئەو پلەیە لەحەساسییەتو وردبینیی نییە، گرنگە بەدانانی مەرجی هەبوونی هاوئاهەنگی (Consistency) لەهەر گوتارێکداو شارشنەکردن لەسەر ئەم مەرجەو ڕەخنەکردنی لادان لێی، کۆمەڵگایەکی زەدیدە (Vulnerable)ی وەک کۆمەڵگای کوردی لەخەتەری دەستزاڵبوونی بێکەفائەتان بپارێزرێت.

دیارە کاک بەختیار عەلی نەک هەر کەسێکی بێکەفائەت نییە، بەڵکو کارکردنی ئەو چەند تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیەو لەم کتێبەشدا ئەو تایبەتمەندییانە بەزەقی دیارن، لەوانە، یەکەم، ئەو پێشڕەویی هەیە لەوەدا کە خۆی لەباسی تازە دەداتو ڕۆشنبیریی کوردی لەگەڵ خۆیدا دەبات بۆ ئاقارهایەکی فیکریی کە ئەم ڕۆشنبیرییە پێشتر خۆی لێ نەداوەو تەواو پێی نائاشنایە. دووەم، ئەو سوورە لەسەر ئەوەی کە بەعەقڵی خۆی بیربکاتەوەو (باش یان خراپ) تێزی سەربەخۆی هەبێت. سێیەم، ئەو پۆتێنسیاڵێکی بێئەندازە گەورەی تیایە بۆ گەشەکردنو بوون بەبیریارێکی گرنگی کورد. بەڵام بەدیهاتنی ئەم خەونە بەڕای من بەوەوە بەندە کە ئەو چەند ئامادەیە واز لەپێداگری لەسەر ئیمکانییەتی هەڵکەوتنی بیریار بەبێ خوێندنی ئەکادیمی بهێنێتو بچێت لەزانکۆیەکدا بەشێوەیەکی سیستماتیک لەبوارێکدا خۆی قاڵبکاتەوەو ببێتە پسپۆڕ. من پێموایە چارەنووسی ئەو وەک نووسەرێکی بەئیعتیبارو تەنانەت چارەنووسی «بزووتنەوەی ڕەهەند»یش لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا بەمەرجی خوێندنی ئاکادیمییەوە بەستراوە. ئەگەر ئەو و ئەو بزوتنەوەیە ئامادەبن بچنە سەر تەختەی خوێندن لەزانکۆکاندا، ئەوا ئیعتیبارێکو تەمەنێکی درێژتریان دەبێت وەک نووسەرێکو وەک بزووتنەوەیەکی زاڵو بەئیعتیباری ناو ڕۆشنبیریی ئێمە، بەڵام ئەگەر ئەمە ناکەن، ئەوا ئەو و بزووتنەوەی ڕەهەند دەبێت ئامادەی ئەوە بن کە هەر ئەوەندە ساڵیتر لەناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا بەجیددی وەردەگیردرێن تا ئەو نەوە تازە کوردییزانەی گەنجانی کورد کە ئێستا لەزانکۆکانی وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا دەستیان بەخوێندن کردووە، لەخوێندنەکانیان دەبنەوە.

ئۆسلۆ، ١٠ / ٦ / ٢٠١٠

sirwanebdul@yahoo.com

# کاتی ئەوە هاتووە کورسییەکان بۆ خاوەن ماڵەکان چۆڵبکرێن

## قسەیەك لەسەر کۆنگرەو کۆنفرانسی حیزبە کوردییەکان



ئاری ئەبوبەکر

هەر وەک چۆن هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ زۆر شتی نوێی هێنایە ناو کایەی سیاسی کوردستانەوە، بەهەمانشیوە هەڵبژاردنی ٣/٧ ی گشتی عێراق کۆمەڵێک مەدولی سیاسی هێنایە ناو کایەی سیاسی کوردستانەوە، کە ئەو مەدلولانە هەڵگری کۆمەڵێک ئاماژەیە، کە ناکرێت بێ هەڵوێستەکردن بەسەریاندا تێبپەڕێین.
یەکێک لەو مەدلولانە، دەنگهێنانی زۆری ئەو کاندیدە پاکانەیە کە خۆشەویستن لەلای خەڵکو توانیان دەنگێکی زۆری هاووڵاتییان بەدەستبهێنن، کە ئێمە لەشوێنێکیترو لەبابەتێکی تردا بەتێروتەسەلی لەسەر بوونی کاندیدی پاکو بێلایەن لەژێر هەیمەنەی حیزبەکاندا قسەمانکردووە (هاووڵاتی ژ. ٦٠٤ لەوتارێکدا بەناوی کاندیدە بێلایەنەکان لەژێر هەیمەنەی حیزب دا)، بەڵام قسەکردنی ئەم جارەمان جیاوازترە، چونکە لێرەدا تەنها قسە لەسەر کاندیدە بێلایەنەکان ناکەین، بەڵکو لەسەر کاندیدە خۆشەویستەکان دەکەین بەحیزبیو ناحیزبییەوە، قسە لەسەر ئەو کاندیدانە دەکەین کە کۆمەڵێک ئەندام مەکتەب سیاسی دایناونو بەناو کۆمەڵێک فلتەری حیزبیدا ڕۆیشتوون، کە فلتەرەکان (مەبەست کەسەکانە) ناتوانن بەئەندازەی لەسەدا دەی ئەو کاندیدە پاکانە دەنگبهێنن.
بۆ ڕۆشنی قسەکردن لەسەر ئەو کاندیدە پاکانە، ناوی هەندێک لەوانە دەهێنین لەهەموو حیزبو بزووتنەوە خاوەن قورساییەکان، بۆ ئەوەی رووی دەممان لەتەنها حیزبێکو بزووتنەوەیەک نەبێت، بەڵکو مەبەستمان هەموو هێزو قەوارەکانە، ئەمەش تەنها وەک سوود گەیاندنێک بەپرۆسەی دیمۆکراتییەتو گەڕاندنەوەی ڕێز بۆ دەنگدەر، چونکە مادام قەرارە کە ئەوە دەنگدەرو هاووڵاتییانن کە لەدواجاردا سیاسییەکان تاقیدەکەنەوەو دەیانکەنە خاوەن دەسەڵات، کەواتە دەبێت هێزە سیاسییەکان وەک پێویستییەکی سەردەم مامەڵە لەگەڵ دەنگدەردا بکەنو کەسە ڕەزاگرانەکان پشتگوێبخەنو کەسە خۆشەویستەکانی ناو کۆمەڵگاش بکەنە دەموچاوی دیارو خاوەن هیزی ڕاستەقینەی ناو هیزەکانیان.
کەسێکی وەک حاکم شێخ لەتیف، کاندیدی لیستی گۆڕان، ناکرێت پشتگوێبخرێتو تەنها وەک کائینێک لەناو پەرلەمانی عێراقدا سەیربکرێت، بەپێچەوانەوە دەبێت دەموچاوێکی وەک حاکم لەتیف بخرێتە ناوەندی دەسەڵاتی بڕیاردانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، لەبری کۆمەڵێک دەموچاوی (وەجهی) تر کە ئێستا لەناوەندی بڕیاردانی گۆڕاندانو ڕەزا قورس، ناخۆشەویستو ناپەسەندن لەلایەن خەڵکەوە.
یان کەسێکی وەک خالید شوانی، کە توانیوویەتی بەکارو کردەوەکانی ساڵانی ڕابردووی لەپەرلەمانی عێراق، دەنگێکی ئێجگار زۆر لەکەرکوک، کە ناوەندی جێگا جەنگی کوردو عێراقەو هەموو دونیا چاوی تێبڕیوە، بەدەستبهێنێتو نزیکەی پەنجا هەزار هاووڵاتی بەدەنگی خۆیان خەڵاتی بکەن، ئەمەش بەجیا لەلیستی هاوپەیمانی، بەهەموو پیوەرێک بەشێکی زۆر لەو دەنگانە دەرئەنجامی کاروکردەوەکانی خالید شوانی خۆیەتی، چونکە دواجار خالید لەچوارساڵی ڕابردوودا خاوەنی کۆمەڵێک هەڵوێست بووە، کە هەمووان شانازی پیوەدەکەینو خۆزگەمان دەخواست کە هەموو پەرلەمانتارە کوردەکانی بەغداد وەک ئەو بوونایە. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر حیزبەکان بیانەوێت ڕیز بگەڕێننەوە بۆ جەماوەرو دەنگی دەنگدەر، بۆ نمونە، دەبێت خالید شوانی بکرێتە ئەندامی مەکتەب سیاسیو دەموچاوێکی دیارو دەسەڵاتداری ناو یەکێتی نیشتمانی، لەبری کۆمەڵێک دەموچاویتر، کە نە توانای بەرهەمهێنانی سیاسەتییان ماوەو هەیە، نە دەشتوانن بەئەندازەی خالید دەنگ بۆ حیزبەکەیان کۆبکەنەوە، نەک ئەمە، بەڵکو ناتوانن بەئەندازەی یەک لەسەر دەی خالید شوانی لەهەموو کوردستاندا دەنگ بهێنن، جا کەوابوو پێویست نییە خالید شوانی، وەک نمونەیەک، بکرێتە دەمڕاستی حیزبو دەموچاوێکی دیارو دەسەڵاتدار، کە ئەمە لەدواجاردا وا لەدەنگدەری کورد دەکات کە بزانێت قەدری دەنگی دەگیرێت لای حیزبەکان، بەوەی کە ئەو کاندیدانەی کە زۆرترین دەنگی جەماوەر بەدەستدەهێنن، دەبنە دەسەڵاتداری ڕاستەقینە، نەک تەنها لەناو پەرلەمانی عێراقدا قەتیس بکرێن.
ئەگەر نمونەیەکیش لەناو پارتیدا وەربگرین، ئەوا حەمید حەزیز یەزدین لەشاری دهۆک، کەوا توانیویەتی لەسەروو چل هەزار دەنگ بەدەستبهێنێت، کە کەم تا زۆر حەمید لەچاو هەندێک دەسەڵاتدارو ئەندامی مەکتەب سیاسی ناو پارتیدا، نە خاوەنی دەسەڵاتە لەناوەندی بڕیاردانی پارتیدا و نە دەریشکەوتووە وەک پێویست، کە ئەمەش وادەکات کە حیزب لای هاووڵاتییان ناشیرین بێت بەهۆی ئەو دەمووچاوە ڕەزاقورسانەوە، کە هەمیشە لەمیدیاکانەوە وا خۆیان نیشاندەدەن کە ئەوە ئەوانن خاوەنی بڕیارو لەناوچەقی دەسەڵاتنو ستراتیژی حیزب ئەوان داڕێژەرین، لەکاتێکدا بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەو کاندیدە پاکانە، ئەو کاندیدە شایستانە (لەڕوانگەی ئەو جەماوەرەوە کە دەنگی پێداون) نەبێت، ئەو پارتو هێزە سیاسیانە نابنە خاوەن دەنگێکی ئەوتۆ، وەک ئەوەی ئێستا.
بۆیە لێرەوە پێویستە بڵێین، کاتی ئەوە هاتووە کە کورسییەکانی ناوەندی دەسەڵات بۆ ئەوانە چۆڵبکرێت کە خاوەن ماڵی ڕاستەقینەنو پەیداکەری دەنگن بۆ هێزە سیاسییەکان.

hotmail.com@Arei١٩٧٦

# ڕەوابوونی جیهاد بۆ سەرخستنی موسڵمانانی فەڵەستینو تۆپبارانکردنەکەی ئێران

## بەدواداچوونێکی کۆمەڵناسیانە

ئاسۆ بیارەیی

ئیسلامی سیاسی یەکێکە لەو هێزە بەتوانایەی کەزۆرجار تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەهەرەوەزێکی پتەودا لەخۆی ئاوێتە دەکاتو تاڕادەیەکی باش بەو جۆرەی بیەوێت بەکاریان دەباتو لەئامەنجەکانیدا سود لەوزەیان وەردەگیرێت. بۆ؟ چونکە ئیسلام ساڵانێکی دێرینە خاوەن ئەو پێکهاتە دەروونیو کۆمەڵایەتییەیە، ئەو ڕێکخستنە گیانییە کە بەکۆمەڵێک یاسای دیارو نادیار ژیانی ئەو میللەتانە دەبات بەڕێوە. لەبیریش نەچێت لەهەمانکاتدا هێزێکی ئابووری قەبەو دەوڵەمەندی هەیە کەدەتوانێت کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبێت لەبازاڕی ناوچەکەو جیهان. بایکۆتکردنی شتومەکی دانیمارکی بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی پێغەمبەر باشترین نمونەیە لەهێزی ئابووریو کۆمەڵایەتی ئەو ئاینەو ڕابەرەکانی.

ئیسلامی سیاسی کوردی، ئەو سودوەرگرتنە، بەپێچەوانەی ئیسلامی سیاسی تورک، فارسو عەرەب، کەبۆ بەهێزکردنو سەروەری نەتەوەیی خۆیان بەکاریدەهێنن، لەسەر هەردوو ئاستەکە ناوخۆییو دەرەکی، توانای کۆمەڵگەی کوردیان کردووەتە هێزێکی ئەفسانەییو لەبن نەهاتوو، پەیوەست بەداگیرکەرانی کوردستانەوە بۆ سەرخستنی دۆزەکانی ئەوان. هاودەنگی بۆ فەڵەستینو سەیرکردنی جولەکە وەک دوژمنێک، زیندووترین نمونەیە لەئەجەندەی کاری هێزی ئیسلامی سیاسی کوردستان (بڕوانە سایتەکانی کۆمەڵو یەکگرتووی ئیسلامی بۆ نمونە). ئەو هێزانە وا خۆیان بە بەشێکی ئیسلامی سیاسی عەرەبی، فارسیو تورکی دەزانن، هەروەک بەرەچەڵەکو خزمایەتیو لەڕیشەی مێژووییەوە کورد نەبنو عەرەب، فارس یان تورک بن، ئەو گریمانەیەش دوورنییە، پرسیار، جیاوازی نێوان مردنی موسڵمانێکی کوردو عەرەب چییە؟، ئەگەر لەڕووی مرۆڤایەتیشەوە سەیربکرێن، هەردووکیان مرۆڤن، ئەوان (ئیسلامی سیاسی کوردی) بەزەقی ئەو جیاوازیە دەکەن. تاڕادەیەکی بەرچاو هەمان هەڵەی هەندێ پارتی کۆمۆنیستو چەپ دەکەنەوە کە لەنێوان کۆمۆنیستێکی کوردو فارس یان تورک جیاوازی دەکەن. لێرەدا شایەنی بیرهێنانەوەیە کە بەدەها مەلاو ئاینپەروەری نەتەوەیی کوردییش هەیە کە بەدڵەوە سەردەستەییو زاڵبوونی ئیسلامی شۆڤێنییان پێ ناخۆشەو بەئاگان لەوەی کەچۆن ناسیۆنالیزمی ئەو نەتەوە سەردەستانە خۆی خزاندووەتە ناو ناوەندە ئیسلامییەکانو دژایەتی دۆزی میللەتی کورد دەکەن.

ئەو ئەجەندە شاراوە کامەیە کەئیسلامی سیاسی کورد ئامادەیە جیهاد دژی جولەکە بکات، بەڵام بێدەنگە لەپرۆسەی ئەنفالو سوتاندنی سەدەها مزگەوتی کوردی موسڵمان؟ ئەردۆغانێکی تۆرانی ئامادەیە بەرگری لەکۆمۆنیستێکی تورکیش بکات، هەرچەندە لەبیرو باوەڕیشدا دژێتی، ئەوەش لەبەر ئەوەی کەتورکە. ئەی ڕابەرانی ئیسلامی سیاسی کورد بۆ هێندە بەنزم سەیری موسڵمانانی کورد دەکەنو تەنانەت گوێ بەو بێ ڕێزییە نادەن کەتورکو فارسو عەرەب بەمزگەوتو خاکی موسڵمانی کوردی دەکەن. ئەوان ئامادەن جیهاد لەدووری سەدەها میل لەکوردستان دژی جولەکە بکەن، بەڵام ئاخوندەکانی ئێران ماوەیەکە مزگەوتی کورد دەسوتێنن، ئاخۆ ئەو مزگەوتانەش بەپارەی جولەکە دروستکرابن یان قورئانەکان لەئۆرشەلیم چاپکرابن؟ بۆیە ئەو گریمانەیە تاڕادەیەک ڕەنگە دروستبێت، کەهەندێ لەسەرکردەکانی ئیسلامی سیاسی کورد بەسەجەرەو وەچە عەرەب یان تورک بوونو ئەمڕۆ لەڕووی دەروونی-کۆمەڵایەتییەوە خۆیان بەکەم بزاننو هەست بەشەرم بکەن، بەرگری لەموسڵمانانی کورد بکەنو سەروەری عەرەبیان لای پیرۆزتر بێت تاکو نەمانو کوشتنو سوتاندنی خاکی کوردان. ئەدی بۆ بێدەنگن؟

لەڕووی مێژووییەوە عەرەب تەنها لەباشووری فەلەستین، بەرێژەیەکی کەم بوونی هەبووە ئەو بوونەش لەڕێگەی بازرگانیو ئاڵوگۆڕو کۆچکردنەوە پەیدابووە، هەموو شوێنەوارە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن کەزۆربەی خاکی فەڵەستین هی جولەکەو فەلەکانە، بەڵام عەرەب تا ئەوپەڕی باکووری ئەفریقا بەهی خۆی دەزانێت، ئەوە شێواندنی مێژووە، لەوەش هەڵەتر ئیسلامی سیاسی کورد بەرگریو چاوپۆشی لەدڕندەییو ناهەقی عەرەب دەکات بەرامبەر بەگەلانی تر، لەوانە گەلی کورد، هەروەک ئەوەی ئەو نەتەوە داگیرکەرانە بەهەشتی یەکسانیان بۆ کورد هێنابێتەدی.

ئەگەر ئەو گریمانە ڕاست دەربچێت، کەهەندێ لەکەسێتی هێزی ئیسلامیو سیاسیو شێخ لەکوردستان بەرەچەڵەک عەرەب بوونو بۆ غەزاو موسڵمانکردنی کورد لەکوردستان نیشتەجێ بوون، ئەوا ئەو هێزە ئیسلامییانەی کەجیهاد دژی ئیسرائیل دەکەنو ئامادەن خەڵکی سیڤیلو بێ گوناحی جولەکە فڕێبدەنە ناو دەریاوەو شان بە شانی شۆڤێنییەتی ئیسلامی سیاسی عەرەبی شەڕی وڵاتی دی بکەن، مافی خۆیانە بەرگری لەهەڵوێستی خۆیان بکەنو ئیدی دژی گەلێکی وەک کورد بن کەدەیەوێت پارچەیەک لەخاکەکەیان ببچڕێت.

جیهادکردن بۆ سەرخستنی داگیرکەران لەو وێنەیەدا، لەو گریمانەیەدا، کارێکی ڕەوایەو هەقەو لەدۆزێکی وادا پێویستە ئیسلامی سیاسی کوردی کۆششی بۆ بکاتو بۆ نمونە ئۆرشەلیم بڕوخێنێتو قودس دووبارە دروستبکاتەوە. ئەگەر ئیسلامی سیاسی کورد ئەو هاودەنگییە نەکەن بۆ برا شۆڤێنی ئیسلامییە عەرەبەکانیان، دەچنە خانەی خیانەتو ئاین فرۆشییەوە. هەمان هەڵوێستی هەندێ پارتی کۆمۆنیستی لەسەدەی پێشوودا..

بەدرێژایی مێژوو، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، ئیسلامی سیاسی کوردی سەلماندوویەتی کەبۆ ڕەچەڵەکی عەرەبی خۆی بەوەفایەو تا بۆی بکرێت ئەو پێوەندییە دەروونی-کۆمەڵایەتییە ناپسێنێتو ناکەوێتە داوی دروشمی گەلێکەوە (گەلی کوردەوە) کەتێیدا تەواوەتەوەو نازناو، زمان، بەرگو فەرهەنگی بەناچاری هەڵگرتووە. لێرەدا پێویستە دیسان ئاماژە بەتورکمانەکانیش بکرێت، کەئەوانیش لەبەر ئەوەی خۆیان بەدرێژەی تورک دەزانن، زۆرکەم ئامادەن بۆ سەرخستنو هاودەنگی لەگەڵ دۆزی کورد. لێکچوونی نێوان هەندێ ئیسلامی سیاسی کوردیو تورکمانەکان لەوەدایە کەهەردوولا کۆکن لەسەر ئەوەی کەدەبێت گەلی کورد ژێردەستە بێتو سامانی نەتەوەیی لەنێوان خۆیاندا دابەشبکەن، هیچیان ئامادەنین هاوکاریو هادەنگی بنوێنن بۆ سەرخستنی کورد، هەر بۆیەش جیهاد لەپێناوی حەماسو بەرزراگرتنی شێخو ئەمیرەکانی عەرەبو تۆرانییەکانی تورکیا بەئەرکێکی هەنوکەییو دواڕۆژی خۆیان دەبینن.

ئیسلامی سیاسی کوردی، وەک ئاماژەم پێدا زۆرجارو بەتایبەتی لەو دۆخانەدا کەدۆزی کورد بۆنی پیرۆزی نەتەوایەتی لێهاتووە، (بڕوانە شۆڕشی شیخ سەعیدی پیران لەباکووری کوردستان ساڵانی ١٩٢٢-١٩٣٢) هاوکێشەکەیان بۆ شکاندنی ئەو بزووتنەوانە بەکارهێناوە. لەهەمانکاتدا دەیتوانی ببێتە سەکۆو هێزێکی بزۆزی پێشڕەوتی نەتەوایەتیو ئەو گیانە ئاشتەوایی و ئازادییە بکاتە ئامانجی هەموو تاکێکی کورد. بەکارهێنانی وزەی گیانی کۆمەڵگەی کوردی لەهەرەوەزێکی پتەودا بۆ سەرخستنی داگیرکەرانی کوردستان، گەورەترین زیانی مێژوویی لەیەکبوونی نەتەوایەتی کوردی داوە. ئەم بۆچوونە وەک فاکتەری ناوخۆی تۆکمە کەئەگەر ئیسلامی سیاسی کوردی بیەوێت دەبێتە سودمەندترین هاندەر بۆ ناساندی گەلی کوردستانو ڕاکێشانی سۆزو هاودەنگی گەلانی موسڵمانی ناوچە بەلای گەلی کورددا، کەئەگەر تائێستاش نەکراوە، ئۆباڵی یەکەمی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو هێزە ئیسلامییە سیاسیانەی کەدوێنێو ئەمڕۆ پردێکی پێوەندی پتەویان هەیە لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامییە جیهانییەکانی دی. ئیسلامی سیاسی کوردی، بەتایبەتی لەباشووری کوردستاندا ئەگەر کەمێک هۆشمانداندەو نەتەوایەتیانە سەیری دۆزی کورد بکەن، دەبنە ئەو لا باڵە بەهێزە کەداگیرکەرانی کوردستان سەنگیان بۆ دابنێن.

> بەدرێژایی مێژوو، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، ئیسلامی سیاسی کوردی سەلماندوویەتی کەبۆ ڕەچەڵەکی عەرەبی خۆی بەوەفایەو تا بۆی بکرێت ئەو پێوەندییە دەروونی-کۆمەڵایەتییە ناپسێنێت

# ڕێبازەکانی خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی دەق

بەشی سێهەمو کۆتایی
ئاری عوسمان خەیات
arikhayat@yahoo.com

دووەم/ ڕێبازی ناوەکی دەق

ئەم ڕێبازە، زیاتر لەلایەن بونیادگەرە ئەمریکییەکانو فۆرمالیستە رووسەکانەوە بایەخی پێدراوە. بەپێچەوانەی ڕێبازی دەرەکی دەق، گرنگی بەدەقەکە دەداتو نووسەرەکەی فەرامۆشدەکات. بەجۆرێک لەجۆرەکان نووسەرو دەق لێکدادەبڕن، بەوەش وتە بەناوبانگەکەی (ڕۆلان بارت)مان دێتەوە یاد، کە وتوویەتی "لەدایکبوونی دەق، پابەندە بەمردنی نووسەرەوە". ئەوە مانای وایە دەق بونیادێکی داخراوی هەیەو واتای بەخۆی تەواو دەبێتو پێویستی بەسەرچاوەی مێژوویی‌و سیاقی دەرەکی نییە.

بەپێی بۆچوونی لایەنگرانی ئەم ڕێبازە، دەقی ئەدەبی، جیهانێکی سەیرەو هیچ پەیوەندییەکی بەجیهانی دەرەکییەوە نییە. ئەم قوتابخانەیە گرنگی بەچەمکی ناوەوەی دەق دەداتو دەق لەهەموو ڕەهەندەکانی نووسەرو مێژوو گرنگترە.

"واتا ڕەهەندو مێژووی لەیەکتر دابڕیوە، بەڵکو دەبێت دەق وەکو بنیاتێکی زۆر گرنگ لەهەموو هۆکارێک شی بکرێتەوە. لەبارەی ئەم بیرۆکەیەشەوە (رینی ویلک) دەڵێ "دەق بنیاتێکی زمانەوانییەو سیستمێکە لەهێما، ناتوانم بڵێم ئەدەب تەنها زمانەو هیچی تر". ئەمەش مانای هەڵوەشاندنەوەی ڕۆڵی داهێنانی نووسەر دەگەیەنێو لەهەمانکاتیشدا فەرامۆشکردنی ڕۆڵی خودی مرۆڤە لەمێژوودا، چونکە ئەوەی ڕۆلان بارت دەیڵێ، جەختکردنە لەسەر دەسەڵاتی تاک، هەروەک (فازڵ سامر)ی ڕەخنەگر وتویەتی "بەهیچ شێوەیەک ناتوانین بەرهەم لەنووسەر دابماڵین"، ئاماژەیش بەوتەکەی ڕۆلان بارت دەکات، کەویستوویەتی دەق بگەڕێنێتەوە بۆ ناو خودی دەق، نەک گرێدانی بەسەرچاوەی دەرەکییەوە. هەروەها فازڵ سامر وتوویەتی"نەخوێندنەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی‌و سۆسیۆلۆژی‌و مێژوویی‌و تەنها جەختکردنەوە لەسەر ناوەوەی دەق، یەکێکە لەهەڵەکانی بونیادگەرییە توندڕەوەکان" (١)

تیۆری ئەم ڕێبازە وای بۆ دەچێ، کەواتای دەق لای نووسەری دەق نییە، بەڵکو واتا لەنێو خودی تایبەتمەندییە شێوەیی‌و بونیادییەکاندایە، کە ئەو تایبەتمەندیی‌و بونیادانەش، لەناوەوەی دەقدا، وەک کلیلگەلێکی نەگۆڕ کار دەکەن لەپێناو یەکە ئیستاتیکییە بەسەرخۆ داخراوەکاندا.

"لێرەشدا پرۆسەی خوێندنەوەی داخراو Close Reading دێتە گۆڕێ، کەدەق وەک یەکەیەکی سەنترالیزمی تەواوکار لەپێشینەکانی خۆی دابڕ دەکات، بۆئەوەی بگاتە وەڵامدانەوەی جفرە سەربەخۆکانی زمانی دەقەکەو شێوازەکانی پێکهاتنی‌و ئاشکراکردنی چنینە ناوەکییەکانی دەقەکە" (٢)

لەخاسییەتەکانی ئەم ڕێبازە ئەوەیە، کەسەرجەم ئەو ئامرازانەی بۆ خوێندنەوەی دەق، پشتیان پێدەبەستێ، ڕاستەوخۆ لەپرۆسەی دەقدا دەردەکەوێت، وەک بنیاتی گێڕانەوەو هونەرەکانی ڕەوانبێژی، یان ئەو بابەتەی بریتییە لەدیالۆگێک لەنێوان خاوەن دەقو مەبەستی دەق.

**لایەنە لاوازەکانی ڕێبازی ناوەکی:**

هەروەک (چارلز برپسلێر) دەڵێ "هیچ تیۆرییەکی تەواو دروستو پڕ بەپێست شک نابەین، چونکە هەر تیۆرییەکی ئەدەبی خۆی لەخۆیداو سەبارەت بەخۆیشی پرسیارگەلێکی بەنرخ لەدەقو لەبابەت دەق دێننە ئاراوە، هیچ تیۆرییەکی ئەدەبییش وانییە ئەو تواناییە لەخۆیدا بەدی بکا، کەسەرپاکی ئەو پرسیارە ڕەوایانەی کەدەبێ لەدەقێک بکرێ، بێنێتە ئاراوە" (٣) بەو مانایەش بێ، ئەوا ڕێبازی ناوەکیش بەدەر نییە لەکەموکورتی‌و بەهەمانشێوە شایستەی ئەوەیە ڕەخنەی لێبگیردرێو لایەنە لاوازەکانی دەربخرێن.

**لەخاڵە لاوازەکانی ئەم ڕێبازەش:**

١. هەڵوەشاندنەوەو کردنەوەی هێماکانی دەق، پێویستی بەلێزانینو کارامەییەکی زۆرە، تا بتوانرێ شیبکرێنەوەو ستراتیژییەتیان بدۆزرێتەوە، چونکە دەق بەپێی هەندێ نەریتی بنەمادار دەنووسرێ، کەڕیشەیان لەنێو هەقیقەتە کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری‌و بابەتییەکاندایە، کەپێشتر لەسەری ڕێککەوتووین.

٢. زانینی واتاکان، پێویستیان بەلێهاتوویی‌و وریایی هەیە، چونکە وەڵامدانەوەو وەرگرتنی بنەماکانی دەق، بەشێوەیەکی ناوەکی کاردەکەنو دەبزوێن، لەکاتێکدا بەشێوەیەکی دیاریکراوی نەگۆڕ دەردەکەون.

٣. توانستی دەق بۆ شرۆڤەکاری، بەپێی یاساوڕێسا دیاریکراوەکان، یەکلایەنە دەبێت، لەکاتێکدا فرە شرۆڤەکاریی، یەکێکە لەپێوانەسازەکانی سەرکەوتوویی دەق.

٤. یاساکانی خوێندنەوەو نەریتەکانی شیکاری ئەدەبی بۆماوەییەو لەڕووی زانستی‌و ئەکادیمی‌و کۆمەڵایەتییەوە، لەسەری ڕێککەوتوون، بۆیە لەگەڵ هەر گۆڕانێکدا لەپێوانە کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیرییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکدا،لەهەر سەردەمێکدا، ئەوا یەکاویەک واتاکانیش گۆڕانیان بەسەرا دێت. بۆیە لەدەقدا واتاکان چەسپاو نین، بەڵکو لەو ئاوێزانبوونەی زمانو ڕۆشنبیریدایە، کەخوێنەریش تێیدا پشکدارە. (٤)

**پوختەو ئەنجام:**

١. بۆ تێگەیشتن لەدەق وەک چەمک، پێویستمان بەوەیە بگەڕێینەوە سەر ئەو هەوڵە زۆرو جۆراوجۆرانەی لەلایەن پسپۆڕانو زانایانەوە خراونەتەڕوو و قسەیان لێکردووە.

٢. دەق یەکەیەکی تۆکمەو یەکگرتووە، توانای پارچەکردنو دابەشبوونی هەیە، بۆیە دەقە ڕاستەقینەکان هەمیشە نەمرو زیندوون.

٣. دەق هەڵگری پەیامێکە، واتا هەڵگری بابەتو باسێکە، ئیتر ئەو پەیامە ئاینی، ئەدەبی، زانستی.. یان هەر باسێکی لەخۆگرتبێ، گرفتێک نییە.

٤. خاوەنی دەق (نووسەر) لەڕێگەی دەقەوە پەیامی خۆی دەگەیەنێتە وەرگر (خوێنەری دەق). لەنێوان خاوەنی دەقو خوێنەری دەقدا، پەیوەندییەک لەسەر بنەمای بیر یان ئایدیاو هزرێک دێتە کایەوە، کەپێشوەخت هیچ لایەک لەسەری ڕێنەکەوتوون.

٥. هەموو دەقێک خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەتو تایبەتمەندییە، کە وادەکات بەئاسانی‌و بەیەکجار خوێندنەوە لێی تێنەگەین.

٦. بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتن لەڕووخسارو ناوەڕۆکی هەر دەقێک، پێویستمان بەلێزانینو تواناو کارامەییەکی باش هەیە، هاوکات ئارەزوو و سەلیقەش لەپرۆسەی تێگەیشتنی دەقدا، ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن.

٧. بۆ شرۆڤەکردنو لێکدانەوەو لێکۆڵینەوە لەبارەی هەر دەقێک،ڕێبازی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوانیش بریتین لە: ڕێبازی دەرەکی دەقو ڕێبازی ناوەکی دەق.

٨. ڕێبازی دەرەکی دەق گرنگی بەنووسەر دەداتو لەژێر ڕۆشنایی ژیانی تایبەتی نووسەردا، لێکدانەوە بۆ دەقەکەی دەکات، بەڵام ڕێبازی ناوەکی دەق بەپێچەوانەوەیە، چونکە گرنگی بەدەق دەداتو نووسەر فەرامۆشدەکات.

٩. هیچ کام لەڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی دەق، سەد لەسەد لەویتریان باشترو بێکەموکوڕیتر نییە.

١٠. بۆئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی زانستی ڕۆچینە نێو نهێنی‌و وردەکارییەکانی هەر دەقێکەوە، پێویستە بەسوودوەرگرتن لەهەردوو ڕێبازی دەرەکی‌و ناوەکی ئەو پرۆسەیە بەئەنجام بگەیەنین.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

١. د. عەلی تاهیر حسین: ڕەخنەی بونیادگەریی لەتیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨ لا (١٦٦)
٢. د. لمیاو باعشن: نقريات قراوه الذ×، موقع (الجزيره الثقافيه)، فچاوات، العدد (٢٢٨)، ٢٠٠٨/١/٧
٣. چارلز برپسلێر، و: عەبدولخالق یەعقووبی: ڕەخنەی ئەدەبی‌و قوتابخانەکانی،چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٢، لا٢٨٧
٤. د. لمیاو باعشن: نقريات قراوه الذ×، موقع (الجزيره الثقافيه)، فچاوات، العدد (٢٢٨)، ٢٠٠٨/١/٧

# دڵتەنگی

ن: فەرەیدوون ئەرشەدی

دڵتەنگیی
( یەك)

یەسنا
ئاشقان بێ سەروشوێن ڕۆیشتن
کەس نەیزانی خەیاڵی کام ئەستێرە بردیانی .
لێرە یەسنا
خدرو زەردەشت
یادێکن لەتەنیایی دڵی تەنگی مەی نۆشێکدا
ئیتر هیچ کەس باش نازانێ
ڕچەی بەفری یەکشەوە چۆن دەشکێ !
وەرە یەسنا
گریانیش وەك باران
بێ بیانوو خۆشترە .

دڵتەنگیی
(دوو)

بەمەرجێ کەباران نەزانێ پێت دەڵێم:
لەتافی لاویدا باخێکیان نیشانداین
پەپوولە شان بەشان با دەڕۆیشت
گورگ‌و مەڕ پێکەوە شەونمیان دەنۆشی
خاك و ئاو شیعرێکیان دەنووسی بەهاری .
ئاخ یەسنا
ئەفسوونی ئەو خەونە
زۆر کەسی عەوداڵی هەردان کرد
زۆر کەسیش شەکەتو ناموراد هاتنەوەو
قەت خەونیان نەبینی .
بۆئەوەی کەباران فرمێسکت نەبینێ
بەم شیعرە چاوانت داپۆشە!

دڵتەنگیی
(سێ )
ئێواران سۆزی گریانێکی نهێنی
چی قومرییە دەهێنێتە ئەم حەوشە .
مەگەر تۆ بتوانی پەردەکە لادەیتو بۆم بڵێی
کێ سۆز دەکاتو
چەن قومری هێشتا نەهاتوون !
ئاخ یەسنا
حەوشێکی پڕ لەقومری
سۆزێكو
ترسێکی نهێنی،
ئەمانەن سەروەتو داراییم !

دڵتەنگیی
(چوار)

با بوو یەسنا
بایەکی ڕەش
نەمانوێرا لەپەنجەرەی ئێوارەوە باش بڕوانین.
زریان بوو
نەمانزانی لەکوێ مشتێ خاك هەڵگرین
بۆنی کۆترو
شوێن پێی ئەستێرەی لێوە بێت
وەرە یەسنا
لەبەر تیشکی ئەم ئەستێرە سووتاوەدا
خەونی کۆتر ببینە!

دڵتەنگیی
(پێنج)

تۆ نەبووی
هەر تەنیا بەهار بوو هاتوچۆی ئەم حەوشەی دەکردو
سەرچڵی دڵمانی بۆ کۆتر خۆش دەکرد .
لە جاڕی دڕکەوە بایەك هات
ڕەشو ڕووت
دەنووکی کۆترو سەرپەنجەی بارانی دەقرتاند
چارەنووس



یا سەفەر
یا جامی شەوکەران .

دڵتەنگیی
( شەش )

مانگیان برد
لەباتی شتێکیاندا پێمان
نە تریفەی دەباراند
نەش قسەی ئاشقانی دەژنەفت .
ئاخ یەسنا
چی بکەین منو تۆی ڕەنگ زەردو دەربەدەر
منو تۆی خامۆشو ناموراد؟

دڵتەنگیی
(حەوت )

سێبەر دێتو
گوڵ بەرامە دەپرژێنێ
هەور نابارێ
دیواری بەرانبەر تینووە
ئاخ یەسنا
**شەو دەڕوات**
**بەڵام تامی مانگ**
**لەگیاندا دەمێنێتەوە**

# شیعر، وەرگێڕان، خیانەت بەدەق

نووسینی : مارتا-ئاڵ کانفیلد
و: محەممەد هاشمی



وەرگێڕان، وەک خیانەتێک لەدەقی یەکەم، پێگەیەکی گەورەو بەربڵاوی هەیە. «وەرگێڕی خیانەتکار» یان «جوانیی بێ وەفا» لەهەموو زمانەکاندا زاراوەیەکی باوە، زاراوەی یەکەم بەهۆی لادان لەدەقی سەرەکیو دووهەمی بۆ پاساوکردنی «بێ وەفایی» لەبەر جوانی بەکاردەبرێ. بەهەرحاڵ ئەو جوانییەی لەزمانی نوێدا بەدەستهاتووە، هیچکات لەگەڵ دەقی سەرەکیدا بەراورد ناکرێ.

سێروانتس وتەنی «بەرهەمێکی وەرگێڕدراو وەک قاڵییەکی جوان وایە کە بەپشتدا راخرابێت.» گەڵاڵەو رەنگەکەی بوونی هەیە، بەڵام «شتێک» لەدەستچووە، هەر ئەو شتەی کەئەو کاتەی قاڵییەکە هەڵدەگێڕینەوەو دەیخەینە دیوەکەی خۆیدا دەڵێین «ئەها.. ئێستا تەواوە.»

ئەگەر تیۆری زمانی شیعری مالارمەمان بەلاوە پەسەند بێت، شیعر وەرگێڕان هەڵنەگرە. یەکەم هۆکاری وەرگێڕان هەڵنەگربوونی شیعر والری دەگەڕێنێتەوە بۆ جیانەبوونی ماناو ئاهەنگ لەشیعردا. مۆریس بلانچۆت دەڵێت «بونیادو ستراکچری شیعر شتێکی ئەسڵییەو ناکرێ دایبەزێنین... یەکەم تایبەتمەندی شیعر ئەوەیە کەداخراوەو ئەگەری گۆرانییە لەزمانی دووهەمدا نییە.

لەزمانی ناشیعریدا، دەکرێ جەوهەرو ناوەڕۆکی بیرکردنەوە یان مەبەستی سەرەکی نووسەر، بەوشەگەلێکتر دەرببڕین. تەنانەت دەکرێ جۆرێ بەسەریدا زاڵبین کە لەکۆتی زمانێکی تایبەت ئازاد بکرێ. بەڵام بۆ تێگەیشتن لەشیعر بەپێچەوانەی دەقەکانیتر، جۆرێ ملکەچبوون بۆ دەربڕینی تایبەتی شیعری پێویستە. مەبەستی شیعر لەیەک بەیەکی وشەکان، جووڵەو جەختکردنەوەکانی شیعر جیاناکرێتەوە. ئەو کاتەش بمانەوێ ئەم توخمانە لەدەرەوەی شێوەی دەربڕینیانەوە بنووسینەوە، شیعر لەناودەچێت. ناوەڕۆکی شیعر بەتەواوەتی گرێدراوەتەوە لەگەڵ خودی شیعردا. جێرارد جینت جیاوازی نێوان نەسرو شیعری بەمشێوەیە پەسەند نییەو ئەو لایوایە ئەگەر نەسریش ناوەڕۆکەکەی گرێدرابێتەوە بەشێوەی دەربڕینییەوە، یان شێوەی دەربڕین بەیەکێک لەتوخمە سەرەکییەکانی پەیامو ئامانجی دەق بزانین، ئیتر وەرگێڕان هەڵنەگرەو ناکرێ تەرجەمە بکرێتەوە.

بەگشتی وەرگێڕان بە «پێویستییەکی هەڵە» ناوی لێدەبرێ. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، وەرگێڕان کارێکی پێویستە، چونکە ئەو دەرفەتەمان دەخاتە بەردەم کەبەرهەمی نەتەوەکانیترو کلتوورەکانی تر بناسین. کەوایە بەکارهێنانی وەرگێڕان لەچاپو بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکاندا شتێکی پێویستەو تایبەتمەندی فێرکاریشی هەیە. هەرچەن کارکردی فێرکاری وەرگێڕ زیاتربێت، نووسراوە پەراوێزییەکان کاریگەرتر دەبن. وەرگێڕ بەژێرنووسو پەراوێزنووسکردن، هەوڵی ئەوەیە خوێنەر لەو شتە ئاگاداربکاتەوە کە لەنەخوێندنەوەی دەقی یەکەمدا لەدەستیداوە، بەڵام ئەگەر تەنها مەبەستمان بڵاوکردنەوەی بەرهەمێک بێت، دەکرێ پەراوێزەکان هەر نەبن یان زۆر کەم بن. بەمشێوەیە وەرگێڕ بەرتەسکدەکرێتە بەوەی کەوەرگێڕانەکەی بکاتو بڵاویبکاتەوە وەک دەقێکی سەربەخۆ. هەڵبەت شتێکی سرووشتییە خیانەت بەدەقەکە دەکرێ، بەڵام هەندێجار روودەدا دەقی وەرگێڕدراو خۆی لەخۆیدا وەک شاکارێک وایە.

وەرگێڕان سادەترینو لەهەمانکاتدا باوترینی جۆری جێگۆڕکەی ئەدەبییە.

بەگشتی دەکرێ بڵێین دوو جۆری وەرگێڕانی جیاوازو تەنانەت بەجۆرێ ناکۆک هەیە، کەسروشتییە لەنێوان ئەم دوو شێوەدا هەندێ شێوازی تریش هەیە. یەکێک لەم دوو شێوازە گرنگیدانە بەمانای دەق. لەم جۆرەدا کۆمەڵێک وەرگێڕانی نەسریمان هەیە کە بەزۆری لەگەڵ دەقی ئەسڵیدا نایەن، بەڵام بەزۆری بەپەراوێزنووسین کامڵتر دەکرێن.

بەهەرحاڵ ئەم جۆرە وەرگێڕانەش جۆرێ گواستنەوەیە کەلەودا کێشەی تێگەیشتن لەجۆری تایبەتمەندی بونیادو ستراکچەری رستەکان چارەسەردەکرێ. هەندێ لەخوازەکان، بۆ خوێنەر ئاسانتردەبنەوەو وای لێدێت خوێنەر لێیان بگاتو بەرهەمی ئەم جۆرە وەرگێڕانە دەقێکی روونو ئاشکراو فام هەڵگرە، شیعر نییە، بەڵام دەتوانێ رێنوێنێک بێت بۆ خوێندنەوەی دەقی سەرەکی، هەرچەن بەهیچ شێوەیەک ناکرێ جێگای دەقی سەرەکی بگرێتەوە.

شێوازی دووهەم وەرگێڕانی شیعرە کەگرنگیدەدا بەئاهەنگو کێشی شیعر. لەمشێوەدا خیانەتکردن بەمانا، شتێکە کەروودەداو ناکرێ خۆی لێ دوور بگیردرێ.

بێگومان ئەم جۆرە وەرگێڕانە، دەبێ بەهۆی ئەوەی خوێنەری بیانی موسیقایەک وەربگرێت کەوەک مۆسیقای دەقی سەرەکی دەچێت. لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا، زۆر ئیمکانو ئەگەرە بوونی هەیە، کەرەنگە باشترینیان گەڕانێک بێت بەدوای هاوسەنگییەکدا لەنێوان توخمە داهێنەرو پڕماناکانی شیعرو سەرچاوەی گونجاوی زمانی یەکەم. بەشێوەیەک لەرەوتی گواستنەوەدا شتی کەمتر لەناوبچێ.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی کورت باس لەو شتانە بکەین کە لەوەرگێڕاندا لەناودەچن.

سروشتییە مۆسیقای سەرەکی یەکەم شتێکە کەهەست بەلەناوچوونی دەکەین لەدەقی وەرگێڕدراودا.

لەپرۆسەی هەمدیسان خولقاندنەوەدا ئەم بەردەوامی ئاهەنگە لەزمانێکی تردا شتێکی بێ ئەگەرو نامومکینە. بەمەشەوە، کاریگەری شیعر لەدووپاتکردنەوەکان، سەرواکانو گرنگیدان بەزمانی قوتابخانەیی، کەئاسانترە لەزمانەکانی تردا هاوسەنگیان بۆ بدۆزینە، سەرچاوە دەگرێ. زمانی قوتابخانەیی نێونەتەوەیی ترەو لەراستیدا مۆدێرنیستەکان هەموو دەم بەشوێن ئەم زمانەوە بوون. بەهەرحاڵ «ئاهەنگ» و «مانا» لەشیعردا، پێوەندییەکی نەپچڕاویان هەیە. لەبەرئەوەی «ئاهەنگ» گرنگترە لەستراکچەری شیعر، زۆر ئاساییە کاریگەری دەقی سەرەکی لەوەرگێڕاندا (لانیکەم لەبەشێک لەدەقەکە) لەناودەچێ.

نمونەیەکیتر ئەوەیە لەگواستنەوەی زمانێکدا بۆ زمانێکیتر، هەندێ گۆڕان لەستراکچەر، ستایلو وشەکاندا دەکرێ، بەڵام بەمەشەوە، کاریگەری سەرەکی کەنووسەر بەدوایەوە بووە، دەپارێزرێ. کەوایە ئەگەر کاریگەری شیعر بەشێوەیەکی تایبەت بگەڕێتەوە بۆ پرسی ئاهەنگ، وەرگێڕانی دەق شتێکی نامومکینو بێ ئەگەرە. ئەم شتە هەندێ لەشیعرەکانی گارسیا لۆرکا دەگرێتەوە، رەنگە پێوەندی لەنێوان لۆرکای «قەرجی گۆرانیبێژ» و شیعرەکانی رەشی ئانتێلی شتێکی بەرێکەوتو کتوپڕ نەبێت. ئۆرست ماکری رستەی ناسراوی «سەوز تۆی کە بەسەوزی دەمەوێ» بەئیسپانیایی لەوەرگێڕانەکەیدا دەهێنێ. بەهەندێ لەوشەکاندا جەختکردنەوە هەیە کەناکرێ وەربگێڕدرێنەوە (بۆ زمانی ئیتاڵیایی). بۆ وێنە لەزمانی ئیسپانیاییدا لەسەرەتای رستەدا هێمای جەختکردنەوە هەیە، بەڵام لەهەندێ لەزمانەکاندا بەمشێوە نییە.

کەنامەوێ بیبینم (خوێنی ئیگناسۆ بێرشن، لەشیعری ناسراوی شیوەنیک بۆ ئیگناسۆ سانچۆمیخیا)...

چونکە کاریگەری توانجو زاراوە لۆکاڵییەکان لەشیعردا جوانترکردنی مۆسیقایە، وەرگێڕانی ئەدەبی لەم بوارەوە شتێکی بێ ئەگەرو نامومکینە. وەرگێڕ هەندێجار دەتوانێ کاریگەرییەکە بەوشەگەلێکیتر «بخولقێنێتەوە».

لیستەگرتن لەهەموو ئەو شتانەی لەوەرگێڕانێکدا لەناودەچێ ئەستەمو نامومکینە، بەڵام بەدڵنیاییەوە گرنگی سوودەکانی وەرگێڕان شتێکە کەدەبێ باسی لێوە بکرێ. جنیت وتەنی وەرگێڕانی شاکارە ئەدەبییەکان شتێکی پێویستەو تانەنەت هەندێ لەوەرگێڕانەکان خۆیان شاکاری ئەدەبین، هەروەها دەبێ ئەو ئیزنە بدەین بەرۆحی دەق بگوازرێتەوە بۆ زمانێکیتر.

بۆرخس دەڵێت «چوارینەکانی فیتس جرالد (یان وەرگێڕانی فیتس جرالد) لەپێوەندی سەرکەوتووی نێوان دوو پیاودا لەدایکبووە، کەچەندین سەدە لێک دووربوون، عومەر خەیامو وەرگێڕە ئینگلیزییەکەی. ئەو باس لەوە ناکات ئەو کاتەی ئەو چوارینانە بەئیسپانیایی دەخوێنینەوە، پیاوێکی سێهەم پێویستەو ئەو پیاوە باوکی بۆرخس، خۆرخە گیلێرمۆ بۆرخس بووە. رەنگە ئەو شێوەی بۆرخس پێی خۆشبوو بڵێت ئەدەب جەستەیەکی یەکەیەو هەموو نووسەرەکان دەرکەوتەی جیاوازی یەک جەستەو یەک بوونن. هەر بۆیە، لەسەر ئەو باوەڕم بیرمەندێک دەتوانێ وەرگێڕانی شیعر بەچالاکییەکی شەرافەتمەندانەو فێربوونی زمانێکیتر بەباشترین دەربان بزانێت. رەنگە بەگەیشتن بەزمانێکیتر، لەگەڵ بەشێک لەم رۆحە جیهانییەدا ببین بەیەک.

# بەردەکان



ن: ریچاری شیلتۆن
و: مستەفا زاهیدی

پێمخۆشە شەوانی هاوین بڕۆمە دەرەوەو گەورەبوونی بەردەکان ببینم. لامواىە ئەوان لێرە لەناو ئەم بیابانەدا باشتر لەهەر شوێنێکیتر گەشەدەکەن، لەبەرئەوەی گەرمو وشکە. رەنگە لەبەر ئەمە بێت، کەبەردە گەنجەکان لێرە چالاکترن.

بەردە گەنجەکان، دەیانەوێ زیاتر لەوەی گەورەکان بۆیان دیاریدەکەن بجوڵێنەوەو چالاکیان هەبێ. زۆربەی بەردە گەنجەکان حەزێکی دەروونییان هەیە، کەگەورەکانیان بەر لەئەوان بوویانە، بەڵام چەندین سەدەیە لەیادیان کردووە. لەبەرئەوەی بەدیهاتنی ئەم ویستەو حەزە پێویستی بەئاوە، هەر بۆیە هیچکات دەرینابڕن. بەردە کۆنەکان رقیان لەئاوەو دەڵێن «ئاو بوونەوەرێکی بێزارکەرە، هیچکات لەشوێنێکدا نامێنێتەوە بۆئەوەی شتێک فێربێت»، بەڵام بەردە گەنجەکان هەوڵیان ئەوەیە بێ راکێشانی سەرنجی گەورەترەکان لەشوێنێکدا بمیننەوە، هەتا لەبەردەم تۆفانی هاوینەدا بنو شەپۆلی ئاو هەڵیان گرێتو بیانخاتە ناو دۆڵێکەوە. سەرەڕای هەموو ئەو مەترسییانەی لەم کارەدا هەیە، بەڵام ئەو بەردانە پێیانخۆشە سەفەر بکەنو دونیا ببینەنو دوور لەماڵەوە لەشوێنێک سەقامگیر بنو دەسەڵاتی خۆیان سەقامگیر کەن. دوور لەچاودێریو دەسەڵاتی گەورەکانیان، بۆ خۆیان بنەماڵە ساز بکەن.

هەرچەن پێوەندی خێزانی نێوان بەردەکان زۆر پتەوە، بەشێک لەبەردە بوێرەکان سەرکەوتوو دەبن، بەشێکیان برینەکانی خۆیان بەمنداڵەکانیان نیشاندەدەن، تا بیسەلمێنن سەردەمانێک سەفەریان کردووەو کوێرەوەرییو ئاوە گەورەکانیان دیوە. هەرچەن سەفەری هەندێکیان لەپێنج مەتر بەولاتر ناڕوات، بەڵام ئەوەش هەر جۆرێک سەرکەوتنە کە زۆرکەس لێی بێبەرین. هەرچەن تەمەنیان زیاتربێت، سەودای سەفەر لەدڵیاندا کەمتردەبێتەوە.

ئەوی راستی بێت، بەردە کۆنەکان زۆر پارێزکارن. ئەوان هەر جووڵەیەک بەمەترسیدارو تەنانەت بەگوناهیش دەزانن. ئەوان لەشوێنێک سەقام دەگرنو زۆربەیان قەڵەو دەبن. قەڵەوی لەراستییدا هێمایەکە بۆ جیایی.

شەوەکانی هاوین کەبەردە گەنجەکان خەویان لێدەکەوێ، پیرەکان بیر لەپرسە ترسێنەرو جیدییەکان دەکەنەوە. بەچرپە باسی مانگ دەکەن. «تەماشا چ درەوشانەوەیەکی هەیەو چۆن لەم سەری ئاسمانەوە دەڕوات بۆ ئەو سەری ئاسمانو شێوەی دەگۆڕێ.»

ئەویتر دەڵێت «تەماشاکەن چۆن بەرەو لای ئێمە دێتو داوامان لێدەکات شوێنی کەوین.»

بەردی سێهەم دەڵێت «ئەویش بەردێکە شێت بووە».

دەستوور
**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای سولی تێلیگراف
**سەرۆکی ئەنجومەن:** ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811
**جێگری سەرنووسەر:** وریا حەمەتاهیر
**سکرتێری نووسین:** شۆڕش خالید
**بەڕێوەبەری هونەریی:** لوقمان عومەر

# دۆڕاوەکـــان دەچـــنـــە پاڵ بـــەڕازیـــلو ئـەرجـەنـتـیـن

**محەمەد نەجیب**

دوابەدوای چوونەدەرەوەی هەڵبژاردە بەهێزەکانی وەک فەڕەنساو ئیتاڵیاو ئینگلتەرا لەمۆندیال، هاندەرانی ئەو هەڵبژاردانە خۆیان هەڵواسیوە بەهەڵبژاردەکانی تری وەک بەڕازیلو ئەرجەنتینو پرتوگال.

هەندێک لەهاندەران ئاماژە بەوە دەدەن بەهۆی تۆڵەسەندنەوەوە بوونەتە هاندەری ئەو هەڵبژاردانە، هەندێکی تریشیان بەپێچەوانەوە بەهۆی ئەوەی دووبارە تووشی دڵتەنگی نەبنەوەو مۆندیال بەدڵخۆشی بەڕێبکەن، بوونەتە هاندەری ئەو هەڵبژاردانەی لەقۆناغەکانی دوایی مۆندیالدا ماونەتەوە.

تاهر سەلیمی ٢٦ ساڵ، هاندەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا وتی "پاش کردنەدەرەوەی ئینگلتەرا، بوومەتە هاندەری هەڵبژاردەی بەڕازیل، چونکە تەنیا بەڕازیل لەدوای ئینگلتەرا بەشایستەی دەزانم".

ئەو هاندەرە ئەوەشی وت "کرانەدەرەوەی هەڵبژاردەکەم، ئەوەندە بێزارو دڵتەنگی کردم، بۆیە نامەوێت دووبارە ببمەوە بەهاندەری هەڵبژاردەیەک کەدووبارە دڵتەنگم بکاتەوە، لەبەرئەوە بەڕازیل توانای ئەوەی هەیە کەمۆندیال بباتو دڵخۆشمان بکات، ئەگەر ئەڵمانیاش کەوتە بەرامبەر بەڕازیل، تۆڵەی ئینگلتەرای لێبکاتەوە".

هەندێک لەهاندەران بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە بوونەتە هاندەری هەڵبژاردە نوێیەکان، تەنیا بۆئەوەی رووبەڕووی هەردوو هەڵبژاردەی ئەرجەنتینو بەڕازیل بوەستنەوە.

سەعد عەینەدین ٢٣ ساڵ، کەهاندەرێکی سەرسەختی هەڵبژاردەی فەڕەنسایەو لەپاش کرانەدەرەوەی هەڵبژاردەکەی ئێستا بووەتە هاندەری هەڵبژاردەی پرتوگال، وتی "بۆیە بوومەتە هاندەری پرتوگال، چونکە هەڵبژاردەیەکی زۆر بەهێزەو دەتوانێت رووبەڕووی هەردوو هەڵبژاردەی بەڕازیلو ئەرجەنتین بوەستێتەوە".

سەعد ئەوەشی وت "من زۆر رقم لەو دوو هەڵبژاردەیەیەو تەنیا پرتوگال دەتوانێت بەرامبەریان بوەستێتەوە، بۆیە ناکرێت لەمۆندیالدا هەڵبژاردەکەت بکرێتە دەرەوەو تۆش نەبیتە هاندەری هەڵبژاردەیەکی تری بەهێز".

هەندێکیتر لەهاندەرانی هەڵبژاردە نوێیەکان بەپێچەوانەی ئەوانی ترەوە، مەبەستیان ئەوەیە کەدووبارە تووشی خەفەتو دڵتەنگی نەبن.

شەماڵ خزری ٢٧ ساڵ هاندەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیاو هاندەری ئێستای هەڵبژاردەی ئەرجەنتین وتی "ئێستا هاندەری ئەرجەنتینم، چونکە ئەو یارییەی کە لەئیتاڵیا دەمبینی، لەئەرجەنتین دەیبینم، چونکە یاریزانی باشی تێدایە، بۆیە ئەگەر هاندەری ئەرجەنتین بم، باوەڕناکەم ئەم مۆندیالە خەفەت بخۆمو بکرێتە دەرەوە".

شەماڵ ئاماژەی بەوەدا هەرچەندە مۆندیال هەڵبژاردەی بەهێزی تێدا ماوە، بەڵام تاموچێژی وەک یارییەکانی سەرەتا نییە، کەتۆ خۆت ئامادەدەکەیت بۆ هەڵبژاردەکەت کەببێتە پاڵەوان، بۆیە کەدەردەکرێت دەبێت جارێکیتر خۆت بەهەڵبژاردەیەکی دیکەوە هەڵواسیت".






## دەلاقە

**بەیان عەزیزی**

# ئـــارەزووی خـــاکو وڵاتـێـکـیـتـر

خاڵی١٣ی بەیاننامەی مافی مرۆڤ، ئاماژە دەکات:١- هەرکەس مافی ئەوەی هەیە کە لەهەر وڵاتێکدا بەئازادی هاتوچۆ بکاتو شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی هەڵبژێرێت. ٢- هەرکەس مافی ئەوەی هەیە کەهەر وڵاتێکو تەنانەت وڵاتی خۆی بەجێبهێڵێ یا بۆ وڵاتەکەی بگەڕێتەوە.

ئەمڕۆکە چەندین ملیۆن مرۆڤ هەن کە لەشوێنی لەدایکبوونو وڵاتەکەی خۆیان هەڵکەندراونو لەسەودای ژیانێکی باشتر یان بەزۆر رەوانەی وڵاتێکیتر کراون. ئەمانە کێن؟ ئەوان چەند دەستەنو دۆخیان جیاوازە؟

### کۆچبەر (Migratory)

ئەو کەسەیە کەبێئەوەی وڵاتەکەی لەدەستبدات یان نەتوانێ بگەڕێتەوە، بۆ بەدەستهێنانی هەلومەرجێکی باشترو سەرتر لەدەرەوەی وڵات هەوڵدەداتو بۆ ئەم کارە، چەند وڵاتێک دەستنیشاندەکات. پاشان بەپێی سەرمایە، خوێندەواری یان کارامەیی لەلقێکی تایبەتدا، وڵاتێک داوای هاتنی لێدەکات. لەم پرۆسەیەدا زۆربەی کۆچبەرەکان لەوڵاتانی جیهانی سێهەمەوە بەرەو وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا بەڕێدەکەون. ئەوان کەسانێکن هەرکات بیانەوێ، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ نیشتمانی خۆیانو لەوڵاتی دووهەمیشدا زۆرجار سەرکەوتوو دەبن. بەپێی ئامارەکانی UN ئێران زۆرترین ژمارەی کۆچبەری هەیە. تەنیا لەوڵاتی ئەمریکا پتر لە ٩٥٠ هەزار کۆچبەری ئێرانی دەژین.

ئەم کەسانە زۆرجار لەوڵاتی خۆیان بارودۆخێکی خراپیان نەبووەو بەگەڕەنتیی پارە یان زانستی خۆیان توانیویانە بگەنە دەرەوەو ژیانێکی باش بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. باری ئابووریو پارە رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لەپرۆسەی جۆری وڵاتو کۆچبەریدا. ئەمانە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەیان، بەڵام حەزدەکەن لەوڵاتی دووهەمدا بمێننەوە.

### پەنابەر (Refugee)

رەوتی پەنابەریی بۆ یەکەمجار لەسەدەی بیستەمدا شکڵی گرت، لەکاتی شەڕە جیهانییەکاندا خەڵک لەوڵاتانی خۆیاندا ئەمنییەتی گیانیو ئابوورییان نەدەماو پاشان روویاندەکردە وڵاتانیتر. لەکاتی کوشتارەکەی هێتلەردا، پەنابەریی هەزاران جولەکە لەوڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاداو پاشان دەیان نەتەوەیتر بۆ بەدەستهێنانی ژیانی باشتر،نمونەیەکی بەرچاوی ئەم جۆرە ژیانەیە.

لەساڵی ١٩٤٧چەند ملیۆن هندی موسڵمان بەرەو پاکستان رۆیشتنو بەپێچەوانەوە چەند ملیۆن پاکستانی بەرەو هندستان رێکەوتن. لەم رەوتەدا بەگشتی ١٨ ملیۆن کەس پەنابەرییان لەهندستانو پاکستان وەرگرت، کەئەمە گەورەترین رەوتی پەنابەرییە لەمێژوودا. وشەنامەی (بریتانیکا) ئاماژە دەکات کەپەنابەرانی وڵاتانی ئیسلامی، بەشێکی هەرەزۆری پەنابەرانی جیهانن.

لەمبارەوە کومیسارپای بەرزی پەنابەران لەنەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاندووە کەتەنیا لەنیوەی دووهەمی ساڵی ٢٠٠٧ نزیکەی ١٩ هەزارو ٨٠ عێراقی لە ٣٦ وڵاتی ئەوروپا، داوای پەنابەرییان کردووە. بەگشتی دوو ملیۆنو ٢٠٠ هەزار پەنابەری عێراقی لەسەرتاسەری جیهاندا هەن، کەگەورەترین ژمارەی پەنابەرانی جیهانن (ئاماری سایتی کۆمەڵناسانی بێسنوور ٢٠٠٨). ئەوان لەبەر شەڕ، نا ئەمنی، تەقینەوەو لەکاتی دیکتاتۆریەتی سەدامدا عێراقیان بەجێهێشتووە، بەڵام بەشێک لەو پەنابەرانە کەکوردن، ئێستا هەڕەشەی گەڕاندنەوەی زۆرەملێیان لەسەرەو ئەمە دژ بەمادەی ١٣ی مافی مرۆڤە. ئەفغانییەکان دووەەمین ئاپۆڕەی پەنابەرن لەجیهانداو لەدوای ئەوان چینییەکان.

پەنابەرەکان زۆربەیان گرفتو کێشەی هاوسانیان هەیە، بەڵام گرنگترینی ئەوەیە کەخۆیان وڵات هەڵنابژێرنو هەر کوێ وەریانبگرێت، رووی تێدەکەن. ئەوانەی پەنابەری سیاسین هەرگیز ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەیان، مەگەر لەکاتێکدا کەحکومەتی وڵاتەکەیان گۆڕانکاری بەسەردا بێت. ئەم پەنابەرانە لەسەرەتاوە وڵاتی نوێ بە بەهەشت دەزاننو بەئامێزیکراوە بەرەو رووی دەچن، بەڵام پاش ماوەیەک کێشەکان سەرهەڵدەدەن.

### ئاوارە (Vagrant)

ئاوارەبوون بەرزەخێکە کەمرۆڤ لە دۆزەخی وڵاتی خۆی هەڵدێتو ئاواتەخوازی گەیشتن بە بەهەشتی وڵاتێکی ترە. ئاوارەکان ئەو کەسانەن بەهەر هۆیەک نەیانتوانیوە بگەنە وڵاتێکی خوازیارو لەسنووری نێوان دۆزەخو بەهەشتدا دەژین، کەمپەکان، ئۆردوگاکان لەهەموو شوێنێکی جیهاندا هەن. لەئێران بۆ ئەفغانییەکان، لەعێراق ئۆردوگای رومادی بۆ ئێرانییەکان، لەتورکیاو یۆنان بۆ ئێرانیو عێراقییەکان، لەئیتاڵیا بۆ تورکو قوبرۆسییەکانو لەوڵاتی هۆڵەندا بۆ پەنابەرانی ئەفریقایی. بارودۆخی ئەوان ئێجگار مەترسیدارە. ئەم ئاوارانە هاووڵاتی هیچ کوێ نینو وەک با سەرگەردانی خاکە جیاوازەکانن. لەم ژمارە ئاوارەش ژنانو منداڵان زۆرترین ئاوارەکانی جیهانن کەبەردەوام قاچاخچییەکانی مرۆڤ، برسێتی، هەژاریو نەخۆشی هەڕەشەیان لێدەکات.

ئەوان بەئاواتەوەن ببنە پەنابەر، پەنابەرەکان خەون دەبینن کەکۆچبەرێکنو ئەوەندەی نەماوە بڕۆنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. بەڵام کۆچبەرەکان لە چ خەونێکدان؟